


سەرنووسەر: ک.د.ئازاد

کاناڵی تێلگرامی:@Le_Daweni_Arbebawe

ساڵی دووهەم - ڕێبەندانی ٢٧٢١



چەند کەس لە شاعیران و نووسەرانی **ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە** ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی

| ناو: نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هونەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئیلام. کامران ڕەحیمی | مادی ناوەڕاست، شێوەزارێکی نەناسراو | ٢ |
| مەهاباد. محەممەد ئەحمەدیان، نووسەر و لێکۆڵەر | بەبۆنەی کۆچی دوایی سەید نەجمەددینی ئەنیسی | ٤ |
| بۆکان. ئاسۆ ـ سەقز.کامیل موحەممەدجانی ـ بیجاڕ. جەمشید فەرەجوەند فەردا | شێعر ـ وێنەی زیرەک | ٧ |
| مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان؛ زمانناس و توێژەر | ئاخۆ مەلای ساڵی ساڵانی کوردەواری چلۆن بوون؟ | ٨ |
| مەریوان. جەمال ئیمانی | چیرۆکی مینیماڵ | ١٠ |
| مەهاباد. سووتاو ـ سنە. ڕەحیم لوقمانی | شێعر | ١١ |
| سنە. پژمان حەبیبی | تێبینییەک لە سەر وتاری ئەم دواییەی مامۆستا شێرزاد حەسەن | ١٢ |
| سەردەشت. ڕەسووڵی قادری | ژیاننامەی هونەری ڕەسووڵ قادری | ١٣ |
| مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی | تکایە با مرۆڤ بین | ١٤ |
| لەیلاخ. مام خەیال ـ بۆکان. ئاسۆ ـ مەهاباد. شاهۆ موکریانی | شێعر | ١٥ |
| سەقز. پشکۆ یاسینی ـ مەهاباد. وەفایی ـ مەهاباد. موحیب مەهابادی | شێعر ـ وێنەیەکی مێژوویی | ١٦ |
| سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی | شێعر | ١٧ |
| مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان | قانع؛ قوتابیی حاجیقادری پێشەنگ و، مامۆستای پەشێوی پێشڕەو | ١٨ |
| ئیلام .رودوس فەیلی ـ مەهاباد .ژیار ـ سەقز. "هاوار" ـ بۆکان. هادی خودایی | شێعر | ١٩ |
| بانە. شەیدا ئەحمەدی | ژیاننامەی سەلاحەدینی ئەیوبی | ٢٠ |
| بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی | هەرەوەز | ٢٢ |
| پاوە،مەحەممەد ڕەشید ئەمینی ـ پاوە،مۆمن یەزدانبەخش | شێعر | ٢٣ |
| هەورامان. نەبەز ڕۆژگار | لەمێردینەوە تا ستکهۆلم، لەگەڵ جگەرخوێن | ٢٤ |
| دێولان .ح - ڕەنجبەر | لە خوارەوەی شار... | ٢٥ |
| هەولێر. سەعدوڵڵا نووری ـ مەهاباد. محەمەد سەلیم عەبباسی | شێعر | ٢٦ |
| بانە. ئامینە عەزیزی | سەیدی بەرزەنجە | ٢٧ |
| دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی | شێعر | ٢٨ |
| بۆکان. پەروین.نازری ـ بۆکان. ناتق مەجیدی(سۆران) | شێعر | ٢٩ |
| سەردەشت. بناوێ. خەمبار ـ سەقز، ژاکاو ـ بانە. کەوسەر خوداپەرەست | شێعر ـ دارئەرخەوان | ٣٠ |
| سەقز. عەتا ساڵح پوور ـ سەقز. مریەم یەتیمی | شێعر | ٣١ |
| مەریوان. جەمال ئیمانی ـ سەقز.ئازاد سەید ئیبراهیمی | کورتەچیرۆکی: "خۆشەویستی" ـ شێعر | ٣٢ |
| سنە. پ.ڕ.سایدا ـ بانە. ئاودێر | شێعر | ٣٣ |
| بۆکان برایم جەمیانی ـ بروجرد. سەعید فەلاحی (زانا کۆردیستانی) | شێعر | ٣٤ |
| سەردەشت. سابیر پێتووڕشی | هەرەوەز | ٣٥ |
| بانە. قادر خدر زادە | زەڕینی بێ وادە ـ مامۆستا هەژار و وتەیەک | ٣٦ |
| بۆکان. هیدایەت ئازەری "خەمبار" ـ بۆکان. ڕێ زان | شێعر | ٣٧ |


## بەرهەمی شاعیرانی لاو


| | | |
|---|---|---|
| مەریوان. حەمزە دەستوور ـ بۆکان. میلاد مستەفەوی ـ بانە. چرۆ | شێعر | ٣٨ |
| مەریوان. مەرزییە خاکی | کەمئەندامبوون بێ سنوورە | ٣٩ |
| پاوە،مۆبین ئەحمەدی ـ ئاڵۆت. مناف قادر پور ـ مەریوان .لوقمان پووررۆستەمی ـ بانە. ئارمردە. ڕامین فەرەجی | شێعر | ٤٠ |
| نەغەدە. ئیلاهە دەشتی | تەنیا هیوایەتی ئەوە بوو سەر و سمێڵی هەبێ.... | ٤١ |
| سەردەشت. ئەوین ڕەحمانی ـ بۆکان.«ساکۆ» ـ بۆکان. داشبەند. سروە سۆفی ـ بانە دڵنیا | شێعر | ٤٣ |
| بانە. بەیان خدری ـ بۆکان. "مەزهەر" ـ پیرانشار. پەسوێ. (هەڵوەدا)ـ بانە. حسێن بەگ | شێعر | ٤٤ |
| دیواندەرە.موحەممەد قەیسەریان | شڵپیتاو | ٤٥ |
| سەقز.فەرانەک کەریم ئابادی (فرمێسک) ـ کامێران .سۆما یووسفی | شێعر | ٤٦ |


## تایبەت بە مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان


| | |
|---|---|
| بۆکان.سەعدەددین خوسرەوی ـ بانە. شەیدا ئەحمەدی ـ ئیلام .رودوس فەیلی ـ بانە. بێهزادی زارەع زادە(باوکی نیشتمان) ـ بانە. ئامینە عەزیزی "سروور" ـ مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی ـ بۆکان. عەزیز خەیرئەندیش ـ ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە | ٤٧ـ٥٦ |


گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## مادی ناوەڕاست، شێوەزارێکی نەناسراو

### (ئەڵقەی ونکراوی زمانی کوردی لە هەزارە ی یەکەمی زاینیدا؛ شیکاریەک زمانناسی– مێژوویی)

ئیلام. کامران ڕەحیمی

سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، زمانی ئاوێستایی زمانی ئایینی ئێرانییەکان بووە، نزیک بەو سەردەمە، زمانی مادی و پارسی کۆنیش برەویان هەبووە.

هەر چەند زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان وەکوو: دارمستر، نولدکە، مینۆرسکی و... وابیردەکەنەوە کە کوردی و مادی هەر یەکن بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە تا ئێستە لە زمانی مادی بێجگە لە چەند وشە هیچ دەقێک نەدۆزراوەتەوە، لۆژیکیتر و زانستیتر ئەوەیە لەم باسە واز بێنین و ڕوونبوونەوەی کێشەکە بە داهاتوو بسپێرین.

زۆربەی نووسەرانی ئێرانی دەنووسن زمانی فارسی سێ قۆناخی هەبووە کە بریتین لە: پارسی کۆن، پارسی ناوەڕاست یان پاڵەوی، فارسی نوێ یان دەری: بە واتایەکی تر ئەم بیرۆکەیە، زۆربەی زمانە کۆنە ئێرانییەکانی بە موڵکی زمانی فارسی زانیوە، لە کاتێکدا ئێستە بە هۆی خوێندنەوەی بەڵگە مێژووییەکان و زمانناسی نوێوە، ڕوون بووەتەوە کە فارسی دەری نە تەنیا بەر لە ئیسلامیش برەوی هەبووە بەڵکوو درێژەی پاڵەوی نییە وهەروەها زمانی پاڵەوی دوای روخاندنی دەسەڵاتی ساسانییەکان و هاتنی ئیسلام بۆ ئێران (٢١ی هەتاوی) بە تێکڕایی تێک نەچووە و زمانی ئاخافتنی خەڵک لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران بووە (جهانبخش، ١٣٨٣، ٧٥ـ٧٤).

«د.زەبیحاللە سەفا» لەم بارەوەوە دەنووسێ: «زمانی ئاخافتنی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ئێران لە سەدەی یەکەمی ئیسلامیدا، پاڵەوی یان شێوەزاری نزیک بەو زمانە بووە...» (صفا، ذبیح‌الله، سیری در تاریخ و زبان‌ها و ادب ایرانی، ١٣٨٣: ٧٥).

هەروەها دوکتور ناتڵ خانلەری دەبێژێ: «دوای ئیسلام، شێوەزاری پاڵەوی یان فالەوی (فهلوی) بەو زمان و شێوەزارانە دەگوترا کە لەگەڵ زمانی ڕەسمی و ئەدەبی فارسی دەری جیاوازیان هەبووە و لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران برەویان هەبووە» (خانلری، ١٣٦٩: ٢٠٦ ـ ٢٠٥).

«ابن‌الندیم» لە کتێبی «الفهرست» دەنوسێ: «عبدالله ابن مقفع» گوتوویەتی: «زمانە کۆنە ئێرانییەکان بریتین لە: فاڵەوی، دەری، فارسی، خوزی، سوریانی»(الفهرست، چاپ مصر، (؟)١٩)، هەروەها «یاقوتی حەمەوی» لە کتێبی «معجم‌البلدان» بە گوێرەی وتەی حەمزە ئیسفەهانی لە کتێبی «التنبە» ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە. (معجم‌البلدان، چاپ مصر، (؟)،ج٦: ٤٠٦ـ٤٠٧) (دکتر صفا، ١٣٨٣ : ٧٧).

کەچی لە هەموو کتێبی قوتابخانە و زانستگاکاندا دەنووسرێ فارسی دەری درێژەی پاڵەوییە (؟). لە کاتێکدا ئەم بەڵگانە، ڕوونی دەکەنەوە کە "فارسی" و "پاڵەوی" وەکوو دوو زمانی ئێرانی بەر لە ئیسلام، دوو زمانی جیاواز بوونە. پرسیار ئەمەیە فارسی دەری چۆن دەتوانێ هاوکات، جیاواز و درێژەی پاڵەوی بێت؟

هەروەک ئاماژە کرا، لە هەموو گرنگتر، پاڵەوی دوای هاتنی ئیسلام تێک نەچووە بەڵکوو لە ڕۆژئاوای ئێران قسەی پێکراوە، بە شێوەیەک کە زانای بە ناوبانگ «دهخدا» دەبێژێ: تا سەدەی شەشەم بەم زمانە نووسراوە هەیە. (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٣).

هەروەها «شەمسی قەیسی رازی» لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا دەنووسێ: «بەیتە فاڵەوییەکان لە لای خەڵکی عێراقی عەجەم [واتا: قرمیسین (= کرماشان)، هەمەدان، رەی و ئیسفەهان، بڕوانە لوغەتنامەی دهخدا١٣٨٣] لای خوێندەوار و نەخوێندەوار برەوی هەبووە». هەر ئەو نووسەرە لە جێگەیەکی‌تردا، پاڵەوی و ئەورامی بە یەک زانیوە.

«خۆشترین کێش، فەهلەویاتە. کە هەواکەی بە ئەورامنان دەخوێنن...

لحن اورامن و بیت پهلوی

زخمه رود و سماع خسروی»

(شمس قیس رازی، ١٣٧٣ : ١١٢).

ئایەتوڵڵا «مەردووخ»یش وا بیر دەکاتەوە و دەنووسێ: «لە نێوان شێوەزارە کوردییەکان یەکەم لوری، دووەم کەلهوڕی، سێیەم گۆرانی بە زمانی پاڵەوی و شارە پاڵەوییەکان نزیکن(مەردووخ، ١٣٧٩: ٥٧).

لەم دواییەدا زمانناسێک، ١٤٥٠ وشەی پاڵەوی ساسانی لەگەڵ کوردی بەدرەیی ـ کە بنزارێکە لە کوردی فەیلی ـ بەراورد کردووە، پاشان بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم دوو زاراوە لە بواری وشەدا٧١% بە یەک نزیکن (د. کەریمی، کوردی ئیلامی، ١٣٨٠: ٢٨٩). پێویست بە وتنە، جەماوەری بیست هەزار کەسی بەدرەیی سەر بە پارێزگای ئیلام، ڕێژەیەکی٦٪ لە نفوس و حەشیمەتی هەموو کوردان پێکدێنن. ئەگەر لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا زمانی پاڵەوی لەگەڵ هەموو زاراوە کوردییەکان بەراورد بکرێت بێگومان ئەنجامەکەی لەمە کە هەیە، فرەتر دەبێت.

بەڵام ئێستە،ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە. کە مەبەستی مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامی، لە ڕۆژئاوای ئێران کوێنە بووە؟ هەروەها شارە پاڵەوییەکان (فەهلە) کامانەن؟

«شیروویە ئیبنی شەهرەدار» حەوت شاری بە پاڵەوی زانییوە کە بریتین لە: «هەمەدان، ماسەبزان [ ئیلام بەشێک بووە لە ماسەبزان]، قوم، ماەبەسەر [نەهاوەند: ناوی شارێکە لە هەمەدان]، سەیمەڕە [دەڕەشەهر: ناوی شارێکە لە پارێزگای ئیلامی

ئێستا]، ماەکوفە [دینەوەر] و کرماشان. هەروەها ئەم نووسەرە ئەم شارانە وەک: «رەی، ئیسفەهان، کومش، تەبەرستان، خوراسان، سەگەستان، کرمان، قەزوین، دەیلەم، تاڵەقان» بە شاری پاڵەوی نەزانیوە (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٣).

«ئیبنی فەقیەی هەمەدانی» نووسەری کتێبی «البلدان» لە سەدەی سێهەمی کۆچی هەر ئەم شارانە بێ کەمی وکورتی، بە پاڵەوی‌نشین لە قەڵەم دەدات. هەروەها نووسەری «قاموس اعلام ترکی» ڕاستەوخۆ دەنووسێ: «زمانی پاڵەوی لە کوردستان و عێراقی سەر بە ئێران [مەبەست کوردستانی عێراقە] قسەی پێدەکەن (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٤).

ئێستاش هەمووی ئەم شارانە جیا لە قوم و هەمەدان، کوردنشینن و بە شێوەزاری کوردی باشووری قسە دەکەن. هەر بۆیە ڕەنگە وشەی فەیلی گۆڕدراوی وشەی پاڵەوی بێت.چونکوو پرۆسەی واجی(phonemic process) ئەمە دەچەسپێنێ:

پاڵەوی فاڵەوی فەیلی

پێویست بە وتنە کە دەنگی /p/ زۆرجار دەبێتە دەنگی /f/ بۆ وێنە:

پارسی فارسی،

پێرست فهرست

هەروەها دەنگی /a/ لە ناوەڕاستی وشە لە کوردی سۆرانیدا دەبێتە دەنگی /ye/ لە کوردی فەیلیدا بۆ وێنە:

کانی کیەنی، / پان پیەن، / مارە میەرە، / نازانم نیەزانم...

بەڵام باسێک، کە لە هەموو ئەو باسانە گرنگترە، باسی لقێکی نامۆ و نەناسراوی زمانی پاڵەویە کە تا ئێستا ئاماژەی پێ نەکراوە. پێویست بە وتنە کە هەر لە مێژە زمانی پاڵەوی بە دو لق دابەش کراون کە ئەم دوو لقە بریتین لە: پاڵەوی باکووری یان پارتی (دەقە مانەویەکان «تورفانی») و لقی پاڵەوی باشووری یان پارسی (بەردەنووسەکانی سەردەمی ساسانی)، ئەم دابەشکردنە ڕاستە. چونکوو ئەم زاراوانە، زمانی ڕەسمی بوونە. بەڵام لقێکیتر لە زمانی پاڵەوی واتە «پاڵەوی ڕۆژئاوایی» لە مادستان بڕەوی هەبووە، هەر لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئەم زمانە درێژەی مادی کۆن بێت، مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامیش بەردەوام بەم زاراوە کە جیاواز لەگەڵ پارتی و پارسی بووە وتوویانە فاڵەوی.

ڕۆژهەڵاتناسانی بەناوبانگی ئەم سەردەمەش وەک: ئیشتالکبرگ، ویکتۆر ڕۆزن، لسچینسکی و هەروەها زمانناسی گەورەی ئێرانی پرۆفسۆر ئیحسانی یارشاتر (دانەری زانستنامەی مەزنی ئێرانیکا لە کانەدا)، زاراوەی «مادیی ناوەڕاستی» بۆ ئەم شێوەزارانە هەڵبژاردووە و دوکتور «ئەزکایی»ش کە دوای سی ساڵ لەسەر شێوەزارە جوراوجۆرەکانی ڕۆژئاوای ئێران و هەروەها ساخکردنەوەی هۆنراوەکانی باباتاهیر، لێکۆڵینەوەی کردووە، لەم بارەوە دەنوسێ: «پاڵەوی روژئاوایی، گۆڕدراوی زمانی مادییە. ئەم ناولێنانە بە هۆی جوگرافیای زمانی [بڵاوبوون لە مادستان] لۆژیکییە. سەرەڕای ئەوە ئەم زاراوە پێشنیارییە [= مادی ناوەڕاست] ستەمێکە بە هۆی ژێردەستە بوون یان نامۆبوونی زمانەکە لێکراوە» ( اذکایی، ١٣٧٥: ١٦٧).

هەر ئەم نووسەرە لە جێگەیەکیتردا دەنووسێ: «قەد نابێ زمانی کوردی و شێوەزارەکانی جیا لە «فەلوی» و بنیاتی زمانی کوردی جیا لە زمانی مادی بزانین» (اذکایی، ١٣٧٥: ٢٠٤).

زۆربەی نووسەرانی کورد، زمانی کوردی بە خاوەن پێشینەیەکی چەند هەزار ساڵە دەزانن و بەردەوام ئاماژە بە هۆزە ئارییاییەکان وەک: لوولووبی، کاسیت، گووتی، میتانی، سووباری، کاردۆخی و... دەکەن کە تەنانەت وشەیەک لێیان نەدۆزراوەتەوە. لە کاتێکدا ئەم بوچوونە تازە ـ کە ڕەنگە یەکەم جارە، ئاماژەی پێدەکرێ ـ تاڕادەیەک دووهەمین بازنەی ونبووی زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانیەکانەوە هەتا سەدەی شەشمی کۆچی (واتا یەکبوونی کوردی لەگەڵ پاڵەوی ڕۆژئاوایی یان مادی ناوەڕاست) ڕوون دەکاتەوە.

بە کورتی ئەنجامی باسەکە ئەوەیە کە پاڵەوی ڕۆژئاوایی بە هۆی هەبوونی وشەنامە و دەق، دەتوانێ ببێت بە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ وشەسازی لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، تا ئێمەش وەکوو گەلانیتر کە پێشینەی کۆنیان هەیە، بتوانین لە زمانی مێژوییمان کەڵک وەربگرین.

**سەرچاوەکان(منابع و مآخذ):**

- ناتل خانلری، پرویز، تاریخ زبان فارسی، تهران، نشر نو، چاپ چهارم، ١٣٧٩.
- مردوخ، آیت‌الله محمد، تاریخ مردوخ،تهران، نشر کارنگ، ١٣٧٩.
- معین، محمد، فرهنگ فارسی، تهران، امیرکبیر، چاپ دهم، ١٣٧٥.
- کریمی، غلامحسین، کردی ایلامی، بررسی گویش بدره، سنندج، دانشگاه کردستان، ١٣٨٠.
- جهانبخش، فرهنگ، تاریخ زبان فارسی، تهران، انتشارات جامی و فرهنگ، چاپ اول، ١٣٨٣.
- اذکایی، پرویز، باباطاهرنامه، تهران، انتشارات توس، چاپ اول، ١٣٧٥.
- ارانسکی، ای.م، مقدمه فقه‌اللغه ایرانی، کریم کشاورز، تهران، انتشارات پیام، چاپ اول، ١٣٨٥.
- آموزگار، ژاله وتفضلی، احمد،زبان پهلوی ادبیات و دستور آن، تهران، انتشارات معین، چاپ چهارم، ١٣٨٢.
- آکوپوف،گ.ب؛ حصارف، م.ا،کردهای گوران و مسئلەی کردهای ترکیه، سیروس ایزدی، تهران، انتشارات هیرمند، چاپ اول، ١٣٧٦.
- دهخدا،علی اکبر، لغت نامه، مؤسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، با همکاری انتشارات روزنه، تهران ١٣٧٣.
Ferheng Kurmaçî–Dimilî –Tirkî , seîd Verrog–، war، îstenbol، ٢٠٠٣.



## بەبۆنەی کۆچی دوایی نووسەر و لێکۆڵەر و "تێکستۆلۆگ"ی مەهابادی، سەید نەجمەددینی ئەنیسی(١٣٢٥ـ ١٤٠٠ک.ه.)

محەممەد ئەحمەدیان، نووسەر و لێکۆڵەر



دنیا گشت فانی، هەر وێشەن باقی

موتریب وەرە دەستی من و دامانی، وەفات بێ
سووتام بە مەستی مەیەوە، دەنگی نەوات بێ
هەستە وەرە لەو جامی ئەلەستە بدە دەستم
بەستەی دەری گوڵزارە، ئەوەی مەستی سەفات بێ
"وەفایی/"٣١٣

لە ڕۆژێکی سارد و بەستەڵەک ـ هەینی ٣ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی ـ هەواڵی کۆچی دوایی "مامۆستا سەید نەجمەددینی ئەنیسی"، نووسەر و لێکۆڵەر و "تێکستۆلۆگ"ی بواری شێعر و فۆلکلۆری کورد لە شاری مەهاباد بڵاوبۆوە؛ ئەو هەواڵە خەمخۆرانی ڕێبواری مەڵبەندی شێعر و ئەدەب و زمان و کتێبی کوردی تازیەبار کرد. تەرمی ئەو نووسەرە لە بەشی ""٢ی گڵکۆی نەمران، بە هاوبەشی جەماوەری لایەنگرانی فەرهەنگ و ئەدەب، ئەسپاردەی خاک کرا.

سەید نەجمەددینی ئەنیسی کێ بوو؟ ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ناسراو لە شاری مەهاباد هاتە دنیا، دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، لە چەندڕێیانی ژیاندا، ڕێگای خوێندن و نووسین و دوایە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بابەتی بەیت و باو و فۆلکلۆر و چەمکی فەرهەنگ و شێعر و ئەدەبی کوردی هەڵبژارد؛ پرسیار ئەوەیە چۆن بوو سەید نەجمەی گەنج لە سەرەتای تەمەنی کەوتە نێو ئەو بوار و ڕەهەندەوە؟

گومان لەوەدا نییە، مەڵبەندی ژیان و هەڵسووکەوتی بنەماڵە و خاووخێزان بەتەواوی شوێن لەسەر داهاتووی مرۆڤ دادەنێ، لەو سەردەمەدا کە سەید نەجمە گەنج بوو، شاری سابلاغ شارێکی ئاوەدان و پاک و خاوێن و خاوەنی چەند شەقام و چەند گەڕەک و قوتابخانەی هەراو و نوێژگەی ئاوەدان و گەرماو و کاروانسەرا و چەند قاوەخانەی قەرەباڵغ و بەڕمێن و پڕحەشیمەت بوو، قاوەخانەکان زۆرتر جێی کۆبوونەوەی ئاپۆرەی خەڵک بوون، وەک "قاوەخانەی قالەسێڵە"، "قاوەخانەی کەریم سێبست"،" قاوەخانەی سەربەرداش"، "قاوەخانەی کەریم جووجوو"، "قاوەخانەی ڕەحمەتوڵڵا"، "قاوەخانەی حاجی ڕەشە"،" قاوەخانەی عیمادی" و چەند قاوەخانەی تر. بەهەڵکەوت یەکێک لەو قاوەخانە قەوغایانە کە هامووشۆی زۆر لەسەر بوو، بەتایبەت زۆربەی بەیتبێژ و حیکایەتخوێنەکانی ئەو سەردەمە لەو شوێنە کۆدەبوونەوە و خەڵکی ئاپۆرەی شار لە دەورەیان دەهاڵان، قاوەخانەی "سەید عەلی"، بابی سەید نەجمەددینی ئەنیسی بوو. قاوەخانەی سەید عەلی لە "شەقامی شاپوور"، ڕووبەڕووی "کتێبفرۆشیی سەیدیان" هەڵکەوتبوو. هامووشۆی ئەو قاوەخانەیە و سەردانی ئەو کتێبفرۆشییە واتە "کتێبفرۆشیی سەیدیان" وردە وردە شوێن لەسەر بیر و هزری سەید نەجمەی گەنج دادەنێ، دەکەوێتە سەر ڕاستەڕێی بەدواداچوونی بەیت و باو و فۆلکلۆر و ناسینی بەیتبێژ و حیکایەتخوێنەکانی ئەو سەردەمە.

ئەو کاتە بەختەوەرانە زۆربەی بەیتبێژانی موکریان لەژیاندابوون و زۆر ئاسایی هامووشۆی سابلاغیان دەکرد و لە قاوەخانەی سەید عەلی دەگیرسانەوە، سەید نەجمە وەک خۆی باسی دەکرد: "بەیتبێژی وەک "هەباسەخڕەی کامەم" و "حوسێن کەنیلە" و " ڕەسووڵ باڵەکی" و" سۆفی ڕەحیمی بەیرەمی" و" محەممەدی خاڵەی" و "حەمەدی بەیتان" و" کوێخا عەوڵای دەرمان" و "عەلی کەردار" و " مەحمەڵ" و " خدری ساڵەجوامێر" و هەروا حیکایەتخوێنی وەک "مام ئەحمەدی لوتفی" و" میرزا عەوڵا"، ئەوانە هەموویان هامووشۆی قاوەخانەی سەید عەلی بابمیان دەکرد."

ئەو بەیت و حیکایەتانەی لە قاوەخانەی سەید عەلی بابی گوێڕایەڵیان بوو، شوێنیان لەسەر بیر و هزری سەید نەجمەی لاودا دانا، تا ئەو ڕادەیە ئۆگری ئەو بابەتانە بوو دەنگی زۆربەی ئەو بەیتبێژ و حیکایەتخوێنانەی لەڕێی "ڕێکۆڕد"و زەبت ـ کە تازە هاتبووە موکریان ـ لەسەر زار و زمانی خۆیان تۆمار کرد و وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ و گەنجینە و خەراجاتێکی بایدار هەڵیگرتن بۆ ئەوە ڕەشەبا وشەختەی پاییزی زۆرداری لەبەینیان نەبا.

ئەو سەرقاڵی و خولیابوونە، بوو بە هۆی ئەوە سەید نەجمە لە تێکۆشان بۆ خوێندنی باڵا و تێپەڕاندنی پلەکانی خوێندنی سەروو وەدواکەوێ، تەنانەت لە ژیانی ئابووری و سامانی دنیایی وەپاش کەوێ، بەڵام لەجێی ئەوانە، خەزێنەیەکی گرانبایی و دەوڵەمەندی لە وشە و زاراوەی ڕەسەن و بەیت و حەیران و حیکایەت و پەندی پێشینیان کۆکردەوە، ئەوە ویستی دڵی ئەو مرۆڤە بوو ،ئیدی قازانج و زیان و زەرەری ماڵی و دنیایی بەری چ دارێکە؟! لەبیرمان بێ ئەوە لە کاتێکدابوو کە زۆربەی هاوتەمەنەکانی سەید نەجمە لەوشارەدا سەرقاڵی ماڵداری و خولیای کۆکردنەوەی سامان بوون، خزمەت بە زمان و ئەدەب و شێعر و بەیت و فۆلکلۆری کوردی لای ئەوانە بایی پووشێک نەبوو، زۆرتر خولیای ژیانێکی ڕواڵەتی و خولیای جل و بەرگ و شەپکە و دوولینگە و خواردن و خواردنەوە بوون، ئەگەر کاتێکیان بۆ گوێڕاگرتن تەرخان کردبایە، زیاتر گوێڕایەڵی گۆرانیبێژانی فارس دەبوون.





ئەوانە لەو کاتەدا بەوخولیابوون و سەرقاڵییەی سەید نەجمە پێکەنینیان دەهات، بەڵام سەید نەجمە ئاگادار بوو، دەیزانی "بەیت "ی کوردی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی وشە و زاراوەی ڕەسەن و هەمە ڕەنگە، تەنانەت شێعری نوێی کوردی لە داوێنی بەیت پێگەیشتووە، ئاگاداربوو بەیتی کوردی لە "ڕۆمانس"ی ئەسپانیایی و "بیلیا"ی ڕووسی و "ویسە"ی دانمارکی و گۆرانییەکانی ئەسکاتلەندی و بریتانیایی کەمتر نییە و بۆ ئەوە دەبێ خوێندەواری کورد خۆی پێوە ماندوو کا و تەمەنی لە ڕێیدا بەخت بکا. هەر لەبەر ئەوە تا دوایین ساڵەکانی تەمەنی خەریکی کۆکردنەوەی ئەو بەیتانە بوو، نەیهێشت ڕەشەبا و شەختەی پاییزی زۆرداری لەناویان بەرێ و ئاڕشیوێکی دەوڵەمەندی هێنا بەرهەم، بەڵام بەداخەوە بە هۆی دەستکورتی و ئاوڕنەدانەوەی بنکە فەرهەنگییەکان، نەیتوانی ئەو سەرچاوە دەوڵەمەندە و ئەو هەمووە دەنگ و وێنە دەگمەنە بڵاو بکاتەوە، مەخابن ئێستا بە پڕژوبڵاوی و دوور لە سێبەری سەید نەجمە لە دیوێکی تایبەتدا بەجێماون.

جیا لە شوێنی قاوەخانە، کتێب و کتێبخانە و کتێبفرۆشی زۆر شوێنی لەسەر چالاکیی سەید نەجمە دانا، بەتایبەت" کتێبفرۆشی سەیدیان" کە ڕووبەڕووی قاوەخانەی بابی سەید نەجمە بوو؛ جاروبار بە پێی هەل و هەڵکەوت کتێبی مێژوویی و گۆڤار و دیوانی شاعیرانی کوردی لەودیو ـ کوردستانی عێراق ـ ڕا بۆ دەهات، خاوەنی ئەو کتێبفرۆشی‌یە"مەلا حەمەدەمین" بەترس و دڵەڕاوکێ ـ بەنرخی زۆر گران ـ کتێبی کوردی دەدا بەو کەسانەی مەترسیان لەسەر نەبوو، سەید نەجمە یەکێک لە کڕیارانی تامەزرۆی ئەو چەشنە کتێبانە بوو، تەنانەت ئەو قاچاغچییانەی ئەوکات بەرەو کوردستانی عێراق و گەرمێن دەڕۆیشتن، لەسەر ویست و داوای سەید نەجمە، کتێب و گۆڤار و دیوانی شێعری قەدەغەکراویان لە بارەتووتن‌دا دەشاردەوە و بۆ سەید نەجمەیان دێنا؛ بەوجۆرە وردە وردە سەید نەجمە لەوکاتە کتێبخانەیەکی لیپاولیپ لە کتێبی مێژوو و شێعر و ئەدەب و هەمووجۆرە گۆڤارێکی کوردی کۆکردەوە، سەید نەجمە لە خوێندنەوە و بەراوەردکردنی ئەو کتێبانە بەباشی ڕاهات، نووسین و خوێندنەوەی کوردی بوو بە کارێکی ئاسایی بۆ سەید نەجمە. ئەوە لەسەردەمێک دابوو کە خوێندن و خوێندنەوە و ڕاگرتنی کتێبی کوردی لە لایەن یاسای ڕەشی ساواک یاساغ کرابوو، خوێندنەوە بە زمانی کوردی، بەتایبەت لە سابڵاغ، تاوانێکی قورس‌تر بوو. ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی "ڕادیۆ ـ تلەویزیۆن" لە مەهاباد دامەزرا، ئەوە دەرفەتێک بوو ـ دەرفەتێکی یاسایی ـ بۆ ئەوە سەید نەجمە بتوانێ لەو ڕێیەوە، لەڕێی بەرنامەی کوردی ڕادیۆ، ئەو بەرهەمانەی بڵاو بکاتەوە و لەو ڕێیەوە بە ئاشکرا خزمەتی زمان و ئەدەبی کورد بکا.

ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی ڕادیۆتلەویزیۆنی مەهاباد دەستی بەکارکرد؛ ڕادیۆ کەرەسەیەکی دنیای مۆدێرن بوو، ئەو سەردەمە ڕادیۆ کوردییەکان کاریگەری تەواویان لەسەر ژیان و بیر و هزری مرۆڤی کورد هەبوو و هەرچەند بۆ مەبەستی تایبەت دامەزرێندرابوون بەڵام سەرنجی گوێگری کوردیان ڕادەکێشا. سەید نەجمەددینی ئەنیسی وەک لاوێکی تەمەن ٢٥ساڵ بەهێز و توانایی و گوڕ و تینێکی تایبەت لە ڕادیۆ مەهاباد ـ بەشی کوردی ـ دەست بەکاربوو، بەرپرسیارێتی بەرنامەی "کاروانی شێعر و گۆرانی" پێ سپێردرا، هەموو ڕۆژێ لە کاتی دیاری‌کراودا ـ ساعەت سێی پاش‌نیوەڕۆ ـ بەرنامەی کاروانی شێعر و گۆرانی لە نووسین و پێشکەش‌کردنی سەید نەجمەددینی ئەنیسی بڵاو دەکرایەوە، ماوەی پتر لە ٢٠ساڵ ئەو بەرنامەیە بڵاو دەبۆوە. ئەو بەرنامەیە بۆ ناسینی شاعیرانی کورد و ناساندنی زمان و ئەدەبی کوردی بەتەواوی بەکەڵک بوو؛ لەو کاتەدا زمانی کوردی لە ئێران بەپێی یاسای ڕەشی دەسەڵات یاساغ بوو، خاوەنی هەر نووسراوە و پەڕتووک و شێعرێک بەکوردی لەلایەن ساواک بەرپرسیار بوو، لەو سەردەمە حەستەمەدا سەید نەجمەددینی ئەنیسی لە ڕێی ئەو بەرنامەیەوە، لەسەر زمان و ئەدەب و شێعر و فۆلکلۆری کورد بابەتی بەپێزی بڵاودەکردەوە، نەک وەکوو ئەرکێکی ئیداری و فەرمی و بەرنامەیەکی ڕادیۆیی، بەڵکوو وەک حەز و خولیا و خۆشەویستییەک بۆ نەتەوە و نیشتمان؛ بەڕاستی سەید نەجمە لەو بوارەدا ڕچەشکێن بوو.

لەڕێی بەرنامەی "کاروانی شێعر وگۆرانی"، سەید نەجمە لەگەڵ زۆربەی شاعیران و هەستیاران و نووسەران پێوەندی و ئاشنایی پەیدا کرد، لەگەڵ کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستانی باشوور وەک: دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و حەمەی مەلا کەریم و دوکتۆر مارف خەزنەدار و ڕەئووف بێگەرد و غەمبار و فانی و بیمار و مەدهۆش و ئەحمەد هەردی و کاکەی فەللاح و کامەران موکری و حەسیب قەرەداغی و فەتاح شاکر و حەمەساڵح دیلان و زۆر کەسی تر نامەگۆڕینەوە و دۆستایەتی گەرم و گوڕیان بوو، هەموو ساڵێ سەردانی کوردستانی باشووری دەکرد و ماوەیەکی زۆر دەمایەوە و زۆربەی ئەو کەسایەتییانەش دەهاتنە مەهاباد و میوانی سەید نەجمە دەبوون؛ هەروا دۆستایەتی گەرم و گوڕی لەگەڵ شاعیران و هەستیارانی ناوچەی موکریان و سنە و کرماشان هەبوو وەک: مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و مامۆستا حەقیقی و مامۆستا خاڵەمین بەرزەنجی و سەید کامیلی ئیمامی و خالیدئاغا حیسامی"هێدی" و میرزا محەممەدی نووری و مەلا سەدیقی مەحموودی و مامۆستا نافیع مەزهەر و سەید برایمی ستوودە و سەید تاهیری هاشمی و زۆربەی کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستانی ئێران؛ شێعری لێ وەردەگرتن، وێنەی دەگرتن، ئەو هەموو حەول و دەولەی بۆ ڕازاندنەوەی بەرنامەی "کاروانی شێعر و گۆرانی" بوو.

سەید نەجمەددینی ئەنیسی ماوەیەکی زۆر لە ڕادیۆ تلەویزیۆنی مەهاباد هاوکاری بابم "مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان" بوو، بەردەوام هامووشۆی بابمی دەکرد و هەواڵ و باسی شاعیر و نووسەر و کەسایەتییەکانی بۆ دەگێڕاوە، بۆ نووسینی بابەتی ئەدەبی

و شێعر بابمی هان دەدا، بۆ وێنە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی پێداگری سەید نەجمە بوو بە هۆی ئەوە بابم لە کۆنگرەی مەولەوی کورد لە شاری سەقز بەشداری بکا و وتارێک بخوێنێتەوە، ئەو وتارە زۆری دەنگ دایەوە.

سەید نەجمەددینی ئەنیسی دوای کۆکردنەوەی دیوانی سەید کامیلی ئیمامی"ئاوات"، چووبووە خزمەت مامۆستا هەژار لە کەرەج، بۆ ئەوە مامۆستا هەژار سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئەو دیوانە بڕیار بدات، مامۆستا هەژار لە سەرەتای ئەو دیوانە نووسیویە:"برای هونەردۆست و خاوەن مرخ کاکە نەجمەددینی ئەنیسی ـ خودا بە ئەدەبیاتی کوردی بهێڵێ ـ ڕۆژێک وەک فریشتەی بەخت و هات لە کەرەج کە بۆ من وەک چزیرگەیەکی چۆڵ و هۆڵ وایە پەیدا بوو، دیوانی شێعری کاکە سەید "کامیل"ی لە بن باخەڵدابوو کە لێی ڕوانم و بیر و بڕوای خۆمی لەسەر دەربڕم....ماڵم قەبرە سەید"کامیل" هەرچی گوتوویە، مەحشەری کردووە و خوێندەوارانی ئەدەبپەروەر و دوڕناس دەزانن کە سەید "کامیل" زۆر شاعیرێکی کەموێنەیە، لەخوام تەڵەبە مەرگی نەبینم و لەخوام تەڵەبە بتوانێ پتر ئەدەبیاتی کوردی گەشە پێ بدا، ئامین یا ڕەببەلعالەمین ـ شاگردێکی بچووکی سەید کامیل ـ عەبدوڕڕەحمان "هەژار" ـ کەرەج )."١٣٦٤/٩/١٨پێشەکی دیوانی ئاوات)

لەو سەردەمەدا بەشی زۆری دیوانی شاعیرانی کوردی ڕۆژهەڵات کۆنەکرابوونەوە و چاپ نەکرابوون، سەید نەجمەددینی ئەنیسی بەشی زۆری ئەو دیوانەشێعرە و دەستخەتانەی لە ڕێی خاوەنەکانیان، یان لە ڕێی خزم و بنەماڵەیان وەدەستهێنا و کۆی کردنەوە و پارێزگاری لێکردن و لە تێداچوون وهێرشی ڕەشەبا و شەختەی پاییز ڕزگاری کردن. زیاتر لە ١٠٠دیوانی شێعری لەوچەشنە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادەکرد. بەداخەوە لەو دیوانانە تەنیا توانی ٦دیوان چاپ و بڵاو بکاتەوە:
١ ـ دیوانی حەریق؛ ٢ ـ دیوانی سەید کامیل؛ ٣ ـ دیوانی ئەحمەدی کۆر؛ ٤ ـ دیوانی سابیری؛ ٥ ـ دیوانی شێخ ئیسماعیلی بەرزەنجی"زەبیحی"؛ ٦ ـ شێعر و قسەنەستەقەکانی سەید ڕەشید"چاوەش".
سەرەنجام ئەو مرۆڤە دڵسۆزە لە بواری خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەب و فۆلکلۆری کورد نزیک بە نیوسەدە کاری کرد، ئاڕشیوێکی دەوڵەمەند لە دەنگ و وێنە و دەستنووس و دەنگی بەیتبێژان و حیکایەتخوانانی موکریان و ناوچەکانی تری کۆکردەوە، هەروا بە هۆی حەول و دەول و پەیجۆری ئەو، نزیک بە ١٠٠دیوانی شێعری چاپنەکراو و بڵاونەکراوە و دەستخەتی شاعیران و هەستیارانی موکریان لە ئاڕشیوی سەید نەجمەدا جێیان بۆتەوە.
من، نووسەری ئەو بابەتە زۆر لەمێژە، لە ساڵی ١٣٥١ی هەتاوییەوە بەردەوام ئاگاداری ئەرک و ئیش و ژیان و چالاکییەکانی مامۆستا ئەنیسی بووم، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەکان وەک کۆنگرەی مەولەوی کورد لە سەقز، کۆنگرەی فەرزانەگانی کورد لە سنە، کۆڕی یاد و بیرەوەری وەفایی لە مەهاباد، کۆڕی یاد و بیرەوەری مامۆستا هەژار لە مەهاباد، هەروەها دوایین کۆڕێکی کە چالاکانە تێیدا بەشدار بوو: کۆنگرەی ئەحمەدی کۆر لە شنۆ ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی؛ لەو کۆنگرەیەدا وتارێکی بەپێزی لەسەر کاریگەری قوڕئان و حەدیس لە شێعری ئەحمەدی کۆردا پێشکەش کرد و خوێندیەوە. جیا لە هەمووی ئەوانە، لە میوانی و سەردانی کەسایەتییەکان، لە خزمەت بابمدا، هاوڕێی ئەو مرۆڤە چالاک و دڵسۆزە بووین و زۆرم بیر و بیرەوەری ئەو کاتانە لە زەیندا ماوەتەوە.
چەند ساڵ پێش ئێستا بۆ وەدەست هێنانی وێنەیەکی مێژوویی خۆی و بابم و مامۆستا شێخ جەلال حوسێنی کە ساڵی ١٣٥٤ئەو وێنەیە کێشرابوو، هەروا بۆ وەدەستهێنانی گۆڤاری کاروان، ژمارە((٦٦، تەمووزی ١٩٨٨، کە بابەتێکی لەسەر "عەللامە مەلا محەممەدی قزڵجی" تێدابوو، بەرەو ماڵی سەید نەجمەددینی ئەنیسی وەڕێکەوتم، بەدڵوایی و دەستی کراوە و سینگفراوانییەوە فەرمووی کتێبخانە و ئاڕشیوی تایبەتی کردم، ئەو وێنە و بابەتەی بەزەحمەت بۆ پەیدا کردم، لە نزیکەوە جارێکی تر چاوم بە کتێب و نووسراوە و دەستخەت و کاسێت و ئاڵبۆمی وێنەکان کەوت، بەڵام بە هۆی دەسکورتی و ناساغی سەید نەجمە تۆزی خەم لەسەر لاپەڕەکانیان بەرچاو بوو، وەک باسی کرد بۆ کۆکردنەوەی هەر یەک لەو کتێب و دەفتەر و بەیاز و لاپەڕە نووسراوانە زۆری حەول داوە و تەمەنی لەسەر کۆکردنەوەیان داناوە.
ساڵێک بەر لە ئێستا لەگەڵ بەڕێز"مستەفا شەرەفکەندی" کوڕی مامۆستا هەژار سەردانی "مامۆستا سەید نەجمەددینی ئەنیسی"مان کرد،

بەداخەوە زۆر بێهێز و بێتاقەت بوو، بەدیتنی ئێمە کوڵی گریانی هەستا و فرمێسکەکانی بە لاڕوومەتەکانیدا هاتنە خوارێ، کوتی:" ئای چەندم پێخۆش بوو هاتن، وادەزانم مامۆستا هەژار و مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا هاتوونەتە سەردانم!".
بەو هیوایەی دوای کۆچکردنی ئەو مرۆڤە ماندوو و بەئاواتنەگەیشتووە بۆ دنیای نەبڕاوە و هەرمان، ئەو بەرهەم و دەستنووس و وێنە و دەنگە تایبەتییانەی کۆی کردوونەتەوە، بکەونە دەست کەسێک/کەسانێکی دڵسۆز و لێزان و مشوورخۆر و پەیجۆر یان بنکەیەکی فەرهەنگی شیاو و بەوەج تا کەڵکی تەواویان لێوەرگیرێ و چاپ و بڵاو ببنەوە و تەپ و تۆزی فەرامۆشی و خەم لەسەر لاپەڕەکانیان لابچێت. سەید نەجمەددینی ئەنیسی لە هەورازی ڕژدی ژیاندا زۆر ناڕەحەتی و چەرمەسەری تووش بوو و بە هەناسەساردی سەری نایەوە، لە بارەگای میری مەزن دەپاڕێینەوە لەولا بحەسێتەوە و ئۆقرە بگرێ.

**مەهاباد ـ ٧ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی ـ محەممەد ئەحمەدیان**



## دەستی مەرحەبا

بۆکان. ئاسۆ

ئەودەمەی دەستت بەعەزمی مەرحەبا هەڵدێنیەوە
هەستی مردووی لاوەتیم، بەو دەستە پێی دەژێێنیەوە

وات ڕفاندن ئەودڵم قەت شوێنەکەی نادۆزمەوە
خێری خزمانت دەگاتێ گەر شەوێ بۆم بێنیەوە

من خەتی چاوت لەسەر سەفحەی نیگا دەخوێنمەوە
تۆ پەیامی شیعری نێو کاناڵەکەش ناخـــوێنیەوە

سەدچەلت تۆراندم و یەک تاقە لوتفـــی تۆم نەدی
بۆ قەرارێکی سەعاتیش سەدبەهانەی دێنیەوە

ئەم پەتا پیسەش کەدەوڵەت پوولی پێ پەیدا دەکا
لێونەماوە هێزی ماچی دم، بەدەس دەمبێنـــیـــەوە

دڵ وەکوو کۆرپەی لەدایک دوور، کورووی باوەشتیە
ڕەببی خواگیربی ئەگەر، لەوباوشە نەی حاوێنـیەوە

عاشقان فێڵیان نیە، پێشێلی ناکەن مافی کەس
ئەی خودا تۆبڵێی حەقم لە دڵرەقەی بستێنیەوە؟

خۆزگە ڕۆژێ دەیدی ئاسۆ نامەی ئازادی گەلی
دێ لەڕۆژاوا بەنووکی تەیرەکەی گەرمێنیەوە



## هەستی دڵدار

(وڵامی دەستی مەرحەبای مامۆستا ئاسۆ)

سەقز.کامیل موحەممەدجانی

ئە ودەمەی دەستت بەعەزمی, مەرحەبا هەڵدێنیەوە
هەست دەکەم وەک کاتی لاویم، خوێن بە ڕەگما دێنیەوە

دڵ منیش بۆ تۆ خەڵاتە، شوێنەکەی جێژوانی کۆن
لێیگەڕێ لات ئۆقرە بگرێ، یەک شەویش نەیهێنیەوە

من خەتی عیشق و ئەوینی، چاوەکانم شەوقە بۆت
شێعرەکانت گشت لە بەرمە، بۆ دڵم ناخۆێنیەوە؟

گەر بە جارێ زیزی لێم و، لوتفی من ناگاتە لات
من سەگی ئەسحابی کەهفم، خۆت بەهانە دێنیەوە


سەد پەتا گەر بێنە سوفرە، بۆ دز و ئەغیار و پیس
ماچی لێوم بەرقەرارە، گەر بە لێو بیسێنیەوە

خۆم دەزانم دڵ مناڵە و، کۆرپەکەی دوور کەفتەیە
هەر بڕوبیانووی غەزەلیە، بەڵکوو بیلاوێنیەوە

ڕاستە گیانە عاشقان وان، وا کە فەرمووتە بە شێعر
چۆن دڵت دێ ئەم سکاڵا، بۆ خودات بشێێنیەوە؟

دێتەدی ئاواتی ئاسۆ، گەرچی زوو بێ یا درەنگ
دێ بە ئاواتی دڵی، سەی کامیلی گەرمێنیەوە





## وێنەی زیرەک، مامۆستای گۆرانی ڕەسەنی کوردی

کاری بەڕێز جەمشید فەرەجوەند فەردا. بیجاڕ
(مامۆستا وێنەگەری)





## ئاخۆ مەلای ساڵی ساڵانی کوردەواری چلۆن بوون؟

مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان؛ زماناس و توێژەر

ئاخۆ مەلای ساڵی ساڵانی کوردەواری، خاوەنی چ جۆرە خوو و خدە و چ چەشنە ئاکارە و کردەوەیەک بوون و چ بیرۆکە و نەریت و کەلتووریکیان لا پەسند بووە و چ تایبەتمەندیگەلێکیان هەبووە کە مامۆستایەکی ئایینی ـ تەنانەت مامۆستایەکی زیندوو لە چاخی ئێستادا ـ بە هەبوونی ئەو تایبەتمەندییانە لە ڕیزی ئەو مامۆستایانەدا دادەندرێ؟

١ ــ مەلای ساڵی ساڵانی کوردەواری، خۆی قانع و هێدی و هێمن و هەژار بوو و خاوەنی ئەو خوو وخدە و تایبەتمەندییانەش بوو، هەر بەو بۆنە و هۆیەوە گشت "قانع و هێدی و هێمن و هەژار"ەکانی گەل و هەموو هۆنەرانی نێودێر بەو نازناوانەی لەڕادەبەدەر خۆش دەویست!

٢ ـ مەلای ساڵی ساڵان، هاوکات نەتەوەییش بوو و ئایینیش بوو، لایەنی دینیشی پاراستبوو و لایەنی نەتەوەییشی پاراستبوو و تەرازوو و پێوەر و پێوانەکەی بە هیچلایەکدا لاسەنگ نەبوو!

٣ ـ مەلای ساڵی ساڵان، بۆ نان و نێو و ئیسم و ڕەسم و هیچ پاساو و بیانوویەکی تر "عَضُدُالدَّولَه"(=دەسەڵاتخواز) نەدەبوو. گەر"وجیهالمله"(=خەڵکخواز)یش بایە، بە هۆی گەلویستی و نەتەوەدۆستی بوو، نەک لەسۆنگەی کردەوەیەکی بەرژەوەندیخوازانە و پۆپۆلیستی "وَجی‌ەُالمِّلَه"بوونەکەی بکاتە دووکان و بازار و کەرەسەی بەرپچوون و موشتەری کۆکردنەوە. ڕوون و ئاشکرایە "لەدڵی خەڵکدابوون" لە درێژایی مێژوودا دەردەکەوێ و بە کردەوەی هەلپەرستانە و بە هەڵقۆستنەوە بۆ"ارتزاق "لە دین و لە گەل مەیسەر نابێ، بەڵکوو پترووپێشووتر لە هەموو شتێک "ئیخلاس"ی گەرەکە!

٤ ـ مەلای ساڵی ساڵان، "مُذبذب" و "وازوازی" نەبوو و هەر ڕۆژەی لەسەر ئایینێک و مەرامێک و هەڵوێستێک نەبوو بۆ بەرژەوەندی تاقی یان تاقمی یان ئۆپۆرتیۆنیستی و هەلپەرستانەی خۆی؛ بەڵکوو قایم و پتوون و ڕاوەستاو و خۆڕاگر بوو لە سەر بنەمایەک و هەڵوێستێک و ئایینێک و مەرامێک!

٥ ـ مەلای ساڵی ساڵان، تاقمچێتی و خۆمانەخۆمانەی نەدەکرد و تەنیا بەرژەوەندی ئایین و گەل و نیشتمان و ڕاستەقینەی مەبەست بوو نەک بەرژەوەندی تاقمچییانە و مەراممییانە و کاسبکارانە!

٦ ـ مەلای ساڵی ساڵان، کتێبی زۆر خۆش دەویست و بەتایبەتی تامەزرۆی زانین و زانیاری و موتاڵا و خوێندنەوە بوو و بۆ زانیاری کۆکردنەوە و موتاڵای بەردەوام و تێگەیشتن و پێگەیشتنی پتر و پتر، کۆڕی پرسیار و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زانستی پێک دێنا!

٧ ـ مەلای ساڵی ساڵان، کوردیزان و کوردی خوێن و کوردی نووس بوو و بە هەست و سۆزەوە شێعر و هونراوەی تەرز و بەرزی شاعیرانی بەرەی پێشووتری"مەلای ساڵی ساڵانی" دەخوێندەوە و وتاردان و خوتبە و خیتابەکەشی پێ دەڕازاندەوە!

٨ ـ مەلای ساڵی ساڵان، باوەڕی بە فرەتوێژی کۆمەڵایەتی و ئایینی هەبوو و ڕوانگەیەکی تەواو مرۆڤدۆستانەی هەبوو و ڕێزی بۆ کافر و جوو و فەلەش دادەنا هەر وەک لە ژیاننامەی عەللامە مەلا عەلی قزلجی هەموومان/زۆربەمان

خوێندوومانەتەوە کە چۆن پێشەوای ئایینی جوولەکانی لە سەرووی خۆی داناوە!

٩ ـ مەلای ساڵی ساڵان، زۆر بەقنیات و بەرزەدەماغ(=عزیزالنفس) و دڵاوا(=کریمالطبع) و نەفسبەرز و ڕەوشتبەرز و بەرەگوەدەمار و خاوەنشکۆی ئایینی و ئەخلاقی بوو!

١٠ ــ مەلای ساڵی ساڵان، خاوەنی چێشکەیەکی جوانیپەرستانە و جوانیناسانەی بوو و هەموو دیاردەیەکی جوانی پێ جوان بوو بە بەڵگەی :"الله جمیل و یحب الجمال".چۆن چێشکەی هەستیاری چەواشە نەببوو و وتێکنەچووبو، حەولی خەتخۆشبوونی دەدا، دەنگی خۆشی پێ خۆش بوو و شێعری پاراو و تەڕی کوردی پێ جوان بوو و بیرگەی لێوانلێو بوو لە لیزگە شێعری تەڕ و پاراوی کوردی، پەخشانی ڕازاوەی کوردی پێ موتورفەیەکی باییدار بوو و لە خوێندنەوەی تێرنەدەبوو و کۆمەڵی هان دەدا بۆ چێژ وەرگرتن لەو جوانییە خوداکردانە!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

١١ ــ مەلای ساڵی ساڵان، "مەلایەتی" وەک ئەرک و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی و ئایینی و شوناسخوازانە و ڕووناکبیرانە سەیر دەکرد و وەک
هەل و دەرفەتێکی بایبدار بۆ پێشخستنی باری ئەخلاق و ئایین و شوناس و هەروەها سەربەخۆیی بیر و بڕیار دەیقۆستەوە!

١٢ ــ مەلای ساڵی ساڵان،"مەلایەتی" وەک دامەزراوە(=نهاد)یەکی سەربەخۆ و سەربەست سەیر دەکرد نەک وەک پاشکۆی تاقم و تاقمچێتی و مەرامچێتی و هەڵپەهەڵپی بەرژەوەندخوازانە؛مەلای ساڵی ساڵان هەرچەند لەڕادەبەدەر دەستکورت بوو بە هۆی ئەو مەعریفەیەوە هیچکات وەک کەرەسە و ئامرازی بەڕێچوون و پیشە و شوغڵ سەیری مەلایەتی نەدەکرد بەڵکوو ئەوەی بۆ ئەو سەرەتی هەبوو بەرپرسیاریەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئەخلاقی بوو و ڕاپەڕاندنی بەبێ‌مشە و خۆڕایی تێکڕای ئەم ئیش و چالاکییانەی پێوەندی بەو بەرپرسیاریەتییە فرەلایەنەوە هەیە!

١٣ ــ مەلای ساڵی ساڵان، بە هۆی بیر و باوەڕی ئایینی و نەتەوەیی پتوون و قایم و دامەزراو و بنچینەدار و کۆڵەکەداری، بەردەوام ئامادەی دانی تێچوو(=هزینەدادن) بوو لەو ڕێباز و ڕێچکەیە دا و زۆربەیان، بە ئەوپەڕی شانازییەوە،

تێچووی گیانی و ماڵی و ئابووری و کومەڵایەتی و بنەماڵەیی و...یان داوە.

١٤ ــ مەلای ساڵی ساڵان، بە هەناسەیەکی ئەمەکناسانە و پێزانانە و قەدرناسانەوە ــ کە لە بیر و باوەڕێکی قووڵی ئایینی و ئەخلاقی و مەعریفی و ئایدیۆلۆژییانەوە لە قورئان و فەرموودەی سەحیح هەڵقوڵابوو ــ دەیڕوانییە قەڵافەتی بەرز و تەرزی سەرجەم مامۆستایانی ئایینی دڵسۆز و خزمەتگوزاری بەرەی پێشووتری "مەلای ساڵی ساڵان" و ئیدی نەدەپەڕژایە سەر وەهمی قێزەون و چەواشکارانە و درۆیین و ڕسوایی‌هێنەری "خۆپێ‌زلتربوون و زاناتربوون لە هەمووان" و بە کەم‌بایەخ دانانی خزمەت و ڕاژە و دڵسۆزی و گەورەیی و شکۆی مامۆستایانی بەرەی هاوچەرخ و بەرەی پێشوو و تەنانەت بەرەی داهاتووی خۆیشی!

١٥ ــ مەلای ساڵی ساڵان، بەڕاستی خاوەن پێگە و جێگەیەکی دیار و بەرچاوی کۆمەڵایەتی بوو و خاوەنی چەشنێک سامانی کۆمەڵایەتی بەهێز بوو(=سرمایەی اجتماعی پراقتدار) و هەر نەبێ خاوەنی چەشنێک پێگەی کاریزماتیکی ناوچەیی و خۆجێیی بوو!

جا گەر لەو دەربیجە و دەلاقەیە ڕا دەڕوانینە بەژن و باڵا و قەڵافەتی خۆڕاگر و نەچەمیو و بەرز و تەرزی تاقمێک لە مامۆستای هاوچاخی موکریان کە هەر ئێستا لە ژیاندا نەماون و کۆچی دواییان کردووە وەک : مامۆستا مەلا محەممەد قزڵجێ، مامۆستا مەلا خەلیل گۆڕەمەڕی، مامۆستا مەلاحوسێن مەجدی، مامۆستا مەلا عەبدوڕڕەحمان ئیلخانی زادە(حاجی ڕەحمان‌ئاغا)،مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان، مامۆستا مەلا هادی ئەفخەم زادە، مامۆستا مەلا ئەبووبەکر شەفیعی، مامۆستا مەلا عیسامەددین شەفیعی، مامۆستا مەلا عەلی وەلزی، مامۆستا مەلا حوسێن تاهیربوغەیی(موستەفەوی)،مامۆستا مەلا عەبدولحەمید عەبقەری(قودسی)، مامۆستا مەلا محەممەد بەردەڕەشی(عەزیزی)، مامۆستا مەلا عەبدوڕڕەحمان تاهیری، مامۆستا مەلا محەممەد ئیمامی و........ لە هەر کام لەو گەورەپیاوانە و بلیمەتانەی کوردەواری دا پەیکەرەیەکی تەواونوێن و پتەو و پتوون و خۆڕاگر و ڕێک و لەبار و دڵگر و دڵئەنگێو لە قەڵافەتی تەرز و بەرز و نەچەمیو و نەبەزیوی مەلای ساڵی ساڵانی کوردەوارییان تێدا وێنا دەکەین؛ بەڕاشکاوی وێنەیەکی تیپیکاڵ لە سیما و ڕوخسار و دیمەنی سەرتاپا شانازیی مەلای ساڵی ساڵانی کورد لە گشتییەتی کارنامەی کردەیی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەتەوەیی ئەوانەدا بەدی دەکرێت. ئەومامۆستایانە تێچووی زۆریان داوە لە ڕێی بیر و بڕوای ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی‌دا، هەر وەها خاوەنی خوو و خدە و ئاکارەیەکی خاکەڕایانە و خاکینە و خەڵکینە بوون و بە دڵ و بە گیان و بە بیر و بەبڕوا لەگەڵ خەڵک و جەماوەر بوون و بە خەم و مەینەتی گەلەکەیان ماتەمبار و خەمبار بوون و بە سەرکەوت و پێشکەوت و سەربەرزی گەلەکەیان گەشاوەنەتەوە و حەساونەتەوە و تروووسکاوەنەتەوە؛ تەنانەت بە بیستنی هەواڵی پێگەیشتوویی ڕۆڵەکانی گەلەکەیان تروووسکە و برووقەی شادی و دڵگوشادی لەنێو چاوانیان وەدیار کەوتووە و شایی لەدڵیان دا گەڕاوە!
ئەو مامۆستایانە ڕێز و حورمەتێکی یەگجار زۆریان بۆ نووسەران و شاعیران و لێکۆڵەرانی کورد داناوە و

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

خوێندنەوەی کتێبی نووسەرانی کوردیان بە هەل و دەرفەتێکی زێڕین زانیوە بۆ بردنە سەری ڕادەی زانست و توانست و لێکدانەوەی کۆمەڵناسی و گەلناسی و بۆ گەشەی باری زمانزانی و هەروەها بۆ پەرە و پەروەردەی بڕشتی بیرگە و زەین و بۆ زاخاوی بیر و چێشکەی جوانیناسانە! ئەو مامۆستایانە لە خوو و خدە و ئاکارەی بەرز و تەزی وەک قنیات و خاکەڕایی و بێتەماعی و داوێنپاکی و نەفسبەرزی و ڕەوشتبەرزی و خێرۆمەندی و دەستپاکی و بەخشەری و میوانگری و سەربەخۆیی و خۆڕاگری و سەقامگیری و دامەزراوی و نەگۆڕی و یەکڕەنگی و بێفڕوفێڵی و بێڕیایی و ڕاستگۆیی و حەقوێژی و...دا وێنەیەکی تەواو دیار و زۆر بەرچاوی چینی مەلای ساڵی ساڵانی کوردەواری بوون!

هەر چەند ئەورۆکە و لە چاخی سەردەم دا ڕادە و ڕێژەی ئەو دیمەن و ڕوخسار و وێنە دیار و بەرچاوانە زۆر لە کەمی و کورتی و کزی داوە و ئێجگار بەدەگمەن هەڵدەکەون، بەڵام دیسان زۆر بە شانازییەوە ئەورۆکەش وێنەکان و ڕوخسارەکانی هاوچاخی مەلای دیار و بەرچاوی کوردی موکریان لە ژیان دان کە وەک تاپۆیەکی ژیکەڵە و بچکۆڵە و وەک پۆڕترەیەک و وێنەیەک لە قوارەی گەلێک بچووکتری مەلای ساڵی ساڵانی کورد لە کۆمەڵگای کوردەواری دا سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی دڵسۆزانە و شێلگیرانە ی ئەرکەکانی پێوەندیدار بەو بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەخلاقی و نەتەوەییەن، بەڕێزانێک وەک : مامۆستایانی ڕێزدار و پایەبەرز مەلا سابیر خودا مرادی، مەلا عومەر ساڵحی ساحیب، مەلا عەبدوڕڕەحمان ناسری، مەلا حوسێن ئیبراهیمی، مەلا حوسێن گورژی، مەلا سەید مستەفا مەحموودیان، مەلا عومەر ئیمام،مەلا ڕەشید بورهانی شنۆیی، مەلا محەممەد ئەدیبی، و هەروەها زۆرێکی تر لە مامۆستایانی دڵسۆز و خاوەن هەست و هەڵوێست کە بە داوکاریی ئەوپەڕی لێبووردنەوە دەبێ ڕایگەیێنم کە ناکرێ لەو مەودا بەرتەنگەدا ناوی هەمووی ئەم وێنە و ڕوخسارە دیار و بەرچاوانە یان تەنانەت ناوی زۆربەیان بهێندرێ؛ دیارە پتر وەک وێنە و هێمایەک و پتر و پتریش بۆ بەرزڕاگرتنی داب و نەریتی کوردانە و مسوڵمانانەی ئەمەکناسی و پێزانین و قەدرناسی بۆ زیندووان، ئەو چەند کەسایەتییە ئایینی و نەتەوەیی‌یانەی وا هاوکات:١ـ پێشنوێژ و وتارخوێن و مودەڕڕیس و دەرسوێژی زانستە ئایینی‌یەکان بوون/هەن(=وەک ئاماژە و هێمایەک بۆ لایەنی ئایینی ئەوان) و؛ ٢ـ هەروەها شوێنەوار و ئاسەواری بڵاوکراوەیان بە زمانی کوردی هەیە(=وەک ئاماژە و هێمایەک بۆ لایەنی نەتەوەیی ئەوان)، ئاماژەم بە تاقمێکیان کردووە و ناوم هێناون. خوای کارساز و کاربەجێ و خاوەن بەزەیی و دڵۆڤان لیزگە و زنجیرەی نەپساوەی مامۆستایانی ئایینیی دڵسۆز و بەرپرسیار و ئایینی ـ نەتەوەییی کورد، کە وەک مەلای ساڵی ساڵانی کوردەواری تێنووی ڕاژەی گەل و نیشتمان و زانست و مەعریفە و دین و ئایین و نەتەوەن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ درێژتر و درێژتر و درێژتر کات.ئینشاڵڵا، بە تەمای خودای کارساز و کاربەجێ و بە پشتیوانی و یارمەتی ئەو.



مەریوان. جەمال ئیمانی



سەرنجێکی جەستە لە سێدارەدراوەکەی دا. لە ژێر پردێکدا لە سەر شاقەمەکە هەڵواسرابو. هێشتا لە بەر باکەدا شەکەی دەهات. کەوتە بیری جوابی پرسیارەکەی:

ـ ئەو پیاوە دزی کردبوو!

مووچرکەیێک بە لەشیدا هات. تەماشای هەردوو ژنەکەی و منداڵەکانی کرد. هەر پێنج منداڵەکەی لە گۆشەی شەقامەکە بە ڕیز دانا. سێ کچ و دوو کوڕ!

لەتە مقەباکە و زووخاڵەکەی دایە دەستی منداڵە گەورەکەی. بە کزییەکەوە وتی لەسەری بنووسە:


پێنج منداڵ، تەنها بە چوار هەزار ئەفغانی!




## جەللاد

شێعری: نازم حیکمەت

وەرگێڕ: سووتاو. مەهاباد



تەرمەکەشم لەژێر چەکمە کانتان
نامێنێتەوە، هەڵدەستێتەوە
ئێوە بێ هێزترلەوەن بەچۆکم دابێنن
دارە مەیتمەلەسەردەستتان وەرێ ناکەوێ
وپەیژەکان بۆ گەیشتن بەمن کەم دێنن
دەبمە هەسارەیەک،
وەک خۆرەک مانگ وێرای باران دەبارم
وە جیهان لە وردە گوڵەکانم تەژی دەکەم
دەبمە هاوارێکی شادی هێن
لەسەرلێوی زارۆکانی ڕاوەستاو لەناوبەفردا
ودبمە بلقی سەرسینگی قیلەتاو
وئێوە لەنێو زبڵدان دا هەرمانن
ولە خەبات وهەستان ولەرزە زراوتان تۆقیوە
باری لۆرێکان،
ڕواڵەتی شاد وگرژێکان
لەتکەکانی جەستەیمنن،
کەدەبنە شێعر
لەهەموو شوێنێک هەم وسەربەرزم
ئاگرم تێبەردەن یان بمنێژن
چ لەگۆڕستانبم یا نەبم
تەڵقینم بدەن یا نەدەن
گەردنم ئازاکەن یانەکەن
بۆمن تەوفیری نیە
هەر بەڵایەکم بەسەربێنن
مناڵەکان دەکەونە شوێنم
هەموونیوە شەوێ کە کۆمەڵگا لەخەودان
لەمن چیرۆکی تازەیان دەوێ
کاتێ بیستیان
وێرای شەونم وکازیوە
خەوی نازیان لێدەکەوێ
ئێوە دەڵێن مناڵ لەمردوو دەترسێ
بەڵام زارۆکەکان سەیرم دەکەن
لەپشت جامی ماڵەکەیان دەستیان
بۆم ڕادوەشێنن
لەسەر تەناف
هەڵپەرکێی جردەکانم لە بادا سەیردەکەن
من پربە دڵم ڕاوەستان
لەبەرابەرتاقمی جەللادانم هەڵبژاردوە
من بە مەیلی خۆم ژیام
وبە مەیلی خۆم مردم
ئەی جەللادەکان
ئێوە لەپێزی زمانی من
تائیمرۆ درێژە تان بەژین داوە



سنە. ڕەحیم لوقمانی

بەڵێن بێ چیتر گوڵی وشەیەک
نەدەم لە ئێخەی بۆنەکانی ساڵ
چون ئەو ڕۆژانە،
دەنکە تەسبیحی سووتاوی دەستی پیرسیاسەتن!
ڕۆژی جەولانی دروشمی ڕەنگن!
چونکا کرێکار، وەرزی ژیانیان،
بە کوڵی چیا و چیایەک لە کۆڵ!
هەموو ڕۆژێ لە سەنگەری دەستوورەوە
پیرۆزبایی چەپڵەبارانی تفەنگن!
بەڵێن بێ چیتر ، گەزۆی هاوارێک
نەنێمە زاری ڕۆژی مامۆستا!
چون مامۆستا هەموو ڕۆژێ
لە پشت فەرمانی تاکسیدا
نەفەر نەفەر، تمەن، دینار
خەڵکی شار و قوتابیانی دەڵێتەوە
هەموو ڕۆژێ بە قەڵەمی بێدەنگیەوە،
بە 'قەڵەمە'ی بێ گۆشتەوە
وانەی ژیان، بۆ خێزانی دەڵێتەوە!
بەڵێن بێ چیتر ، بووکەڵەی شێعرێک
نەدەمە دەستی ڕۆژی منداڵان
چونکە منداڵ هەموو ڕۆژێ
لە جیاتی جێژن و وانەی نان
جەستەی برا و تەرمی باوکیان بۆ دێننەوە!
چون منداڵان هەموو ڕۆژێ
شەقام، کۆڵان، زبڵاوزبڵ
نانەوردەی عەدالەت و
کەوشەکۆنەی دیموکراسی و
ڕۆحەشکاوی سیاسەت و کارتۆنی ئەخلاق و
قوتووی بۆگەنیوی ماف و
وردەوانەی پیرۆزبایی دەخوێننەوە...!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## تێبێنییەک لە سەر وتاری ئەم دواییەی مامۆستا شێرزاد حەسەن

سنە. پژمان حەبیبی



مامۆستا شێرزاد حەسەن یەکێک لە قەڵەمە دیار و بەهێزەکەی کوردە کە ساڵەهایە لە بازنەی ڕۆماندا بە قەڵەمی زۆر جوان و کاریگەری دابونەریتەکانی کۆمەڵگا دەخاتە بەر پەلاماری ڕەخنە و تێدەکۆشێت ئاسۆیەکی لێوانلێو لە خۆشەویستی بۆ مرۆڤ بۆ دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگا بخوڵقێنێت.

لەم وتارەی دواییدا هەر وەک پێشوو بەڵام تۆزێک ڕاشکاوانەتر هەڵسووکەوتی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەروەها دەسەڵاتی سی ساڵەی پارتی و یەکێتی دەخاتە ژێر تێخی تیژی ڕەخنەی زانستییەوە، بەداخەوە چەشنی چاخەکانی پێشووی مێژووی ئەم دەڤەرە زۆر ناجوامێرانە هەڕەشە و گوڕەشەی توند لەو مامۆستا بەڕێزە کراوە.

منیش بە پێشنیاری زۆرێک لە دۆستان وێڕای پرۆتستۆکردنی ئەو هەڕەشە و گوڕەشانە وەک یەکێک لە لایەنگرانی قەڵەمە بەهێزەکەی ئەو مامۆستا بەڕێزە حەز دەکەم شرۆڤەیەکی کورت بۆ ئەو وتارە بکەم:

- ئەوەی مامۆستا دەفەرمێت کە دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە دەسەڵاتی باشوورەوە هەموو توانایان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی مرۆڤی قەتیسکراو لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا بار بهێنن شتێکی زۆر زانستی و حاشا هەڵنەگرە و دڵنیام بە دڵی هەموو مرۆڤێکی لایەنگری زانستەوە دەنیشێت و شیاوی پێزانینێکی زۆر بایەخدارە بەڵام دەبێ بزانین بارهێنانی گەنج لە باشوور بە ئایدۆلۆژیای نەتەوەییەوە پتر ناچارییە و دژکردەوەیە بۆ هەوڵدانی وڵاتانی نادێموکراتیکی دراوسێ باشوور کە زۆر تۆخ و ناجوامێرانە لە کورپەی دێموکراسی باشوور بۆ لاوازکردن و لە ناوبردنی دەسەڵاتی باشوور کەڵکوەردەگرن.
- قیاسەکەی مامۆستا بۆ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە گەڵ وڵاتانی باکووری ئەورووپی لە بوارە جیاجیاکاندا قیاسێکی زۆر درووست، زانستیانە و تا ڕادەیەک کردەوەییە
- ئەو بەشەی وتاری مامۆستا جێگای سەرنج و تێرامان و تا ڕادەیەک جێگای ڕەخنەیە، ئەوەیە کە دەفەرمێت:

ئەو پێشمەرگانەی کە لە پێناو کوردستان گیانیان بەخت کردووە ئەگەر ئێستا زیندوو ببنەوە لەو کردەوەی خۆیان پاشگەز دەبنەوە؟!" ئەم وتەی مامۆستا کاتێک درووسە کە پێشمەرگە تەنیا بۆ ودەسهێنانی ئابووری باش گیانی بەخت کردبێت، بەڵام ئاورێک لە هەڵسوکەوتی حاکمیەتی دڕندەی عێراق لەو کاتەدا بدەینەوە خەبات بۆ ژیانی باش لە کەمترین ئاستدا بووە، شۆڕشی پێشمەرگە پتر بۆ ئازادی و دژکردەوە بووە بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی دڕندانەی حیزبی بەعس وەک ئەنفاڵ، ڕاگوێزان و قەدەغەی زمان و کلتووری کوردەواری.

- منیش هاوڕای مامۆستا شیرزادم کە دەسەڵاتی باشوور گەندەڵە، بارودۆخی ژیانی خەڵک بەنسبەت کاتی حکوومەتی بەعس خراپترە و جێگای ڕەخنەی توندیشە بەڵام دەبێت بۆ ئەم دیاردانە و بڕیاری ڕاشکاونە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و گرنگ لە بەرچاو بگرین:

ڕاستە خەڵکی باشوور مافی خۆیە و زۆر ئاساییە کە حکومەتی هەرێم بە سەرچاوەی هەرە گرنگی قەیرانی ئابووری باشوور بزانێت بەڵام چاوەڕوان دەکرێت مامۆستایان ڕووناکبیر ڕوانینی بەربڵاوتر و فرەڕەهەندتریان بۆ سەرچاوەی کێشەکان هەبێت و هوشیارانەتر بڕیار لە سەر بارودۆخەکە بدەن. خۆزگە ئەو مامۆستا بەڕێزە کاریگەری دەسەڵاتی عێراق و نەهاردنی بەئەنقەستی بەشە بودجەی کوردستان لە سازدانی ئەو قەیرانە، کاریگەری دنەدانی میدیای ئۆپۆزیسیۆنی باشوور بە پاڵپشتی وڵاتانی دراوسێ بۆ لە ژێر پێنانی بەها نەتەوەییەکان وەک پێشمەرگە، ئاڵا، ئازادی و... هتد بۆ لێسەندنەوەی متمانە بە بەها نەتەوەییەکان لە گەنجی باشوور، قیاسی ئازادی میدای، حیزب و... هتد باشوور لە بوارە جیاجیاکاندا لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەت وڵاتانی دراوسێ باشوور لە بەرچاو دەگرت و ئەوسا ئەو بڕیارە توندەیان دەدا.



## ژیاننامەی هونەری ڕەسووڵ قادری

### فەوقی مومتازی خۆشنووسی

ئەمن ڕەسووڵی قادریم
خەڵکی سەردەشت لە دایکبووی ساڵی ٢٦٧٥ی کوردی (١٣٥٤ی هەتاوی) ژیانی هونەریم لە پێش چوونم بۆ قوتابخانە دەستیپێکردوە

لە وێنەکێشاندا بەهرەیەکی خواییم هەبوو بە جۆرێک کە لە ساڵی یەکی سەرەتایی مامۆستای بەڕێز و زەحمەتکێشم کاک هەمزەی قادری ـ سڵاوو ڕێزم هەیە بۆی و لە هەر شوێنێکە ئینشائەڵلا خودا سەلەمەتی کات ـ نازناوی نەققاش(وێنەکێش) ی پێ بەخشیم و هەموو ڕۆژێ لە پۆلدا بانگی دەکردم دەیفەرموو پێم:نەققاش نەقاشیەکەت بێنە بزانم چت کیشاوە؛ کە دەمبردە خزمەتی بە نمرەی ٢٠بۆی واژۆ دەکردم و بە خۆشحاڵیەوە دەچووم لە سەر کورسیەکەم دادەنیشتمەوە کە، ئەو کارەی مامۆستا هۆکارێک بوو بۆ زیاتر گەشەکردنی من لەو بوارە دا هەر ئەوساڵە لە ڕێی کتێبەکانی وەستا ئەبووبەکری برام فێری خوێندن و نووسینی زمانی شیرینی کوردی زمانی دایکیمان بووم

دواتر ساڵی ٢٦٨٨ی کوردی(١٣٦٧ی هەتاوی) لە پۆلی شەشی سەرەتایی لە ڕێی کتێبی هونەر لە گەڵ خۆشنووسی ـ کە ئێستاش نووسراوەکانی ئەوکاتم ماوە ولە ڕێی گۆڤاری ئەوکاتی سروە ـ ژمارە یەک هەتا ٣٢زیاتر لەگەڵ زمانی کوردیدا و شێعرو نووسراوەی کوردی ئاشنا بووم و لەو کاتەوە بە بەردەوامی و بە بێ پسانەوە خۆشنووسی دەکەم و هەتا ئێستاش بەردەوامم و بە شانازیەوە نووسینەوەی هەزاران شێعر و وتەی نەستەقی ناودارانم بە نسیب بووە..

بە هەموو جۆر پێنووسێک و لە سەر هەموو جۆر لێنووسێک بە تایبەت لەسەر کاغەز و دار چوونکە مانەوەیان زۆرە؛ دەنووسم. ئەوەش چەند نموونە لە کارەکان:














## تکایه با مرۆڤ بین

هەرێمی کەسی (Privacy)

مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی

هەر مرۆڤێک بۆ خۆی یاسایەکی تایبەتی هەیه، که جیاوازه له ئەو یاسایانەی که کۆمەڵگا،ئایین و یان بنەماڵه بۆی دادەنێ،
بۆ وێنه بیرەوەری، حەز و ئاوات، بیرورِا، و برێ زانستی کەسی، که بەپێی ویستی خۆی یا ئاشکرای ناکات یان بۆ هەڵبژاردانی شەریک بەپێی متمانه، سەربەسته،
هەرکەسێ بۆ خۆی خاوەنی بیر و بڕوای تایبەته، و ماڤی هیچ لایەنێ نییه هەوڵی پێزانین یان پشکنینی بدا تەنانەت حکوومەتەکانیش،
که به " freedom ـ of ـ thoughtناونراوه،

هەرکام له ئێمه له نێو ماڵی خۆماندا خاوەنی فایل یان کەشاوێکین، برێکمان قڵفی لێ ئەدەین و برێکیشمان بەکراوەیی ئەیهێڵینەوه باسی هۆکارەکەی ناکەم!
له جەستەی هەر مرۆڤێکیشدا ئەو فایله که چەندین فۆڵدێر یان کەشاو له خۆی دەگرێ هەیه که ئەویش مێشکه، زۆرکەس هەن بیروڕایان به نهێنی ئەهێڵنەوه مەگەر ئەوەی خاوەن متمانەیان دەست کەوێ و دەردەدڵی لەگەل کەن و هەندێکیش ئاشکرا لای هەموو کەس باسی ئەکەن،


باسی من لەسەر دەستەی یەکەمه!
له دەستووری هەموو وڵاتێکدا هەوڵدان بۆ پشکنینی ئەندێشه و بیری تاک ڕێگەپێنەدرواه،
بەڵام له وڵاتانی "توتالیتر"دا سەرەڕای ئەو یاسایەی که دانرواه به شێوەگەلی جۆراوجۆر وەکوو ئەشکنجه، تۆقاندن و پێدانی برێ دەرمانی هۆشبەر هەوڵ ئەدرێ بیروڕای تاک ئاشکرا بکەن، پاشان یان له نێوی بەرن یان تووشی خەمووکی بکەن!

هەندێ جاریش برێ له تاکەکانی کۆمەڵگا هەن سەرەڕای ئەوه که دروشمی جوان و بریقەدار دێننه سەر زار و یان ئەینووسن بەڵام له دونیای واقێعدا پابەندی هیچ یاسایەکی ئەخلاقی نین!
ئەو جۆره کەسانه "سایکۆلۆژیی "ەکی لێکترازاویان هەیه تا ڕادەیەک که خۆی له سادیسم دا دەبینێتەوه،

له تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا هەر تاکێک و هەرێمی تایبەتی خۆی هەیه، و لەوێدا نووسراوه،وێنه،ویدیۆ و...هەیه، جا ئیتر به کەیفی خۆی هەرچی پێ خۆشبێ تاکەکانی دیکەی تێدا شەریک دەکا،
سێ دەسته هەن که بۆ دەستگەییشتن به pvتاک هەوڵ ئەدەن!
یەکەم : حکوومەتەکان،
دووهەم: هەکرەکان
سێهەم : کەسانی ئاسایی
که کاری هەر سێ دەسته دووره له هەموو ئەخلاق و بەهامرۆڤییەکان...

"بێن با مرۆڤ بین و پەرژینی هەرێمی کەسی هیچ کەس نەڕووخێنین"

## شەرت و پەیمان!



**بۆکان. ئاسۆ**

شەرت و پەیمان وا بەڕێزە گەر شکانی تیا نەبێ
پیاوەتی کاتێ بەهێزە قەت وچانی تیا نەبێ

ساقی گەر پیاڵەی پڕی پێدای لە دەستی وەرگرە
مەستی وا خۆشە ژوومارەی ئیستیکانی تیانەبێ

هەر کەسێ هات و بەکەس خۆی پێ نیشاندای کەس نیە
خۆشە مێژووش سەرگوزەشتەی ناکەسانی تیا نەبێ

ئاوی عیشقە، خاک و خۆڵی بێکەسی دەشواتەوە
سفرە باهەر تیکە نانی هەندەرانی تیانەبێ

چاوی تۆ چاری نەخۆشینی دڵی چۆڵم دەکا
چۆڵ دەبێ شوێنێ ئەگەر چەن چاوە کانی تیانەبێ

گۆی زەوی وەک تۆپی فوتباڵە خڕە و باری نیە
پووشە لای من گەر خەریتەی کوردستانی تیا نەبێ

تۆو ڕەقیب و ئەمن و شیعریش هەر کەسێ خۆی و گوڵی
لێی گەڕێ تەقسیمی گەردوون با تەبانی تیا نەبێ

ژین وەهایە شادی و گریان بەیەک بەسرانەوە
نەمدی گریانێ سبەی قاقاکێشانی تیانەبێ

سەد قەڵاکۆن تازە بوو، سەد تازە کاخیش داڕمان
چیتە ئاسۆ؟ تۆ دەڵێی ژین داڕمانی تیانەبێ؟



**لەیلاخ. مام خەیاڵ**

چۆن لە ناکاو بە جێت هێشتم لەم خەمە
سوێند بە گیانت ژینی بێتۆ ماتەمە
سەروماڵم هەمووی دانێم لە ڕێتا
باوەڕت بێ زۆر نییە هێشتا کەمە

❋❋

خەوەریان دا، کە دەشتستان بەهارە
بە خوێن فاییز زەوی وەک لالەزارە
خەبەر بۆ داییکی پیرم بەرن زوو
کە فاییزت بە تەن، دوژمن هەزارە

وەرگێڕ : مام خەیاڵ



**مەهاباد. شاهۆ موکریانی**

قەڵاییکی بە سۆزی ئاورینم
غە زەل سووتا بە هەستی پڕ لە تینم
لەسەر ئاسۆی بەتاوی پڕ تریفە
بەدڵ گرشەی گەشی زێدم دەبینم

❋❋

کێ وەکوو من دڵەکەی پڕ لە کوڵە
پڕ لەخۆشی وەتەن وئاوو گڵە
دڵی کێ وەک دڵی من ڕوو بە هەتاو
ڕوو بەئاسۆ وگڕی سەر پنجی کڵە



## زستان

سەقز. پشکۆ یاسینی

بەفری پاییزی دەبارێ وەرزی دڵ زستانییە
گوڵوەرێنە بای خەزەڵوەر چاوەکەم بارانییە


ئەو گەڵا زەردەی وەریوە ڕۆژەکانی ژینمە
بەو کرێوەی گرتی جێژوان ئەو دڵەم شەوژانییە

بەم پرووشەی بەفرە دونیا پڕ لە یەکرەنگی بووە
کەی هەزار ڕەنگی لە ژینا خوو و خدەی ئینسانییە!

گوللە پێکای سوورگوڵی دڵ، ئۆف بە زارمدا نەهات
زایەڵەی نێو بەفر و خوێنم داد لە بێوێژدانییە!

دڵ لە ڕێبازی ئەوینا خۆرەتاوە گیانفیدا
تیشکی ڕۆژ کەی گوێی لە دڕک و داڵی ڕێگەی کانییە؟!

بۆیە باهۆز ناخی پشکۆ، کۆ بە کۆ توێ‌توێ ئەکا
چونکە ترسی گڕپژێنی، هەژگەڵی کوێستانییە!



## میرزا عەبدوڕڕەحیمی ساباڵغی "وەفایی"

دڵ دەناڵێ، دەم بەدەم؛ سوتاوی تاوی فیرقەتە
بولبولە بۆ ڕوویی گوڵ؛ دڵ پڕ لە داخ و حەسرەتە

چاو پڕ ئاو و دڵ پڕ ئاور، دڵ بە دولبەر چاوەڕێ
ئەی خودا! دەردی جودایی چەند گران و زەحمەتە!

مردم و نەمزانی؛ ئەو ئاورەی منی سوتاند چ بوو؟!
حاسڵی سەیر و سلووکی ئاشقان، هەر حەیرەتە!

مردم و هەرگیز نەگەیمە قیبلەکەی تاقی برۆت!
ئاخر ئەی قیبلەی موڕادان! تا بە کەی ئەم حەسرەتە؟!

ڕوح لەسەر لێو،چاوەڕێتم! ئەی تەجەللای نووری توور!
هێندە جارێک خۆت بە دڵ بنوێنە! مەرگم حەسرەتە!

ڕەمز و غەمزەی یەک نیگاهت قەلبی کون‌کون کردووم
بوومە جێی دەسرێژی تورکان؛ بۆیە جەرگم لەت‌لەتە

## وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی لە شاری هەڵەبجە



ساڵی ١٩١٩ی زایینی، دانیشتوو لە ڕاستەوە: خاتوونی بەناوبانگ عادیلە خانم (هاوسەری عوسمان پاشای گەورەی جاف و دایکی شاعیرانی گەورەی کورد تاهیر بەگی جاف و ئەحمەد موختار بەگی جاف) لەگەڵ خێزانی میجرسۆن باڵوێزی وڵاتی بریتانیا و لە ڕاستەوە ڕاوەستاو دووهەم کەس شاعیری گەورەی کورد ئەحمەد موختار جاف و هەر وەها ڕەعنا خانم خێزانی ئەحمەد موختار جاف، سەبیحە خانم و ناهیدە خانم کچی عوسمان پاشا جاف و عادیلە خانم و سەعادە خانم کچی تاهیر بەگی جاف و ئەو لاوەش حەسەن فەهمی بەگی جاف کوڕی ناهیدە خانم و نەوەی عادیلە خانم، ڕووحی بەرزیان شاد و یادیان هەرمان بێ، پێشکەشتان بێ هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی کوردستان...

«بەسپاسەوە موحیب مەهابادی»



## قەدەری خەونەکان

سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی

لەسەر بانیژەی؛
قەدەری ئەم بوونە مەوەستە
نەبادا وەک چاوی سەوزی"هەڵەبجە"
بەدەم بای ئەم قوتبی مەرگەوە
بێوادە هەڵوەرێی
وەک دڵی"مەولەوی" هەڵقرچێی
لاولاوی ئەوینی"نالی"بەو
بەبەژنی زراڤی"حەبیبە"دا هەڵزنێ
نەک قەدەر؛
دەستی ڕەشی مەرگیش نەتوانێ
کە ئێمە لەباخچەی ئەوینا هەڵکەنێ.

لە سەر بانیژەی
قەدەری ئەم بوونە مەوەستە
نیگات هێندە ئاوێزانی دەریا مەکە
نەوەک ڕەنگی شەپۆل بگریو
ناخودای خەونم غەرق کەیت
لە پەنجەرەی گومانەوە
لەو نەورەسە کۆچەرییانە مەڕوانە
لەزەردەپەڕی ئێوارەیەکی هاوینا
پەی بەناخی دەریا دەبەن و
ڕاڤەی خەونی ئەو ماسییانەمان بۆ دەکەن
پێیان وایە نیشتمان جگە لە سەرابێک
ئامێزی سۆزانییەکە
بۆ گشت پیاوێ ئاوەڵایە
پیاوە شەرعییەکەی نەبێ.

بەسیمای نوورینتا دەڵێن بۆ خواوەند دەڕوانی
هەتا زێدێکمان بداتێ؛
شەربەکانی پڕبێ لە ئاوی زەمزەم و
سێوەکانی لە هەنگوینی مەحەبەت.
زێدێک، دیرۆکی بەتاڵ بێت
لە هەڵوەرینی ئەستێرەو
نیگای کارمامزەکانی
دووربێ لە ڕەوەزی گومان.

## گوڵە سوتاوەکانی حەقیقەت


باخەوانێک بەخەم ساردییەوە؛
بیر لەزەردبوونی ئەو گوڵانەو
ژاکانی پەڕەی ئەو یاسەمینانە دەکاتەوە
عەیامێک بەدیار بینینی خەونێکەوە
گەڵای وەریوی کالیپتۆسەکانیان دەژمارد.
بێئەوەی بیر لەو"با"یە بکەنەوە
ڕێڕەوی فڕینی پەپولەکانی گۆڕی و
چاوی کانیەکانی بەرائەتی کوێر کردەوە.
باخەوانێکمان هەبوو بەخەم ساردییەوە
بەباڵی ئەو پەپولانە
باوەشێنی ئەو گوڵە هەڵقرچاوانەی دەکرد.
کەسێ نەبوو پێمان بڵێ
ڕێگاکانی عەشق
دەمانبەنەوە ئاتەشگەکانی هەلابوون.

باخەوانێکمان هەبوو فێری کردین
سەرمەستانە بۆنی ئەو سێوانە بکەین
بێئەوەی پەی بەگەرای مەرگ بەرین
کە لەناو سێوە کرمۆڵەکاندا
خۆیان لە بۆسە نابوو
باخەوانە خەم ساردەکە
بەدیار خوێن لەبەر ڕۆیشتنی گێلاسەوە
موناجاتی سووتانی ئەو پەپوولانە
بۆ ئەو گوڵانە دەگێڕێتەوە،
لە یەکەمین شەوی هیجرەتدا
قەدەر یەکەمین بزماری
بەتابووتی یەکەمین خەوندا داکووتی و
کەسێک نەهات، ڕاڤەی خورپەی
دڵی ئەو دارانەمان بۆ بکات
بەر لەوەی دەمی تەورێک
خۆی لە لەشیدا گوم بکات.
ئەو باخەوانانەی ئێمە؛
تەبیعەتی زێوانیان گرتووە،
لەگەڵ وەرینی هەر گوڵێکدا
لەگەڵ سووتانی باخچەکانی بەرائەتدا
بوخچەی یادەوەریمان توڕدەدەنە
ئاتەشگەکانی فەلاکەت.

## قانع؛ قوتابیی حاجی‌قادری پێشەنگ و، مامۆستای پەشێوی پێشڕەو



مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان،
زمانناس و توێژەر




مامۆستا قانع شاعیری چەوساوەکان و داماوەکانی گەلەکەیەتی و پەرەپێدەر و داڵدە و داشداری بیری نەتەوەیی و بیرۆکەی شوناسخوازانەیە و قوتابیی قوتابخانەی حاجی قادری کۆییە پێشەنگە. قوتابی بوونی قانع لە ڕووی هزر و بیریەوە و لە جەغزی بیری نیشتمانپەروەری و شوناسخوازییەکی پاکژ دا وێنا و مانا دەکرێ، کە حاجی پێشەنگی ئەو بیرە شوناسخوازانە و ڕچەشکێنی ئەو ڕێچکە پێشکەوتنخوازانەیە لە ئەژمار دێ و ئەمە گفتێکە کە گشت لا لەسەری هاوڕان. لە لایەکی ترەوە دەکرێ بێژین قانع بەردەبازی بەر ڕێچکەی شەتەک دانی بیری نەتەوەخوازی پێشکەوتنخوازانەی کوێستان و گەرمێن و ڕۆژهەڵات و باشوور بووە بە ٣واتا و ماناوە:

یەکەم) بەو مانایە کە قانع خۆی لە ڕۆژهەڵات لەدایکبووە و لە درێژەی ژیانی دا لە باشوور گیرساوەتەوە و پشکۆی ئاگری نیشتمان دۆستی و گەلویستی لە هەر دوو بەش دا داگیرساندووە و ئایساندوویەتی و شۆق و شەبەقی ئەم داگیرسان و ئایسانە قەد و لاپاڵەکانی هەر دوو بەشی گەرمێن و کوێستانی بەیەک ڕادە داگرتووە و خێوەتی ئەدەبی بەرگری و خۆڕاگری ڕاگرتووە و دواتریش بە هۆی پێشکەوتنخوازبوونی بیرۆکەی شێعرییەوە، زۆر کەس و کەسایەتی بوونەتە گراوی باڵای تەرز و بەرزی هۆنراوەی قانع و دڵگری و دڵئەنگێوی بیرۆکەی شێعریی قانع، ئینجا قوتابی زۆر ناودار و پێشڕەو لە قوتابخانەی هزری قانع دا پێگەیشتوون و لە هەموان بەرچاوتر و دەروەستتر و شوێندانەرتر و خاوەنشێوازتر: پەشێوی مەزن و خاوەنشکۆ؛

دووهەم) مەشغەڵی بیر و هزری قانع بە هۆی گڕ و تینی ئەو ئاگردانە بیریارانەیەی لە حاجییەوە بۆی بە میرات ماوەتەوە، لە لایەکەوە، و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ئەو داهێنان و ئافراندنە نوێخوازانەیەی پەشێوی مەزن لە باری فۆرم و ڕواڵەت و توێکڵەوە کە هاوتای ئاواڵدوانەی ناوئاخن و ناوەڕۆک و توێکڵی هۆنە و ڕاسپاردەی شێعری قانع و حاجی بووە، ئەوانە تێکڕا و دیسان ڕووناکیدەری قەد و لاپاڵەکانی کوردستانی کوێستان بوون و ئێستاشی لەگەڵابێ تیشک و شەبەقی ئەم شێعرە و ئەم بیرە وەک خۆری بەگڕ و گوڕی هاوین کۆڕی وێژەی پێشکەوتنخوازانی گەل و نیشتمان گەرم و ڕووناک ڕادەگرێ؛

سێهەم ) بە هۆی پەشێوی مەزنەوە و ئەو ئاڵوگۆڕە ناهاناوەکی و غەیرەجەوهەرییەی وا لە ڕواڵەت و توێکڵ و فۆڕم دا بۆ ئەم بیر و کاکڵەی دۆزییەوە و دەروەست بەم کاکڵ و مانا و ڕاسپاردیە ماوە و توێکڵیخۆی و کاکڵی قانع و حاجی وەک ئاواڵدوانە، زۆر وەستایانە و مامۆستایانە، پێکەوەی لکاندن و لێکیگرێدان و کردی بە ڕایەڵ و پۆی تەونی نەتەوەخوازی پێشکەوتنخوازانە، ڕێک بە هۆی ئەم مێکانیزمە "جوانیناسە ـ بیریارانەیە"ی پەشێوی مەزنەوە، دیسان تیشکی بیر و هزر و هۆنەی قانع بە تێکشکدانەوەیەکی بەربڵاو گەڕایەوە کوردستانی کوێستان و سەدان قوتابی مکوڕ و شێلگیر سەرقاڵی گەرمداهێنانی ئاگردانی ئەم بیرۆکەیە و ئەم شێوازە داهێنانە دەروەستە بوون و لە سەرووی هەمووانەوە قوتابی هەرە گەورە و ناسراو و دەروەست و شوناسخواز و خاوەن هەست و هەڵوێست، مامۆستا جەلال مەلەکشا، کە خۆی قوتابخانەیەکە و سەدان قوتابی و گراوی هەیە.

هەر شەکاوە بێ ئاڵای بیر و هۆنەی حاجی و قانع و پەشیو و جەلال.



مەهاباد .جەعفەرمەعرووف(ژیار)

ئەی وەتەن خورپەی دڵم تۆی بێ تۆ ژینم بۆ چییە
زامی دەردی تۆم هەبێ دەی پێکەنینم بۆچییە
با پچۆڕێ خوێنی جەرگم وا لە ناو باخی ژیان
گڕ بدەن با تێر بسووتێ ویشکە دینم بۆ چییە
هەرکە خوێنی دادەچۆڕێ لەو لەشی تیر لێ دراو
تۆ کە دڵداری ئەمن بی خاتووزینم بۆچییە
سەردەمێکی زۆر ژیاوم هەر لەگەڵ عیشق و ئەوین
لارە گوارەی سەد پەرەنگی بووکی چینم بۆچییە
وەختێ ئاڵای ئەم وڵاتە بۆتە ڕازاوەی دڵم
ڕایدەژێنم لانکی ژینم بای شەوینم بۆ چییە
سرتەسرتی کەوهەوێردان دێ لەناو باخی ژیان
تاکوو باشوو بم لە شاخا کۆتری شینم بۆچییە
تا وڵاتی سەوزەڵانی پڕ لە باران بێ "ژیار"
شۆڕەشۆڕی ژێر دەواری بێ ئەوینم بۆ چییە



ئیلام .رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"

دوارە ئەور واران هاتە دی لەی
دوارە سەوزەزاران هاتە دی لەی

تکێ لەو پرچ ِ فیسیاگە تکانن
دە قەێ وەفر و وهاران هاتە دی لەی

م بردەو وەرد، ئەو نوستالوژیکە
خیاڵت جار جاران هاتە دی لەی

چەنێ خوەش بی، خوەم و خوەت، ئوو خیاڵان
دە "جاران"ێ ک "بانان" هاتە دی لەی

بوار ئەی ئەور، بێواران م بیمەو
بیاوانێ ک "عوسیان" هاتە دی لەی

م ِ "عوسیان"م ئەو عوسیانە ک زانی
ک هەم کوفر و هەم ئیمان هاتە دی لەی


م ِ وەرد تو وەگەرد ِ تو دوارم
لە دەرد ِ تو ک ِ دەرمان هاتە دی لەی

دڵت خوازێگ و نیەخوازی بوار
دڵێ ئەورین ک ِ واران هاتە دی لەی



سەقز. س.هادەوی "هاوار"

تۆ وەک دڵۆپی بارانی ،
ئەرژێیتە سەر جەستەی ماندووم ..
بە نامەت ئاوپاری دەکەیت ،
دارئەوینی لەدڵ چاندووم ..
کارێ وەهات پێم کردووە ،
دڵ کەندنم بۆ ئەستەمە ..
عەشق و ئەوینی تۆی ئازیز ،
ئارامی ڕۆح و جەستەمە..



بۆکان. هادی خودایی

ئەو جێگایەی تۆی لێ بژی
ئەو دەبێتە
نیشتمانم
بۆ گەیشتن بە ئامێزت
چەکی ئەوین لەسەر شانم
وێنەی هەڵۆ باڵ لێدەدەم
سنوورەکان دەبەزێنم



## ژیاننامەی سەلاحەدینی ئەیوبی

بانه. شەیدا ئەحمەدی



سەلاحەدینی ئەیوبی بە پاڵەوانی ڕزگارکەر ناسراوە

سەلاحەدینی ئەیوبی ناوی تەواوی ئەبو موزەفەر یوسفی شازییە، لە ساڵی ١١٣٦لە بنەماڵێکی ڕەوادی کە هۆزێکی کوردە لە شاری تکریت لە دایکبووە. زۆربەی ژێدەرەکان (نەجم ئەدین ئەیوب) باوکی سەلاحەدین ئەیوبی لە کوردەکانی شاری دووین ئەزانن و ڕەگەزی ئەو دووینە و لە سەر دین و مەزهەبی ئیمامی شافعیە.

دەنگۆیەک هەیە کە بنەماڵەی ئەو لە شەوی لە دایک بوونیا تکریت بە جێ دەهێڵن و بەرەو مووسڵ کۆچ ئەکەن و دووای یەک ساڵ لە عەلبەک خاکی لوبنانی ئەمڕۆیی نیشتە جێ ئەبن و باوکی ئەبێتە فەرمانڕوایی شاری تکریت. تەمەنی منداڵی و لاویەتی لە عەلبەک و شاری دیمەشق بەسەر بردووە.

ئەو هەر لە مناڵیەوە فێرکاریەکانی سەرتایی خۆی لەوێ تەواو ئەکات و بە هۆی پێگەی کۆمەڵایتیەوە هەر لە منداڵیەوە سەلاحەدین دەخرێتە بەر خوێندن و فێرکردن لە سەر دەستی زانا و ناودارەکانی ئەو ڕۆژگارەدا چەندین وانەی جیاواز لە بواری دەوڵەتداریی وبەڕێوە بردن و جەنگدا تەواوکردووە.

بەوتەی زۆربەی مێژووناسان سەلاحەدین کە مناڵ بوو لەدیمەشق ژیانی بردووتە سەر بەڵام دەسکەوتێکی زۆر ڕاست و دروست لە سەر ژیانی ئەو لە بەر دەست نییە.

سەلاحەدین خۆی نووسیویەتی: (مناڵەکان ئەو جۆرە پەروەردە ئەبن کە باوکیان بووە واتە باوک چ خسڵەتێکی بێت مناڵەکەش ئەگەڕێتەوە سەر شێوازە پەروەردەیی ئەو).

هەر لە قۆناغی گەنجیەتی دا بۆ حەلەب ئەچێت و لەگەڵ ئەسەدەدین شێرکۆی مامی کە یەکێ لە پیاوانی نورئەدین مەحموود کە سوڵتانی شاری حەلەب و دیمەشق بووە یەک ئەکەوێت، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە خەسڵەتەکانی سەرکردەیێکی لێوەشاو لە سەلاحەدینی ئەیوبی دا دەرکەوتووە. بۆیە لەپاڵ خوێندنی ئایینی و زانستەکاندا سەلاحەدینی ئەیوبی لە سەر فەرمانڕەوایی هونەری جەنگیی و ڕمبازیی و سوارچاکی پەروەردە کراوە.

سەلاح ئەدین لە بواری پەرە پێدان بە مەزهەبی ئیمام شافیعی، قوتابخانەکانی بۆ فێرکاری عیلمی شافیعی لە میسر دروست کرد و لە ڕێگایی ئەو قوتابخانانەوە عالمان، زانایان و ئەو کەسانەی بۆ مەزهەبی شافیعی ڕاگەیاندنیان ئەکەرد ڕەوانەی ناو کۆمەڵگای کردن تا پەرە بەو مەزهەبە گەورەیە بەن.

لە پاش کۆچی دووایی ئەسەدەدینی مامی لە ساڵی ١١٦٩زاینیدا دووا ئەوە سەلاحەدین ئەیوبی ئەبێتە وەزیر و نازناوی مەلیک ناسیحی پێی ئەبەخشرێت.

لەم سەر دەمەدا چەندین پرۆژەی خزمەت گوزاری لە بواری نەخۆشخانە و خوێندن جێ بە جێ ئەکات.

لە دووای هێرشی خاچ پەرستەکان بۆسەر ناوچەکانی شام و فەلەستین و لوبنان، مەکە و حیجاز سەلاحەدینی ئەیوبی بە سوپاکەی خۆی توانی هێزەکانی داگیرکەر دەربێنێ.

سەرجەم ئەو ناوچانەی کە لە دەست خاچ پەرستەکان چاک بکرێتەوە دووا نزیک سەردەمێک لە داگیرکردنی شاری قدس لە فەڵەستین لە چوارمینی ساڵی ١٩٨٧زائینی سەلاحەدینی ئەیوبی ئەو شارە لە جەنگی حەتین لە چنگی خاچ پەرستەکان ڕزگار دەکات.

جەنگی حەتین بە یەکێک لە داستانە مێژوویەکان و وەرچەرخانە گەورەکانی جیهانی ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێت. لەو جەنگەدا سەلاحەدین ئەیوبی ژمارێکی زۆر لە سوپای خاچ پەرستان لەگەڵ پاشای بەیتولمەقدیس بە دیل دەگرێت دووا بە دووای ڕزگار کردنی قدس سوپاکەی سەلاحەدین تەرابلوس و سەیدا و بەیروت و عەککاوە و قیسارییە و عەسقەلان ئازاد دەکات. ئەوەش بە گەورەترین هەژمار دەکرێت بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان لەو جەنگەدا سەلاحەدینی ئەیوبی گورزی گەورەی لە سوپای دوژمنەکانی داوە.

سۆڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی دووای زنجیرەیەک سەرکەوتنی مێژوویی و یەک خستنی وڵاتانی ئیسلامی و پاراستنی لە هێرشی سوپای خاچ پەرستەکان تووشی نەخۆشی ئەبێت. لەدووای سەردانی بۆلای (شا ریچارد) و واژۆکردنی پەیماننامەی ڕەملە بە نخۆشییەکی ڤایرۆسی کە بە "حومە سەفراوییە" ناسراوە گیرۆدە بوو باری تەندروستی تێک چوو و پێوەی نووساو هیلاکی کرد بە جۆرێک کە پزیشکەکان لە چارەسەرکردنی دەستەوسان بوون.

کاتێک هەواڵی نەخۆش کەوتنی سۆڵتان سەلاحەدین ئەیوبی لە دیمەشق بڵاو بوویەوە بێتاقەتی و نیگەرانی ڕووی لە خەڵکەکەی کرد.

خەڵکی دیمەشق بۆ حاڵی پەرێشان بوون و لە دەوری قەڵاکەی کۆبوونەوە، تەنیا (ئیبن شەداد) و (قازی فازڵ) مۆڵەتی چوونە ژوورەوەیان بۆلای هەبوو، کاتێک لە لای دەهاتنەوە بە کوڵ دەگریان.




(سۆڵتان سەلاحەدین) هەرچەند ئازار و ناڕەحەتی هەبوو بەڵام لە مامەڵە کردنیدا نەرم بوو. کاتێک گەیشتە ڕۆژی ٢١مینی نەخۆشییەکەی، کەمێک ئازارەکانی سووک بوون و توانی پشوویەک بدات، خەڵکی دیمەشق دڵخۆش بوون و چاوییان لە چاک بوونەوەی بوو و هەناسێکی خۆشیان هەڵمژی، بەڵام چاکبوونەوەکەی زۆری نەخایاند و باری تەندروستی تێک چوو.

لە شەوی چوار شەممەی(٢٧ی سەفەری ٥٨٩ی کۆچی) سۆڵتان سەلاحەدین چووە قۆناغی بێ هوشیەوە و ئیتر نەهاتەوە هۆش خۆی.

دەگێڕنەوە بە تەنیشتیەوە قورئانیان ئەخوێند. پێش ئەوەی گیانی دەرچێت خەندەیەک دەکەوێتە سەر ڕووی سۆڵتان سەلاحەدین.

قازی ئیبن شەداد لە وەسفی ئەو ناخۆشییەی بەسەر موسڵماناندا هات دەڵێت: کاتێک خەڵک جەستە بێ گیانەکەی ناو تابوتەکەیا ئەدی و بە کوڵ بووی دەگریان.

شین و ڕۆ ڕۆکە ئەوەندە زۆر بوو ئەو کەسەی گوێی لێبووایە خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو کە دنیا بە یەک دەنگ هاوار دەکات لە دووای نوێژی عەسری ئەو ڕۆژە لە نزیک مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق بە تەنیشت (شا نورەدین زەنگی) بە خاکسپێردرا.

کاتێک گەنجینە تایبەتیەکەی کرایەوە ئەوەندە پارەی تیا نەبوو بەشی تەرمەکەی بکات، جگە لە ٤٧درهمی ناسری و یەک دیناری ئاڵتوونی هیچی بە جێ نەهێشت هەموو ماڵەکەی لە سەدەقەدا خەرج کرد.

سەلاحەدینی ئەیوبی بەیەکێک لە سەرکردە و فەرماندە سەربازییە مێژووییەکان دادەنرێت. کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبییە و کۆتایی بە فەرمانڕوایەتی دەوڵەتی فاتیمیەکان هێنا.

ماوەی ٢٦ساڵی خایاند لە ڕێی تەکنیک و نەخشە سەربازییەکانیەوە لە چەندین ڕووبەڕوو بوونەوەدا توانیویەتی سوپا و قەڵای فەڕەنسا و خاچ پەرستەکان تێک بشکێنێت.

بە وتەی یەکێک لە ژیاننامە نووسانیش، ئالورهانی، ئەو توانایی وەڵام دانەوە، بە پرسیاری و زانیاری لە بارەی ئووقلیدووس، پەڕتوکی ئەلمجسطی، حیساب و قانوون بوو. سەلاحەدین زانیاریەکی زۆری لە سەر قورئان و عیلمی دینی دا هەبوو کەتا ڕادەیەک ژێدەری جۆراو جۆر ئیدعا ئەکەن کە ئەو زۆرتر تامەزرۆی بە خوێندنەوە لەبارەی بابەتی دینی تا گەیشتن بە ئەرتەش دا بوو.

سەلاحەدین ئەیوبی هەموو تەمەنی خۆی لە ڕێی شەڕی خاچ پەرستەکان تەرخان کرد. بەڵام بە هۆی نەخۆشی لە ساڵی ١١٩٣ لە دیمەشق کۆچی دووایی کرد. ئەوتا ئەمڕۆش بەسەرکردەیەکی ڕزگارکەر لە قەڵەم دەدرێت. لە گرینگ ترین سەرکەوتنەکانیشی ڕوزگارکردنی شاری قدس بوو لە دەست خاچ پەرستەکان. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان سەلاحەدین ئەیوبی لەگەڵ ئەوەی سەرکردەیەکی بوێر و سەرکەوتوو بووە. فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر و خاکیش بووە بۆیە لە دڵی خەڵکی سەر دەمەکەیدا خۆشەویست بووە.

دووا کۆچی ئەو حکومەتی ئەیووبیان لەبەینی منداڵەکانیا دابەش کرا. فەزڵ بە حکومەتی دیمەشق گەیشت وعەزیز بە قاهیرە و زایر لە حەلەب فەرمانڕوایان کرد. دووا ماوێکی زۆر حکومەتی ئەوان بە سەرۆک عەشیرەتەکان درا. دووا فەرمانڕوایی ئەوان و گەیشتنی ئەوان بەسەرۆکی عەشیرەتەکان گەیشت تەنیا حەلەب تا ساڵی ١٣٩٠لە ئیختیاری خانەدانی ئەیووبیان بوو.

ژێدەر:

زندگی نامه صلاح الدین ایوبی سردار مسلمانان جنگهای صلیبی، کردتودی
صلاح الدین ایوبی نوشته آلبر شاندور ترجمه محمد قاضی.
تاریخ جنگ‌های صلیبی نوشته رونه گروسه ترجمه محمود شادکام.
صلاح الدین ایوبی – ویکی پدیا، دانشنامه آزاد
تاریخ مصور فلسطین نوشته شده توسط منصوری.
صلاح الدین ایوبی – ویکی فقه



## هەرەوەز

بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی







دابونەریتی کۆمەڵایەتیی وڵاتی کوردەواری، پڕە لە دیاردەی بەهێزیی و بزەی خۆشەویستی بۆ گەشەی پێکەوەژیان. بژاردەیەک لەم ئەرکەپیرۆز و بەنرخانە کە پڕ لە دیمانەی ئەوینی مرۆڤایەتیە و کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە، هەرەوەزە!

ساڵانی پێشوو زۆرجار گەلێ کەس بە هۆی گیر و گرفتی ژیان وەک: نەبوونی، بێکەسی، نەخۆشی و... لە کاروباری ماڵ و کشتوکاڵ و... دوا دەکەوتن. بە پێی ئەرکی ئاومالّی، دۆستایەتی، هاوخەمی و....خەڵک بڕیاریان ئەدا بە هانایانەوە بچن. هێندێ لەم یارمەتیانەی کە بە کۆمەڵ ئەنجامدەدران، تایبەت لە دێیەکان، بریتی بوون لە: گەلەدروێنە، گەلەجووت، خەرمان هەڵگرتن، قوڕەکاری و....

هەر ماڵێ لە هەرکارێ دوا کەوتبایە، جیرانەکان و خەڵکی نێودێ ( بێ بەرانبەر و من و تۆیی) بە تێکڕا کۆوە دەبوون و دەچوونەیاریدەیان و کارەکەیان بۆتەواودەکردن.جاروبار کێشە و تەنگانەشیان بە هەرەوەز، ڕادەپەڕاند.

هەرەوەز وەک جێژن وابوو. هێمای ئاشتی و پێکەوە ژیانی تێدا بوو. زۆرجار بنەماڵە و کەسانێ کە کێشە و گرفتیان لە نێواندا هەبووە، بە هۆی چوون بۆ هەرەوەز داکۆژاوە، لگەڵ یەک ئاشت بوونەوە. شان بە شانی یەک یارمەتیی هاوسێ و جیران و خزمیان داوە! بەم جۆرە کەس لە کاروباری دوا نەدەکەوت. فەقیر و دەوڵەمەند لە بیری یەکتردا بوون. هەرەوەز هەواری هاودڵی بوو! بە قەولی قدیمیان:[هەموو پێکەوە دەچوونەوە بەرکوورە]

❋❋

پێویستە بگوترێ: زۆرجار دوای تەواوبوونی هەرەوەز، بۆ حەسانەوە لە دەوری یەک کۆدەبوونەوە،کوڕ و ئاهەنگی خۆشیان بە خواردنی بەچێژ و گەلەڕاوێژە و قسەی خۆش پێکدێنا. ئەم پێکەوەڕابواردن و خواردنەیان، ناویان لێناوە: سەربرانە!

هەرەوەز و دەستەوام، دوو ئیشی بەرچاوبوون بۆ یارمەتی کار وباری ژیان. ئێستاش ئەم داب و نەریتە تا ڕادەیەک لە گوندەکاندا ماوە....

❋❋

- هەرەوەز: یارمەتیی بە کۆمەڵ (بێ بەرانبەر)
- سەربرانە: مریشک، قەل، گیسک، کاوڕ، بزن، مەڕ، (بە قەدەر توانایی بوون) سەریان دەبڕی وپێکەوە دەیانخوارد.
- دەستەوام: یارمەتیدانی یەکتر بە نۆرە(واتا: کەسێ یاریدەی کەسێک بدا، دەبێ لە بەرانبەر دا ئەو کەسەش بەو ڕادە یارمەتی ئەو بدا.)

  گەلە دروێنە: خەڵکی یارمەتیی یەکتریان دەدا تا لە گەنم ڕنینەوە، کە ئەرکێکی گران بوو کەس دوا نەکەوێ و هەموو پێکەوە تەواویان دەکرد.
- هێندێ لەوکارانەی کە بە هەرەوەز دەکران: گەلە جووت، کاکێشان، خەرمان هەڵگرتن، دار بڕین، ئاش لێکردن و...

#### هەرەوەز

هەرەوەز داب ونەریتی نێو گەل
هەرەوەز دیاردەی کاری بە کۆمەڵ
هەرەوەز واتای هەوڵ و هاودڵی
مرۆڤایەتین، چێژ و کاڵی
هەرەوەز پڕە، لە تێبینی ڕوون
شانۆی پڕ شکۆ بۆ پێکەوەبوون
هەرەوەز، خۆشە سەربرانەکەی
کەس دواناکەوێ لە جیرانەکەی
هەرەوەز دابیی مێژووی کوردانە
جەژنی یاریدە و فریا و فرعانە

لەبیر نەکەین:

- ✓ هەرەوەز ئەرێنیترین نەریتی دامەزراوەی کوردەواریە.
- ✓ شین لە گەڵ هاواڵان، جێژنە پیرۆزەیە.
- ✓ دەستی خودا لە گەڵ گەلە.
- ✓ بە دەستێک چەپڵە لێ نادرێ.



پاوە، مەحەممەد ڕەشید ئەمینی

کریوەی ئازارەکانی
زستانی جەور
کەلێنی قرژاڵەی
بەردایە نێو دەشتی ژیان
گزنگی ناکاری هەتاو
لە ئاینەی سەهۆڵبەندی
تاڤگەی چۆمی دەرد و خەما
ئازاری چاوی هاودەمە
پەنجەی بێسەی
کەلگەی ئاسۆ
وەک داگیرکەر پاساری ژین
دەروخێنێ و
ڕێبازی دەرکی ئاواتیش
ڕێبەنانە
لووتکەی چیا بە هەناسەی
زەبەلاحی مەستی دەوار
مەرگەژانی کردە
چۆپی چەمەریانەو
دەستەی سەمای ڕەشبەڵەکی
بەری ڕەنجی هێنایەگەڕ
بای ڕەشەمەی شوومی چەپەر
کۆرپەی غونچەی بەربەیانی
دڵی تۆراند
ئەوین زاڵەو
گەردەلولی هەوای یاریش
بێ ئەمانە
ژەمی تاسەی لە سەرمایە
من کە ڕۆڵەی
ئێش و ئازاری دەورانم
لەو زەمەنەیش
تێ دەپەڕم
یا دەس لە گەردنی یارم
یان لە ئامێزی دەسرەوم




پاوە، مۆمن یەزدانبەخش

تەم و مژ
هەور و هەڵا
با و باران
تەرزە و بەفراو
هاوڕێ کانی جۆگە و شەتاو
خۆیان ڕێ خست
بۆ یەک مەبەست و یەک هیوا
چیا و دۆڵ و دەشتیان پێوا
دەستیان دا یەک
لە چەند دیار
بوونە ڕووبار
ڕووبارەکان وەک چەند سپا
کەوتن بە ڕێ
کەس نەیتوانی
بەر هێرش و بەر تاڤگەیان
خۆی ڕاگرێ
یەکیان گرت و بڕیاریان دا
دەست بەر نەدەن تا بن دەریا
کە بوون دەریا
سوێندیان خوارد
بە پاکی کاغەز و پێنووس
ڕانەوستن
تاکوو دەبن بە ئەقیانووس
ئاوایە مانای ڕاپەڕین
بیستم وتیان
یەک گرن یەک
وەک ئێمە بن
لە بۆ ژیان

# لەمێردینەوە تا ستکهۆلم، لەگەڵ جگەرخوێن



هەورامان. نەبەز ڕۆژگار



مامۆستا جگەرخوێن یەکێک لە ناودارانی کوردە کە لەسەدەی هاوچەرخدا، لەبواری هەڵبەست و وەرگێڕان و چیرۆک نووسی، خزمەتی زۆری بە هۆنەر و ویژەوانی کورد کردووە و چەندین دیوانی نووسیوە و چەندین بەرهەمی دیکەشی هێشتا چاپ نەکراو. با بە کورتی ئەم مامۆستا پایەبەرزەی باکووری کوردستان بناسین.

شێخ مووس کوڕی حەسەن ناسراو بە جگەرخوێن، لەساڵی ١٩٠٣ لە باکووری کوردستان لەگوندی هەسار سەر بە شاری مێردین لەدایکبووە. بە هۆی هەژاری و نەداری، بەمنداڵی شوانی و گاوانی کردووە، هەر منداڵیش بووە کە باوکی کۆچی دواییکردوە، خوشکەکەی ئەرکی بەخێوکردنی لەئەستۆ گرتووە و دواتر لەبەر دەردی نەداری و هەژاری، بەناچاری گوندی هەسار جێدەهێڵن و لەساڵی ١٩١٤ ڕوو دەکەنە شاری ئامووده لەڕۆژئاوای کوردستان.

مامۆستای پایەبەرزی کورد جگەرخوێن، وەک زۆرێک لەبلیمەتەکانی دیکە، خاوەن توانا و بەهرەیەکی تایبەت بووە، بۆیە لەکاتی خۆیدا لەقوتابخانەی ئەو سەردەمە کە ئائینی بوون، خوێندوویە و پلەی مامۆستایەتی وەرگرتووە و دواتر بۆ ماوەیەک لە ڕۆژئاوا و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مامۆستایەتی و بەرنوێژی کردووە.

بلیمەتی کورد جگەرخوێن، لەساڵی ١٩٤٦ دەڕواتە شاری قامشلوو لەڕۆژئاوای کوردستان و دەست بەچالاکی ڕامیاری دەکات و دەبێتە ئەندامی پارتی جڤاتا ئازادی و یەکیەتیا کورد (CivataAzadî û Yekîtiya Kurd). لەساڵی ١٩٤٨ دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی سووری و لەساڵی ١٩٥٤ بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی سوریا دەپاڵێورێت. لەساڵی ١٩٥٧ واز لەپارتی کۆمۆنیست دێنێت و ڕێکخراوی ئازادی دادەمەزرێنێت. ئەو ڕێکخراوەش دواترتێکەڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا دەبێت. لەساڵی ١٩٥٩ مامۆستا ڕوودەکاتە باشووری کوردستان و تا ساڵی ١٩٦٣ لە زانکۆی بەغدا دەبێتە مامۆستای وانەبێژ لەبەشی زمانی کوردی. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ قامشلووو سەرقاڵی نووسین و کاری ڕامیاری دەبێت. هەر لەو ساڵەدا و لەشاری دەمشق (شام) دەخرێتە گرتووخانەوە.

مامۆستای کۆچەر جگەرخوێن، لەساڵی ١٩٦٩ بە مەبەستی بەشداریکردن لەشۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی، ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و بەشداری لەشۆڕشی کوردستان دەکات. لەساڵی ١٩٧٣دەڕواتە لۆبنان و لەوێش هۆنراوەی کیمە ئەز (KîmeEz) دەنووسێت.

مامۆستای بە بەهەرە و توانای کورد جگەرخوێن لەساڵی ١٩٧٦دەگەڕێتەوە بۆ سوریا و لەساڵی ١٩٧٩ ناچار دەبێت ڕوووبکاتە وڵاتی سوید و لەوێ وەک پەنابەرێک دەگیرسێتەوە و سەرقاڵی نووسینەوە دەبێت و لە ١٩٨٤/١٠/٢٢ کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی بۆ قامشلوو دەگوازرێتەوە و لەوێ بەخاک دەسپێدرێت، ئەمە داواکاری خۆی بووە پێش ئەوەی کە کۆچی دوایی بکات.

**بەرهەمەکانی بریتین لە:**

دیوانی یەکەم: پریسک و پەتی (Prîsk û Pêtî)، ساڵی ١٩٤٥ دەمشق

دیوانی دووەم: سەورا ئازادی (SewraAzadî)، ساڵی ١٩٥٤ دەمشق

دیوانی سێیەم: کیمە ئەز (KîmeEz)، ساڵی ١٩٧٣ دەمشق

دیوانی چوارەم: ڕۆناک (Ronak)، ساڵی ١٩٨٠ ستۆکهۆڵم

دیوانی پێنجەم: زەند ئاڤستا (Zend–Avista)، ساڵی ١٩٨١ ستۆکهۆڵم

دیوانی شەشەم: شەفەق (Şefeq)، ساڵی ١٩٨٢ ستۆکهۆڵم

دیوانی حەوتەم: هێڤی (Hêvî)، ساڵی ١٩٨٣ ستۆکهۆڵم

دیوانی هەشتەم: ئاشتی (Aştî)، ساڵی ١٩٨٥ ستۆکهۆڵم

ئاواز و دەستوورا زمانێ کوردی (ڕێزمان) (DestûraZimanêkurdî)، ساڵی ١٩٦١ بەغدا

فەرهەنگ (پەرچێ یەکەم) (Ferheng، perçêyekem)، ساڵی ١٩٦٢ بەغدا

جیم و گۆڵپەری (چیرۆک)، شام(1948)

خەڵوزی دار (چیرۆک)، شام (١٩٥٦)، وەرگێراوە سەر زمانی عەربیش
قسەی پێشینیان، دوو بەرگ، بەرگی یەکەم ساڵی ١٩٥٧ لەشام چاپ کراوە
میدیا و سالار، (چیرۆک)، بەیرووت ١٩٧٣
شەرەف نامەی مەنزووم، بەیرووت ١٩٧٩
حەسەنی موسا (چیرۆک)، دەسنووس
گۆرانیبێژ و ناوداری کورد، دەسنووس
مێژووی کوردستان، ئێراق
هەروەها چەندین ڕۆمان و دەسنووسی دیکەی هەیە لەبارەی مێژووی کوردستان و چیرۆک، کە هێشتا چاپ نەکراون.
مامۆستا لەڕوانگەی وڵات دۆستییەوە، هەڵبەستێک بە ناوی قیبلەگای شاعێران لەبارەی خۆشەویستی و گەورەیی وڵات دەنووسێت:

سەروەرێ عالی جەناب کورد تەڤ بن فەرمانا تەبن
کورەش و دارا و جەم، هەردەم دیپوانا تەبن
لەشکەرێ کورد و عەرەب، هەردەم دبن دارێ تەبن
سێ سەد رەزاخان و کەمال، تم بە قوربانا تەبن
عۆمرێ کەی کاوس بکی وەک عۆمەری عادل بژی
(جاهیدو لاتقنطوا) تم رەمز و نیشانا تەبن
تالع و بەختێ سپی تم ڕێبەر و دۆستێ تەبن
ئەسعەد و سەعد و سەعید هەردەم دفەرمانا تەبن
***

سەرچاوە: پرتووکی جگەرخوێن (کۆکردنەوەی هەڤاڵ زاخۆیی)، لەلایەن دەزگای سپیرێزەوە چاپ کراوە
وەرگێر: نەبەز ڕۆژگار



## له خوارووەی شار...

دێولان : ح – ڕەنـجـبـەر

لە سەرەوەی شار، لە گەڕەکێکی دەوڵەمەند نشینی خاوەن پارە و پلاو، لە کۆلانێک ئاوپرژێن بە گوڵاو، لە ماڵی حاجی وەزیر، هەراوهۆریا و زنازنا و دەف و دایرە لێدانە، دەڵێن مامە حاجی و خەیزانی سبەی بۆ چوارەمین جار بە مەبەستی حەجی عومرە دەچن بۆ عەرەبستان، بۆیە خزم و کەسوکار، ئاشنا و ڕۆشنا و هاوسێ بەر و پشت، گشت بانگهێشت کراون بۆ نانی شێلان.
هەر چوار نوهمی ماڵی حاجی بە حەوش و بان و کۆلان، جمەی دێت لە حەشیمەتی پیر و جوان، حاجی خۆی بۆنخۆش کردووە، ڕیشە ماشەکەی بریقەی دێت، بزە لە لێوانی دەبارێت، هەر دێت و دەچێت، بە ڕۆگەشییەکی تێکەڵ بە لەخۆباییەوە، مێوانەکانی بەسەر دەکاتەوە و ئاوات ئەخوازێت حەج بە قسمەتی ئەوانیش بێت و خۆیشی ئەوەندە تەمنی درێژ بێت، دە جاریتر حەجی عورە بەجێ بێنێت!
لە خوارەوەی شاروە، لە قەراخی گۆلاوێکی بۆن گەنیوی ئاوەڕووی شار، لە کۆلانێکی تەژی لە خەش و خاشاک، لە ماڵێکی نیوە وێرانەی هەژارانەدا، تەرمی بێگیانی کچێکی ١٧ساڵان، بە خۆڕنین و بە شین و شەپۆڕی دایک و مەنگی و بێدەنگی و لێوبەبار و دڵێ پڕ لە ئێش و ئازار و چاوی تەژی لە فرمێسکی قەتیس ماوی باوک و لە سەر شانی خزم و کەسوکار، دێتە دەر و بەرەو گورستان دەبردرێت.
چەند ژنێکی هاوسێماڵ، بە سینگ کوتان و ئاخ هەڵکێشان و چاو پڕ گریان، باسی شەرم و شکۆ و نەرم و نیانیی و شۆخ و شەنگیی ئەو کچە جوانە مەرگەیان ئەکرد،
پوورە خەجی ئەیوت : خوشکێ، بخوا باوکی پارەی هەبووبایێ و بیتوانیبایێ مۆبایلێک بۆ بێخەوش، بکرێت ئەو کارەساتەی بەسەردا نەدەهات!
ئامین خانم قسەکە لە دەمی گرتەوە وتی : شێلانی کچم ئەیوت " بێخەوش یەکەمی پۆلەکەمانە و زۆر زیرەکە..."
ڕۆڵە دایکت بمرێ... داخی گرانم...

## ساتێک لە وێستگەی پیریدا!



هەولێر. سەعدوڵلا نووری

مەڕۆ منی پیرو تەمەن ڕۆیو
دەرەقەتی ئەو هەموو غوربەت و دابڕانە نایەم
سەر بەچ ماڵی وەرزێ بکەم
تا چرۆی بیرەوەری
بەرلە پشکوتن نەوەڕێتە بەرپێی دووریت ؟
وتم ڕادێم
هەڵدەکەم لەگەڵ ئاوابوونی دوا ترووسکەی تێڕامانت
ئەمە فێڵی گەمەی مناڵانەی منالانی نێو گەڕەک بوو
نا... ڕانەهاتم
بەرگەی دیتنی توانەوەی
کلۆبەفرە باریوەکانی ئەم وەرزە بگرم
گەرچی فێری هەڵواسینی
ناشیرین بوونی سیمای عیشقە دۆڕاوەکانت کردبووم
فێرنەبووم
پەنجەرە شکاوەکان نەخەمە سەرپشت
تا ڕازو ماچ و خەونی ژووری ئاشقە سەرشێتەکان نەدزرێ
بەدەم بەریەک کەوتنی
بیردۆزە سەقەتەکانی زڕ فەلسەفەکانی ئەم سەدەیە
حوکمی خنکان
بەسەر هەموو جوانییەکانی ئەم نیشتمانە جاڕ درا جێهێشتنت
مەیدان دانە، بەو سوارئەسپە بەزیوانەی
بەدرێژایی تەمەنیانا
جارێ نەبوو بردنەوەیەک تۆماربکەن!
حەزم دەکرد مەرکانەیەک خۆزگەی یاخی
لە بەلەکۆنەی
خانووی هەژارستانی شار دابنێم
ڕێیان نەدا شەقشەقۆکەکان دەنگیان بێت و،
منداڵە جەنە گرتووەکانی پێ ژیربێتەوە
ئەو ڕۆژگارەی بۆنی خاکمان هەڵدەمژی
هەور بەیاساخی ملی دەناو،
باران بەنهێنی
ماچی پێدەشتی بریاکانی ئێمەی دەکرد
ئێستاش مووچرک گیانم دەگرێ
– کەدێتە یاد
لێکترازانی پەنجەی عیشق
هەڵوەرینی گوڵە پرتەقاڵەکانی ڕۆح
– کە دەبینم
پەڕەسێلکە هەربەرێوە دەنووکە ماچ
ئەدا لە ڕووخساری ئاوا!
گریانم بۆ
پەرپەربوونی یاداشتنامە نەنووسراوەکانی
سێ بەهاری پرسووتانی نێوانمان دێ!
مەڕۆ، دوا تکام
پرسە دانان بۆ( مەرگی عەشقێکی بێ پرسە )یە!

## باڵای مۆسیقا



مەهاباد. محەمەد سەلیم عەبباسی

گزینگی پڕ بە باڵای ڕۆژ هەڵاتی
لە چاو ئەنگوستی شەو داماو و ماتی
ئەوا ئامێزی من ئاواڵەیە بۆت
دەبا کۆتایی پێ بێ، بێ وڵاتی
دڵێکی پێکی پەیکانی بروّت بێ
لە تاڵی بسکی خاو کوا دێ نەجاتی؟
گەزیزە دای بەڵێنی ڕوانەوەی نوێ
نەهاتی و سێبەری کێشا نەهاتی
شەهیدی چاوی تۆ بێ گۆڕە قوربان
گەزی خوێنینی ئاسۆیە خەڵاتی
بەیان ئەنگوت و جێژوان چاوەڕێیە
بەڵێنت دابوو قوربان بۆ نەهاتی؟
لە کوڵمەت نم نم شەونم دەبارێ
بە لێوان مەعدەنی نوقڵ و نەباتی
دەزانم حاڵی چاووت چۆنە بێ من
شەپۆلی دیجلە، لافاوی فوراتی
بە چرپەی پێ دەلەرزێ کۆڵەکەی‌دڵ
دڵە ڕاوکە و مەترسی کارەساتی
دڵە خاکت بە سەر کوا بەرخودانت؟
لە هێمای چاوی ڕەش بۆچی هەڵاتی؟
بەڵام دا هات و تێپەڕ بوو بە نەرمی
وەکوو جاران نەماوە  ئیلتیفاتی
دەزانم خۆ بەهەشتە باوەشی تۆ
بەڵام دوورە، کە موو پردی سیراتی
ئەمێستێش گەر پەری وەک تۆ ببینێ
دەبا سوجدەی لەبۆ ئیبلیسی خاتی
بە مەجهوولی نەدرکا ڕازی چاوت
بە مەعلوومی کە فەخری کائیناتی
دەکا تائیدی کوشتارت موفەتتیش
بە تەکیدی حەکیم  ئاوی حەیاتی
دەزانی بۆچی مامۆستا پەشێوە؟
لە سێوی سوور و بەی نەدرا بەراتی
شەکاوە لاپەڕەی شاعیر لە لەنجەت
بە باڵای مۆسیقا، ئاڵای خەباتی



## سەیدی بەرزەنجە

بانە. ئامینە عەزیزی

لە زەماني هاڕوونەڕەشیددا پیرێژنێک لە بازاڕي بەغدا سواڵي ئەکرد. هاڕوونەڕەشید کە چاوي بە پیرێژنەکە کەوت، بانگي کرد و گوتي: بۆچي سواڵ دەکەیت؟ پیرێژن گوتي: فەقیرم، خاوەن سەغیرم.
هاڕوونەڕەشید تەسبێحێکي دایە پیرێژن و گوتي: ها برۆ بۆ خۆت بیفرۆشە.
پیرێژن بردي بۆ لاي جوولەکەیەک کە توججار بوو. گوتي: ئەم تەسبێحەم لێ بکڕە! جوولەکەکە تەماحي لێکرد و گوتي: پیرێژن ئەم تەسبێحەت لە کوێ بووە؟! پیرێژن گوتي: وەڵڵا پیاوێک داویە بە من.
جوولەکەکە گوتي: ئەم تەسبێحە هي منە، لێم دزراوە.
جوولەکەکە چوو بۆشکایەت لاي هاڕوونەڕەشید. هاڕوونەڕەشید بۆۆ سەفەر ڕۆیشتبوو. وەزیرەکەي جێگري بوو. گوتي: ها جوولەکە بۆچي هاتووي؟ گوتي: قوربان ئەم پیرێژنە دزي لێم کردووە. گوتي: چي لێت دزیوە، گوتي: ئەم تەسبێحە ماڵي منە، لێمي دزیوە. وەزیر گوتي: شاهێدت هەیە؟ جوولەکە گوتي: بەڵێ. گوتي: بڵێ دوو شاهیدم بۆ بێنە بەڵام ئیسلام بن.
جوولەکە چوو دوو جوولەکەي هێنا، شاڵي سەوزي بەست بەسەریانەوە و بردني بۆ شاهێدي لاي وەزیر و گوتي: ئەمانە سەیدن. وەزیر گوتي: ئێوە سەیدن و شاهێدن ئەم تەسبێحە ماڵی ئەم جوولەکەیە؟ گوتیان: بەڵێ، ئێمە شاهیدي ئەدەین.
وەزیر تەسبێحەکەي دا بە جوولەکەکە و دەستي ڕاستي پیرێژنیان بڕي. پیرێژن هەمدیسان چوو دەستی کرد بە سواڵ.
هاڕوونەڕەشید هاتەوە لە سەفەر. چوو بۆ بازار. چاوي کەوت بە پیرێژن گوتي: وەرە بزانم، من تەسبێحێکم دا بە تۆ ئیتر سواڵ نەکەیت. مەگەر نەمگوت سواڵ نەکەي؟!!
پیرێژن لە هاڕوونەڕەشیدي ڕواني و گوتي: ئەوە تۆ بووي تەسبێحەکەت دا بە من؟ گوتي: بەڵێ. پیرێژن دەستي هێنا پێش چاوي هاڕوونەڕەشید و گوتي: ئەها دەستمیان بڕي.
ـ کێ واي بەسەر هێناوي.
ـ وەزیر.
ـ وەرە ...
بەمجۆرە هاڕوونەڕەشید پیرێژنی برد بۆلاي وەزیر و گوتي: وەزیر دەستي ئەم پیرێژنەت بۆچي بڕي؟ وەزیر گوتي: قوربان دزي کردووە. گوتي: وەزیر چي دزیوە. وەزیر گوتي: تەسبێحێکي دزیوە. گوتي: لە کێی دزیوە؟ گوتي: لە جوولەکەیەک.
هاڕوونەڕەشید دەستووري دا بڕێن ئەو جوولەکەیەم بۆ بانگ کەن. جوولەکە هات. هاڕوونەڕەشید فەرمووي ئەو تەسبێحە ماڵی تۆ بوو؟
ـ بەڵێ.
ـ شاهێدت هەیە؟
ـ بەڵێ.
ـ برۆ و شاهێدەکانت بێنە.
جوولەکە هەمدیسان دوو جوولەکە شاهێدەکەي هێنا. خۆیان کردبوو بە سەید.
والي فەرمووي: ئێوە شاهێدن؟ گوتیان: بەڵێ. فەرمووي تەسبێحەکەم بدەرێ. هاڕوونەڕەشید لێي وەرگرت و بە جوولەکەکاني گوت: ڕوو بکەنە ئەو لاوە. کە ڕوویان کرد بەولاوە والی تەسبیحەکەي خستە ژێر فەرشەکەي خۆیەوە. سندووقێکي هێنا و سەري لابرد و دەستي برد دە دانە تەسبێحي لە پێش خۆي دانا. بانگي لێکردن و گوتي: ڕوو بکەنە لاي من. ڕوویان کردە لای والي. والي فەرمووی بە جوولەکەکان، کام تەسبێح هی ئێوەیە؟ توجارەکە دەستي هێنایە پێشەوە و یەک تەسبێحي هەڵگرت و گوتي: ئەوە ماڵي منە. والي ڕووی کردە شاهێدەکان و گوتي: ڕاستە ئەوە هی توجارە. گوتیان: بەڵێ ئەشهەدوبیللا هي ئەم توجارەیە. والي فەرمووي بە وەزیرەکان ئەمانە ڕاست ئەکەن؟! ئەهلي مەجلیس گوتیان: ناوەڵڵا درۆ ئەکەن. والي ئەمري کرد هەر سێکیان بکوژن. دوو تەسبێحي دا بە دەست پیرێژنەکە و گوتي: یەکیان هی خۆتە و ئەو دانەی کە، حەقي دەستە. هەروەها ئەمري کرد هەرچەندە سەید لە شار هەیە بیگرن و بیهێنن تا بیانکوژن .
شێخ عیسا و شێخ مووسا ڕایانکرد گەیشتنە باڵۆل و گوتیان: والي ئەمانکوژێ. چمان لێدەکەي؟ گوتي: وەرنە ناو ئەم تەلیسەوە. باڵۆل تەلیسي دا بە کۆڵیدا و بردي. خەڵک لێیان دەپرسي: باڵۆل ئەوە چییە بە کۆڵتەوە؟ ئەیگوت: ئەوە شێخ عیسا و شێخ مووسایە، دەیانبەم فڕیان ئەدەم. ئەوانیش لەناو تەلیسەکەوە هاواریان دەکرد، وا مەڵێ با خەڵک نەزانن.
ئەیگوت: من ناتوانم درۆ بکەم. خەڵکي باوەڕم پێ ناکەن. ڕۆیشت، ڕۆیشت تا گەیشتە سەرباني مزگەوت. باڵۆل لە سەرباني مزگەوتەوە بە تەلیسەکەوە فڕێیاني دا و گوتي: ئەگەر سەیدي ساخن خۆتان قوتار کەن، ئەگەر سەیدي ساخ نین و بە درو دەڵێن سەیدین با بتانکوژن.

به بەرەکەتي خودا باڵیان لێ پەیدا بوو. فڕین چوونه پشتي شاري سلێماني. له لاي کاني و ئاوێک نیشتنەوە. بڕێک قامیش و پووشیان هێنا زنجێکیان درووست کرد و ناوي ئەو شوێنەي‌ان ناو نا بەرزنجه. زستانێک لەوێ مانەوە هەتا بەهار. بەهار فیکرێکیان کردەوە و گوتیان با مزگەوتێ ساز بکەین. شێخ عیسا وەستا بوو و شێخ مووسا شاگرد. کاتێ شێخ عیسا برا گەورە لەسەر دیوار وەستایي دەکرد، شێخ مووسایش قوڕو بەردي دەدایه دەستي ...،

خەڵکي خەبەریان دا به حاجي خاڵ کاژاو، گوتیان که دوو کوڕە سەید هاتوون له زەمین و مڵکي تۆدا خانوو ساز دەکەن. حاجي خاڵ، خەڵیفەي حەزرەتي غەوس بوو، گوتي: شێرەکەم بۆ بێنن با سواری بم و بچم تا شێرەکەم بیانخوات. وەختێ ڕۆیشت گەیشته نزیکی بەرزنجه، شێخ مووسا گوتی :کاکه ئەوە خاوەنی ئەم مڵکەیه وا سواری شێر بووە، هاتووە ئه زیەتمان بکات .شێخ عیسا گوتی :هیچ مەترسه، ئەو سواری شێر بووە، تۆش سواری دیوار بەو بڕۆ بەرەو پیری .شێخ مووسا که سواری دیوار بوو، به ئەمری خودای حەق تەعالا دیوار چوو بەرەو پیری حاجی خاڵ .حاجی خاڵ که ئەوەی دی گوتی :ئەوانه له من گەورەترن، وا باشه له سواری شێرەکه دابەزم و بۆخۆم بچم بەرەو پیریان و ئەملا و ئەولای یەکتریان ماچ کرد و به شێخ مووسا و شێخ عیسای گوت :جا من بۆ خۆم دارتان بۆ دەبڕمەوە بۆۆ سەربانی مزگەوتەکه .که داریان بڕی بۆیان هێنا و خستیانه سەربانی مزگەوتەکه، دارەکه کورت بوو، شێخ مووسا گوتی :کاکه دارەکه کورته چ بکەین؟ شێخ عیسا گوتی :براگیان تۆ ئەو سەر و من ئەم سەری رادەکێشین و بیسمیللا دەڵێین .هەر دوو سەری دارەکەیان گرت و رایانکێشا تا به قەد سەربانی مزگەوتەکەی لێهات و مزگەوت بەمجۆرە ساز کرا و حاجی خاڵ کچی خۆی پشتکەشی برا گەورەکه کرد و به زه ماوەندی ئەوان چەند ماڵێک لەوێ خانوویان درووست کرد و ئێستاش گوندی بەرزنجه ئاوەدانه و ئاواتەخوازم به دڵخۆشی بژین .چاک وایه ئەمەش بێژم شێخ عیسا و شێخ مووسا عەولادی بابه عەلی کوڕی بابه تاهیری هەمەدان، کوڕی سەید یووسف، کوڕی سەید مەنسوور، کوڕی سەید عەبدوڵلا، کوڕی سەید ئیسماعیل مەحەدیس، کوڕی ئیمام مووسای کازم، کوڕی ئیمام جەعفەری سادق، کوڕی ئیمام محەممەد باقر، کوڕی ئیمام زەینەلعابدین، کوڕی ئیمام حوسەینی شەهید، کوڕی ئیمام عەلی و حەزرەتي فاتمه کچی پێغەمبەری نازداره .

●له دەم کتێبی هەگبەی مامۆستایکی لادێ
نووسەر: ئامینه عەزیزی

## کانی

**دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی**

گوێ بگرە بۆ دەنگی جێژوانی کانی
نه سرته
نه ورته
نه ترسی پێزانی
***
ئەمە ژوان، لەگەڵ کانی وەڵاته
نه سەفەرە
نه خەتەرە
ئێرە ماڵی ئەمنی، ئەوین و ئاواته
***
کانی ڕوونی وەڵات
دڵ هێنامی بۆ لات
له سەر ئاوی کەوسەر
ماندوویی لەش و گیان
به ئارامی چووە دەر
***



له داوێنی کانی
بۆ سەر لووتکەم ڕوانی
کات کەم و ڕێگا دوور
بەڵام زەلانی دڵ
ئەشنایەوە بۆ ژوور
***
لەو سەرە له شارم ڕوانی
دیسان و سەر له نۆ
ئیمانم هێناوە
به خودای ئەوین و جوانی



بۆکان. پەروین.نازری

میوانی پاییز...
هەورێکی ئاوس بە باران
ڕەشی هەڵگەڕاندبوو سێنگی ئاسمان
دڵۆپێک و دوان
بۆنی مەستیی باران
تروسکە تروسکی
گڵۆپی سەر داران
پێخەفی مۆر، لەسەر کورسی زەوی
میوانییەکی شاز و
میوانێکی لە خۆبایی
چایێکی تاڵی هەڵم لێبڕاو
جێژوانێکی خاڵی لە کەس
فرمێسک و هەناسەیێکی بێ نەفەس
وڵات کپ و هەست سڕ
دڵ و دڵۆپی باران، لێدەدەن
لەسەر یێک هەوا
ڕاوەستانی کاتەکان
چرکەچرکەی سەکتەلێدراو
گێژەلوولێکی تەماوی
هیچ دیار نیە
گەڵایە، خۆڵە، دانی باڵندەیە
چاوە، لێوە، ماچە یان گازندەیە
ژیانەوەیێک لە ڕابردوو
ترس، قەفی خواردۆتەوە لە داهاتوو
دەنگی ژیان دێتە گوێی
لەوبەر چیاکانی مێشکی
لەمبەر چیا، قەبرستانێکی زیندوو
مردوویێک و ژیان لە ڕابردووا!

## پاییز



بۆکان. ناتق مەجیدی(سۆران)

هۆی چییە ئەو وەرزە ئاوا تاسەبارە و بێقەرار
ڕەنگە زیزبوونی گەڵا بێ کەیلی کردبێ ناخی زار
ڕاستە زۆر ناخۆشە تۆران، لێی گەڕێ زۆر باشترە
چاکە بڕوا ئەو کەسەی هاتۆتە سەر ڕێی کۆچ و بار
چی بە گوێی بەرگا بڵێی چرپاندبێ با، تۆ بڵێی؟!
وا کە ڕۆیی و دەستی بەردا ئەو لە دۆست و کۆنەیار
خەڵک ئەڵێن پاییز بەهارێکی سەرانسەر عاشقە
ڕوون نییە لێم بۆ لە پاییز خوێن لە چاوم دێتە خوار
دیارە ئەمنیش وەک گەڵا لەو ژینە یەکجار جاڕزم
کون کونە جەرگم بە جارێ نین لە هیچ لا تازە چار
ئێستە ئاواتی منیش وەک ئەو گەڵایە کۆچەرە
با ئەویش بڕوا بە جارێ لێی نەمێنێ ئاسەوار
پاییزی چی و شاعیریی چی و خشخشی چی، گاڵتەیە
دەک بە نەفرەت بێ کە دەیبا نەخش و ڕەنگی لالەزار
شەختە دێ، گوڵ سیس دەبێ،سەرما دەچێتە ناخی کەل
جا بڵێی چ بکەن مەلانی نیشتەجێی شاخان و شار
وەک دەڵێن خوای بانی سەر ئەو وەرزە تاڵەی خۆش دەوێ
من دەڵێم سەد خۆزگە خۆشی قەت نەویستبا کردگار
چونکە دوای وی دێ بە جارێ دەور و ڕۆژی بەفر و سۆڵ
شەم لە دووی پەروانە کوا دێ تازە هاتووە ڕۆژی تار
دیارە پاییز خۆش دە کا جێ بۆ سەرینی بەستەڵەک
تا نەیێتە گۆ دەم و یەکجار بدووریێ لێو و زار
خێڵی (سۆران )چاوەڕێن بڕوا خەزان و وەرزی خەم
سەر لە نوێ بێنێتەوە بای وەعدە بۆ مەش نەوبەهار



سەردەشت. بناوێ. خەمبار

تۆ دەزانی ئەو دڵەم زاتەن نەخۆشە بۆ دەڕۆی
عاشقی جوانیتە ڕاستی، دامەپۆشە بۆ دەڕۆی
تۆ بڕۆی ئەمجارە مەرگم دێتە  باوەش ژیانەوە
چاو لە لاشەی زل نەکەی چوون هەر کڵۆشە بۆ دەڕۆی
سینەکەم بۆتە مەقەڵ خۆ سووتنی دیارە لە دوور
وەک کەباب وایە دەقرچێ بۆنی خۆشە بۆ دەڕۆی
دێ لە دوور دەنگی هەناو و دڵ کە کوت کوت لێدەدەن
چەشنی مۆسیقای دەلالۆی تەوقی تۆشە بۆ دەڕۆی
بۆ چی وا بارگەت لە کۆڵ نا بۆ شکەنجەی گیانی من؟
زاری کردۆیتن بە پیشەو پڕ پەرۆشە بۆ دەڕۆی
بەر دەری مەیخانەکانیش لێرە گاڵە دراوە لێم
 تۆ خودا ڕحمێ کە ژەهرم پێ مەنۆشە بۆ دەڕۆی
خوێن دەڵی سوور کراوە لاشەی پڕ لە زامی دووریتم
خۆ دەمی تێناوە عەشقت قرۆش قرۆشە بۆ دەڕۆی
هەر دەڕۆی کۆچت بەخێر بۆ کوێیە کۆچت دێم لە دووت
ڕاستە دڵ تەنگم لەدووی دڵ پان و بۆشە بۆ دەڕۆی
بۆ منی خەمبار لە وسڵت چیم دەوێ یەک شت نەبێ
لانی کەم کاتی نەمان سەرمت لە کۆشە بۆ دەڕۆی



سەقز. غەفور کەسنەزانی، ژاکاو

غەزەل ناپێوێ ڕێی چۆڵی هەواری بێ کەسی تازە
کرێوەی ساردی زستانی قەلاچۆی کرد ئەوی ڕازە

منی فەرهاد و بێستوونی کوڵۆڵی ئەم سەدە نابێ
وە دووی لەیلا کەوین چیدی کە زانیمان قوماربازە

لە پێ دەشتی ئەویندا‌ری چەقڵ لافی وەفای نەخشاند
عەجیبە سووڕی ئەم دەورە گوڵی ڕاستی چ بێ وازە


قەڵەم قاڵی درۆ و هووشە قولاپەی یەکتری دەگرن
نییە حەق نووس و حەق وێژێ کە هەڵکەوت دەگمەن و شازە

وشەی ناسک لە نێو زاری گەنیووی توێژی ناپاکان
دەمی نۆتی ڕەپی ئەولا  دەمی سێگایە (گا) جازە

نەما ناوی وەتەن قانع لە ناو هۆزی گەلی کوردا
بە فیڕۆ چوو نزاو ناڵەت لە کێ کەم جا گە و گازە

چیاو چڕگەن، مله و ئاسۆ،نەما هیوا لە دڵیاندا
بە جێی پۆڕ و هەڵۆ لایان ئەوێستاکە قەل و قازە

## دارئەرخەوان



بانە. کەوسەر خوداپەرەست

بۆنی شەوە تەم گرتووەکانی پاییزی جەستەمی داگرتووە
گەلاوێژی هاوین پاییزێکی بێ برانەوەی هێناوە بو فێنکایی ئەم جەستە پڕ لە گڕە
دواهەمین گەڵای ڕەزبەر هەڵ دەگرم و دەیکەمە بە چەتری بارانەکانی گەڵاڕێزان
تا ساردی خەزانی ئەم ژینە پڕ ئاگرە نەمتەزێنێ
هەنگاو دەنێمە پاییزێکی بێ کوتایی
لە شەقامی سەرماوەز بۆ هەتاهەتایە دەمێنمەوە
چاو دەبڕمە ئەو دار ئەرخەوانەی هەمووشەوێک «شوانە» نامەکەی
لە ژێر هێلانەی حاجی لەق لەقە کەدا دەخەوێنێ تا هەنار لە بەربەیانێکدا کە هێشتا کەو و کەوباڕی لێ جیا ناکرێتەوە بە
سۆزی پەنجەکانی گوێ بداتە هێمنی وشەکانی
دەمێنمەوە لە ژێر لیی دارەکەدا و گوێ ئەدەمە چرپەچرپە مێژوویەکانی دڵدارانی ساڵانی زوو کە با بە گوێی هێلانە
ڕووخاوەکەی حاجی لەق لەق ا دەیسرکێنێ
دادەنیشم و دەنکە دەنکە هەنارە هەڵڕژاوەکانی دڵی شوانە کۆ دەکەمەوە
بەڵکو بیان گیرسێنمەوە بە دڵی شەوگارە بێ کۆتاییە کانی پرچە لوولەکانی مانگەشەو تا درێژتر بێت بەژنی ئەم ڕەش مارە
بۆ هۆنینەوەی بەختی لارەملی ئەو کیژەی هەرگیز یەسپی ئاواتەکانی نەگەیشتە جێژوانی ژێر دارئەرخەوان



## شەراب

سەقز. عەتا ساڵح پوور

هەرچی هاتم و تۆ نیگات لێم شاردەوە
من شەرابی خەستترم ئەخواردەوە

ئەو شەرابەی وا کە شاعیر مەست ئەکا
هەر بە ساقی پێشترم ئەسپاردەوە

قەت خەیاڵم بێ خەیاڵی خاڵ نەبوو
گەرچی چاوت بێ خەیاڵ ئەیناردەوە

باڕن و بۆران هەموو کووچەی تەنی
ساقی دیسان پیاڵەی ئەژماردەوە

خۆزگە جارێ لانی کەم سەیرت ئەکرد
تۆ لە پشت ویترین و شووشەی ساردەوە

هەر غەزەل هاتن و تەممنایان ئەکرد
ئاورێکی شێتەکەی ناوشاردەوە

پێی(عەتا) کە نیو نیگایێ نازەنین
بێ و وڵامی لۆمەی ئەغیاردەوە

سەیرە ئێستا بۆ لە پشت پەنجێرەدای؟
بۆچی وەستاوی بە لەنجە و گاردەوە؟

تەرمی شاعیر وا بە شان ئەشعاریەوە
تازە ئێژی ئاورێ جارجاردەوە



## خەیاڵ

سەقز. مریەم یەتیمی

شێعرەکانم لە کامە گەڵاڕێزان
لە کامە بیرەوەری و شەنگەبی
لە کامە کانی و گوڵ دواوە
کە تیغی مەکری پاییز
گەرنم ئەژمێرێ
بۆ لاپەڕەی تەڕی فرمێسک؟
من نامەوێ یادەکانم وەک سازی
شکاو لە دڵ هەڵسپێرم
من نامەوێ کانی بەرە و
ڕۆخانە بێتەوە و هیچ ڕۆخانەیەکیش
بەرە و تاڵاوەکانی ڕەش و تاریک
ببنەوە
من باوەڕم بە دەلیا و تاڵاوی
تاریک نیە
دڵنیام گرمەی هەوری تیژ ورگی
تەم مژی ئاسمانی هەرێم ئەدڕی و
خۆری هیوا ئەدرەوشێ
بەڕووی زەوی دا
دڵنیام دنیا تەژی لە
ئاشتی و هێمنایەتی ئەبێ و
زەوی سەوز لە نەمامی چێندراو و
بەرامەی گوڵ و درەخت ئەبێتەوە
بۆ خوێندنەوی کتێب
تا سپڵەیی قەپ نەدا لە سێو و
مانا بە کوێرە ڕێ نەسپێرێ
تیشکی مانگ و ڕووناهی
لە هەرێمی گۆنا و لێوەکان بزەی ئەبارێ
ئەوەندەی سەمای باڵی
سەوز و سووری پەپوولە و
ئەوەندەی باڵی بیرم بۆ
هیوای داهاتوو لە گیرفانی دڵم داشاریوە
ئاخری ڕۆژێ هیوای
دوا ڕوژەکانم لە شەقامی شەکەتی شار
ئەبارێنم
بە پێچەوانەی چی پاییزە
بەهار و باخی هیوا ئەڕسکێنم



## کورتەچیرۆکی: "خۆشەویستی"

مەریوان. جەمال ئیمانی

– من تۆم خۆش ئەوێ.
– باشە ، بەڵام من و تۆ تازە چاومان بە یەک کەوتووە و یەکتر ناناسین!
– ئەزانم ؛ زۆرم خۆش ئەوێی، نازانم بۆ !؟
– ئەرکی من ئەوەیە وریای تۆ بم و دەربازت بکەم، بۆ خۆشەویستی نەهاتووم.
کچەکە دەڕوات و سویچی ماشێنەکە هەڵ دەگرێ.
– دوێنێ شەو لەشتم بینی ،چاومی دزی بۆ خۆی.
– دوێنێ شەو؟ لە کوێ سەیری لەشی منت کرد؟
– کاتێ لە حەمام هاتیتە دەرەوە؛ تەڕ بووی ؛ چەن جوان بوو، دوایی کە سەماکەتم بینی، هەست و هۆشت بردم!
– سویچەکەم پێ بدە، ئەبێ لێرە بڕۆین.
– هەتا سەما نەکەین و لەگەڵم نەبیت، نایدەمەوە .
–وادیارە هیچ نازانی؛ من نێردراوم بۆ دەربازکردنی تۆ؛ وەڵامی باوکت چۆن بدەمەوە؟ ڕەنگە هەر ئێستا بگەنە لامان؛ئەتەوێ هەردوکمان بە کوشتن بدەی؟
– من ئەمەوێ سەما بکەم و لەگەڵت بم ؛ ئیتر نە باوک و نە کوشتن و نە هیچیتر پاشگەزم ناکاتەوە .

بە ناچاری دەست دەکات بە سەماکردن و تێکەڵی یەک ئەبن.
نیگای لە سەرفلێمەکە لائەبات وئاخێکی بەرز لە ناخی دڵەوە هەڵئەکێشێت و خەیاڵی ئەڕوات ؛ موبایلەکەی دەردێنێت و نامیلکەیەک بەڕێ دەکات:
" خۆزگا یەک جار من و تۆش......."
نیگای دەڕواتەوە بۆ فلێمەکە، هێشتا ماچیان لێ ئەچوڕێت!

## ئەشقێکی بەڕاسینە

سەقز.ئازاد سەید ئیبراهیمی



بڕیارە بە بێ هیچ ئەدایێ وەکوو خۆ بم
گەر دۆس بە ناهەق بدوێ، شەرتە چەکی کەم

بێزارە دڵم لەم هەموو شانۆیە، قەرارە
ئەشقێکی بەڕاسینەیی دۆمی و لەکی کەم

"ئازاد "و ئەوینێکی بە بێ پێچ و پەنا، چەن
وەک ئیسی و ئیستەیسی و دەیوید و جەکی کەم؟

پاتۆڵ و بلووزێ وەکوو ئاوێنەیی بێگەرد
گێژانە لە بەر پۆز، چەنێ کۆتی تەکی کەم؟

بێژێ کە کلاسی نیە بەم جورە کەسێ گەر
بەو گووشیە بڕیارە لە سەر نێت هەکی کەم!

گەر وا نەلوا تێبکەمۆ ریزی ددانی
کوردانە کەمێ نۆژەنی کاپۆڵ و فەکی کەم



سنه. پ.ڕ.سایدا

دوو هەناسە ئەولاتر
دەستت دەگرم
نەک، چرایەک ترسەنۆک
سێبەرمان بەخاتە قاپ،
یان پەنجەرەیەک بە دزییەوە
نامەکانمان بەداتە دەستی با و
دیوارێک
دوورمان کاتەو لە یەک...

❋❋

یەکەم جار
لە گەڵ شێعرێکدا
هەنگاوت نایە شاری دوودڵیم
هەست و هەڵبەستت
دوو باڵی قەڵەم بوون
لە ئاسمانی وشەکانمدا،
لەو کاتەوە،
زستان و بەهار
دەست لە گەردەنی یەکدا
گەڵا و باران ئەدەن
لە کراسی هاوینم...
پاییز؛
بە جانتایەک پڕ لە هەستەوە
باسی ئەوین دەکات
بۆ پەپوولەی سەر قژم
ئیدی،
لە مەرگەو نارۆم بۆ مەرگ و
لە وەرزەوە بۆ وەرز؛
ڕاوەستاوم
تا دێمەو لە تۆ....

## پاڵگە



بانە. ئاودێر

کە باران چاو
لە گریانی چاوت دەکا
ئەمن چەتری دەستە چنی
چل چەمانت بۆ دەچنم
بە ترووسکەی دەستەکانم
کە چاوانت
چاو لە چاوی باران دەکا
دێنە پێشواز
شاهی نەشە و
شەو دەمانێ شانەکانم
کەژاویە
ئارامبە دڵ!
ئامێزەکەی گزنگ چنم
بێ خەیاڵبە
تۆ سەربنێ سەر سێبەری یادەکانم

## میوانداری دڵی هەتاو

گەر ئەمجارە
هاتی بۆلام
بە پەیکیکی خەستی گرانس
مەزەی مزری لێوی ئاڵ و
ئامێزی دلۆڤانی مەنگ
گەرم پێشوازیت لێدەکەم
لە سەر فەرشی سووری چاوم
کورسی سێحر و
مێزی دڵت بۆ چێدەکەم
لۆچێ سلول
بەتامی بنێشت و نەعنا
لە قۆپی جەستەم ئەچنم و
سکڵێ لە ئاگردانی دڵ
هەڵئەگرم و
سەر ڕۆژنەی ئائۆرتی ئەخەم تا بەیانێ
تۆش بە لێوی سوور، ئارام ئارام بمکێشە و
بۆ هەمیشە قوڵتەی قلیانت وەلانێ



## قەیسی و ڕۆن و دۆ

بۆکان  برایم جەمیانی

پیاوێکی خۆرا و  بە پێی تەمەن کۆن
دۆیەک زۆر دەخوا  لەگەڵ قەیسی و ڕۆن
بە هۆی قەیسی و دۆ  وا  دەردەکەوێ
بە کوردی و کورتی  پیس نەخۆش کەوێ
ژانە زگ دەگرێ  وەک ژنی دووگیان
ئەجمانی  نابێ  شەو تاکوو بەیان
دەواو  دەرمانی   پروو  پیرێژن
وای بەسەر دێنێ  خاسی نەئێژن
چارە نامێنێ  لە غەیری  ئەوەی
بیبەن بۆ  دوکتۆر  چەن کوڕ و نەوەی
دوکتۆر لێی پرسی  برا  کوێت دێشێ
وتی ئیسحالم  بە  پاش و  پێشێ
وشکە ژانێکیش  سەری  لێداوم
وەختە دەرپەڕێ  بیلبیلەی  چاوم
دوو لە ڕووت دوکتۆر  ئابەم پەتایە
زگم عەمباری  باڕووت و  بایە
دوکتۆر خەواندی پاش فەحسی تەواو
هاتە سەر پرسی چێشت ونان و ئاو
وتی پێم بڵێ  چەن ڕۆژ  لەمەو پێش
کوولەکەت خواردوون  یا نیسک و بروێش
وتی ئای  دوکتۆر  چ  ڕاست و  درۆ
قاپێ قەیسی و ڕۆن  لەگەڵ نەختێ دۆ
دوو سێ ژەمم  خوارد  بە ئەستۆی  وردم
هەتا ئەوڕۆکە  بەم دەردەی  بردم
دوکتۆر عەرزی کرد قەیسی و ڕۆن و دۆ
ناسازێن هەرگیز  چۆنت خواردوون  تۆ
مەگەر نازانی  بە یەک  قەرنەوە
دۆ لەگەڵ قەیسی  یەک ناگرنەوە
وتی دکتۆر گیان  وتەت  بە نرخە
من قەیسی و ڕۆنم  پێ بە گۆشت بەرخە
بەڵام بەسەرت  بۆم  دەرکەوتووە
ئەوان  سازاون ، منیان  کوشتووە



بروجرد. سەعید فەلاحی (زانا کۆردیستانی)

خەیاڵەکانت ئەوندە باڵا کردونە
کە ڕۆژێ چەن جار دێنە سەر دانم،
باران هەتا شەو دەبارێ و بەدوایی
–با– دایکی پیرم
هەموو بەیانی
کۆرانە خوولینەکەمان گزک ئەدا
بەڵکەم کە بیت و سەرێکم لێ بدەی و
ئەم زامە کۆنە لەژێر چاومدا لابدەی و بیفرێنی.
دڵم، شیشەیکی ناسکە
بەڵام
دڵگیریەکانم و دڵگیریەکانت
وەکۆ شاتاڵی مغولەکان
لەسەر گیانم هاژۆتکار دەبن،
هەتا بەیانێکی تر بیرم داگیر ئەکرێت
لە ژێر هەنگاوانێک وا تۆ هەڵ نەتگرت!
سیگارەکانم کاتێ گڕ دەگرن هەوار دەکەن:
(بۆ من ئەویندارت بووم؟!)

❋❋

## برگردان شعری از رها فلاحی به هورامی

از همەی عروسک‌هایم پرسیدم،
نە! هیچ کدام
[دوست داشتن]
نمی‌دانستند!

■

جە گِرد وە ویلکەکا پرسام،
نە ! حیچ کامشا
(وە شە ویسی)
نە زاناشا!

شعر: رها فلاحی (شاعر خردسال کە اشعارش در کتاب چشم‌های تو چاپ و منتشر شدە است)
برگردان هورامی: سیدفریدسلیمی



## هەرەوەز

سەردەشت. سابیر بێتووڕشی





خەڵکی دێهاتەکانی کوردستان کە کاریان وەرزێری و ئاژەڵداری بوو , بۆ بەرهەم هێنانی کارەکانیان ئامێری ماشێنی نەبوو , تاکوو لە کارەکانیان دا دانەمێنن و بە خێرایی و بێ ماندوو بوونی کەم بەهرەی زۆر و باش لە کارەکانیان دەست بکەوێ , لە لایەکی دیکەشەوە زۆری خەڵکە گوند نشینەکان بەو ڕادەیە زەوی و زاریان نەبوو تا پێی دەوڵەمەندو ساماندار بن , بەشێکی بەرچاویش لە وان لە سەر زەوی و زاری خەڵکی دیکە ڕەنجبەر بوون , لە هەر گوندێک دا یەک دوو ماڵی وای لێ بوو دۆخی ئابووریان تا ڕادەیەک لەوانی دیکە چاکتر بێت.

ئەوانە هۆکار بوون بۆوەی خەڵک بە گیانێکی یەکگرتوو تەباییەوە لە زۆربەی کارەکانیان بە یەکەوە بن و گرانایی نەکەوێتە سەر شانیان , ئەو بابەتەش پێیان دەگووت (هەرەوەز) و تا ئێستاش بەشێکی کەم لەو داب و نەریتە هەر ماوە . هەرەوەز چۆن بوو ـ هەرەوەز ئەوە بوو کە لە دێ دا هەر ماڵێک کارێکی گەورەی بۆ پێ بگەیشتایە , ئەوە تێکڕا ماڵەکان هەر ماڵەو کەسێکیان دەنارده کاری ماڵەکە و کەسیش دوانەدەکەووت , چونکە هەر کەس کاری خەڵکی نەکردایە کاریان لە گەڵ نەدەکرد , مەگەر کەسێک کە نەخۆش و بێ کەس بایە ئەوە بێ لە چاوگرتنی هیچ شتێک کارەکەیان بۆ دەکرد ـ هەرەوەزی گوند نشینان لەو شتانە دا دەکرا ـ دروینەی دانەوێڵەکان ـ توتن ناشتن ـ توتن پێوە کردن ـ گڵەبانەی خانوو ـ دیوار و خانوو کردن ـ ڕەز برین ـ گەڵ کردن ـ نیرگە هەڵگرتن ـ نان کردنی ژنان بە یەکەوە ـ گۆڕ هەڵکەندن ـ زەماوند و شین کە هەموو ماڵەکانی دی سینی ونان و پێخۆریان دەنارده مزگەووت و میوانەکانی شایی و سەرەخۆشیان نان دەدا , لە هەموو ئەو کارانەدا لە جێگەی ئەوە کە خاوەن کار خۆی و دوو سێ چوار کەسێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی چەند ڕۆژێکان بە زەحمەت و ئارەق ڕشتنێکی زۆرەوە بە کارەکەیانەوە بن, ئیتر یەک ڕۆژ بیست سی کەس بە ڕۆژێک کارەکەیان تەواو دەکرد , جا لە هەرەوەز دا دەبوو بە قولەقولی خۆشی , ئی وا بوو گۆرانی دەگووت , کەسانێکیش هەبوون سەڵاوەتیان لێ دەدا . ئافرتکانی ماڵە خاوەن کاریش بە نان و چا دروست کردن و ئاوهێنان و خزمەت کردنی کارکەرەکانەوە ماندوو زەحمەت کێش بوون .

هەرەوەز ببوە هۆی ئەوە کە لە گەڵ سوک بوونی ئەرکەکان, پەیوەندی نێوان خەڵکەکان زۆر خۆش بێت, خەڵکی لە پەنا یەکەوە هەست بە خۆشی بکەن , خەمی فەقیری و بێ دەسەڵاتیان بە یەکەوە بەش کەن و بە گیانێکی ئارام خۆش وەرزەکانی ساڵ بە یەکەوە بەرنە سەر . لە هەرەوەزیش ڕا فێری بە یەکە ە بوونێکی لێک دا نەبڕاو بوون کە بۆ مازوو چنین و چونی کوێستانی بەهاران بۆ مەندی و لوشە و ڕێواس بێ یەکتر نەچن , خەڵکی جێژنانیش لە مزگەووت بە یەکەوە نانیان دەخوارد و بە یەکەوە ماڵە و ماڵیان دەکرد بۆ جێژنە پیرۆز , بەیەکەوە سەردانی نەخۆشی ناو گوندەکەیان دەکرد, کە ژنان منداڵیان دەبوو , ژنانی گوند پۆل پۆل بۆ پیرۆزبایی شتێکیان بەدیاری دەبرد و دەچوونە سەردانی ـ بە پۆل خەڵکی پێشوازیا لە هاتنەوەی کەسێک لە سەفەر , گەڕانەوەی حاجی لە سەفەری حەج و هاتنەوەی کوڕەکان لە سەربازی دەکرد .

ئەو دەورانانە یادیان بە خێر یادیان بە خێر

شازدەی بەفرانباری ٢٧٢٢
گوندی دولکانی ناوچەی ئالانی سەردەشت
سابیر بێتووڕشی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## زەڕینی بێ وادە



بانە. قادر خدر زادە

پەندێک واهەیە بۆ مرۆڤی ژیر
میراتی کۆنەلە باوو باپیر
هەڤاڵی یەک بوون مام وشتر وکەر
دوور لە بێگاری بۆ خێڵی بەشەر
شنەی ئازادی دەیدا لە سەریان
فڕێیان دا بوو کۆپانی بەریان
ڕزگاریان ببو لە چنگ بنیادەم
حوڕ و ئازاد بوون بەخۆشی و بێ خەم
برینی پشتیان ببۆوە سارێژ
زامی نەقیزەی مرۆڤی خوێن ڕێژ
بەڵام داخەکەم هاوڕێیەتی کەر
نەیهێشت ژین ئاوا بڕوا هەتا سەر
شەوێک لە نزیک گوند کەری بەدفەڕ
بێ ئیزنی وشتر کردیە زەڕە زەڕ
وشتر هەرای کرد هەی کەر بەسە بەس
کەی خۆشە دیلی گوێ درێژی تەرەس
مەیکەرە زەڕە با دوور وەکەوین
ئەمە بۆ وات کرد زەندیقی بێ دین
کوانێ پێی خۆشە ئاژەڵێکی ژیر
بەر نەقیزەی دەن کوێلەبێ و ئەسیر
بەڵام کەر دیسان کردیە زەڕە زەڕ
زەڕینی مام کەر بوو بە مایەی شەڕ
خەڵکی زوو هاتن خستیاننە کەمەند
زەڕەی بێ وادە کردنی بە پەند
هەمدیس گیران وهاتنەوە ژێر بار
دیسان جەستەیان بۆوە بریندار

هەڵەی کەر هەمدیس هێنانیە ژێر نیر
کەر و وشتری بە ساڵا چووی پیر
دیسان کۆیلەتی بە بەژنیان بڕا
بەرگی ئازادی لە بەریان دڕا
وشتر ئەم کارەی لێ بوو بە ناسۆر
تۆپەڵی کردبوو سەر دڵی بە مۆر
بێگاری بڕی بڕست لە وشتر
تازە دەیبینێ ئازادی و کەنگر؟
تا ڕۆژێک وشتر بۆیهەڵکەوت هەل
ڕووبارێک دەرکەوت لە سەرلووتکەی کەل
بڕیاربووکاروان وەپەڕێ لە بوار
وشتر باری خۆی مام کەریش سەر بار
وشتربە دڵی داهات کە هەڵە
بە مام کەرەوە بیکاتە مەلە
کەر هاواری کرد ئامان سەد ئامان
نەمانخنکێنی هەڤاڵی چازان
خۆت قوم کەی ئەمن تازە دەفەوتێم
لە دەستت دەچم ودەتۆپم دەخورێم
وشتر هاتە دەنگ پێی ناوێ مام کەر
خووەو بەو شێوە دەبێچارەسەر
هەر کە وشتر نووست کەر کەوتە سەراو
بە چاوی خۆی دیت گۆڕ و تۆپێک جاو

❋❋

بەڵێ ئازادی لە قیمەت نایە
لە لای خێڵی کەر گەر بێ بەهایە
وەک کەر لە خۆوە لە دەستی نەدەین
با بیپارێزین بە خوێن هەتا هەین

## مامۆستا هەژار و وتەیەک

خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژار بە سەر هاتێک دەگێڕێتەوە لە دوای ئەوە کە پێشنیهادی( بدیع الزمانی فروزانفر) ی بۆ وەرگێڕانی کتێبی قانونی ئیبنی سینا وەرگرت و پاشان بۆ یەکەمین جار بە ئەو پەڕی تواناییەوە لە زمانی عەرەبیەوە بە فارسی وەریگێڕاوە، کەس گەلێک لە برایانی فارس ئەم شتەیان بە دڵ پێ ناخۆش بوو، چوونکە باوەڕیان بە وە نەبوو کە شەهروەندێکی دە ڕەجە دوو سێ ئەم کارەی لە دەست بێت، مامۆستا هەژار دەفەرموێ مەلایەکی شیعە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی ها بەچکە سوننی گومان نەکەی کە شاکارت کردوو ە، جوونکە ئێمەش دەمانتوانی

مامۆستا هەژار دەفەرموێ ڕاست دەکەی دەتانتوانی بەڵام نەتانکرد

مامۆستا لێرە دا داستانی کریستۆف کلۆمب و دۆزینەوە ی کیشوەری(قارە) ئەمریکا بۆ کابرا دەگێڕێتەوە کە جیهانگەردانی ئیسپانیایی پێیان گووت کە ئێمەش دەمانتوانی و کارێکی گرینگت نەکردووە

ئەوە بوو کە پێشنیهادی کرد هێلکێکی بۆ بێنن گوتی کێ دەتوانێ ئەم هێلکە ی بە سەر ئەم تۆپە ئاسنەوە (گوایە نەخشەی گۆی زەوی بووە)ڕاگرێ، زۆر کەسلە کۆڕەکە تاقیان کردەوەو نەیانتوانی و هێلکەکە دەشکا


لە کۆتایی دا کریستۆف بۆ خۆی بەتوندی هێلکە ی لە سەر تۆپەبەند کرد بەهۆی ئەوەی کە هێلکەکەی بە ئەستەم شکاند و بەندی کرد

تێکڕا گوتیان جا ئەوە چیە ئێمەش دەمانتوانی

بەڕێز کلۆمب وتی بەڵێ دەتانتوانی بەڵام نەتانکرد

جالێرە دا پێویستە یادێک لە مامۆستا هێمن بکەینەوە کە دەڵێ کە خزمەت کردن بە زمانی بێگانە وەک مریشک وایە کە لە هێلکە کردن دا تەنیا قوون دڕانەکەی بۆ دەمێنێتەوە. تێبینی: هەڵبەتە ئەم وتەم لە نووسراوەکانی مامۆستا هەژاریش دا دیوە (خوای مەزن هەردووکیان غەریقی ڕەحمەتی خۆی کات )

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## گێژەڵووکەی چاوت

بۆکان. هیدایەت ئازەری "خەمبار"

چاوەکانم مەیلەکەت وەک, گێژەڵووکەی با دەچێ
چی بەسەر دێ سۆزو ئەشقم, سۆزی دڵ چۆن لادەچێ ؟

بەرهەمی ئەشقت ئەگەرچی, غەیری ژانی بۆم نەبوو
چاوی تیژی شاعیریم, هەروا بە باڵاتا دەچێ

باخی شیعری من بەتاسەی تۆ, خەمی لێ نیشتووە
تینی جارانی نەماوە, وابچێ تێدا دەچێ

تفڵی بێ نازی دڵی من, چاو لە ڕووگەی تۆ دەکا
دوور لە تۆ تیری نەهامی, دێ بە ناخم دا دەچێ

پەنجەرەی عەشقت بەڕوومدا, دامەخە با شین نەکەم
هێندە هۆگر بووم بە عەشقت, دڵ بەلای مەیدا دەچێ

چاوی پڕ ئەسرینی هەستم, واغەزەل باران دەکەی
جاروبار بۆ بەستنی سەروا, دڵم ڕاڕا دەچێ

لێمگەڕێ با تێر لەسێوی, داری عەشقی تۆ بخۆم
قەیدی نا بامن بسووتێم, چش کە دوو دنیا دەچێ

تاڵ بەتاڵ پرچت بەشانەی, شیعرەکانم شانەکەم
جەورەکانت زۆر لە شێوەی, شیرن و لەیلا دەچێ

قالب : غەزەل
بەحر : ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف
کێش : فاعِلاتُن، فاعِلاتُن، فاعِلاتُن،فاعِلُن



## چلە

بۆکان. ڕێ زان

بە تۆزو خشکەوە ڕاما هەموو بەر، پاڵ، چلەی پیرۆز
نییە ڕۆچنەی هەتاو تاوێ لە بن قەد یاڵ، چلەی پیرۆز

زەوی ئەستێورە ئێستا هەموو ئەستێرە دەیبینن
شەوو ڕۆژ وا میجازێکن ئەوەند سەرقاڵ، چلەی پیرۆز

وەری هەرچێ گەڵا ما بوون لە سەرماوەز بەرەو شەختە
ڕەشانگە پڕ لە ڕندوو بوون بە حوکمی زاڵ، چلەی پیرۆز

دەپۆشێ وا گەوەی بستۆک کراسی بەژنی بەفراوی
ڕەوەز هەڵدێر حەشارگەی کەو هەڵۆ یا داڵ، چلەی پیرۆز

ئەمن بووکی چیام بینی بە ڕیشۆڵێکی زووقماوی
لە ژێرچەتری ڕنوو پۆشی لە چۆم و چاڵ، چلەی پیرۆز

دەڵێم دەستێکی بەفراوی بخە سەر شان بڵێم ئۆخەی
خەتای وەرزێکی دووریتا بە ماچی خاڵ، چلەی پیرۆز

دڵێکی بێ خەتام هێنا لەبەژنی ژانی تۆ ڕاچوو
خەتا لە من و لە چاوی تۆ لە خاڵ بێ ،خاڵ، چلەی پیرۆز

چ ژوانێ وا لە ڕۆژ و شەو خەج و سیامەندی سەد قەرنن
بە پەنجە کەم نییە لێیان لە مێژووی ساڵ، چلەی پیرۆز

ئەتۆ یارێکی دڵ نەرمی هەناسەی ڕوومەتی ڕۆژێ
بە دەسبێنی ئەتۆ بەندم ،گرێیە شاڵ، چلەی پیرۆز

لە داوێنی شەوی یەڵدا خرۆشانی هەتاو و خۆر
لە مێژووی خۆشەویستیدا بەلێوی ئاڵ، چلەی پیرۆز

هەوارگەم چۆل و خاپوورە لە وەرزی ویشکەڕۆ دەرچین
هەوای سەر باڵی کۆێستانان لەسەر شاباڵ، چلەی پیرۆز

ئەتۆ (ڕێ زان)بزانەچۆن وڵات ڕەشماڵی پێچاوە
بە چارشێوی سپی بینیت کەژوو لاپاڵ، چلەی پیرۆز

# بەرهەمی شاعیرانی لاو

## کێ لێم حاڵییە؟



مەریوان. حەمزە دەستوور

شەوگاری شەو بێداریم
لە ساو پەنای شێعرەکانم
بەسەر دەبەم و
بە بێ دەنگی
لە ژێر سێبەری داری شێعرێک
لە سەر ڕانی خەمێک
پەتووی شەو بە خۆما ئەدەم و
بۆ خۆم  لە گەل خۆما وەک عەوداڵێک ئەدوێم،
ئاخر نە شەو لێم حاڵی ئەبێت
نە شێعروو نە گریانوو نە باران،
ئاخر شێعر چووزانێت عەشق چیە
خۆشەویستی چیە
جوانی چیە
ئاخر گریان چووزانێت
بە کام تاوان ئەشێ
لە چاوی شاعیرێکی عاشق بێتە خوارۆ ؟
ئاخر کەی فرمێسک حاڵی ئەبێ
لە منوو دەردی دووری،
ئاخر فرمێسک کەی ئەزانێت
لە خۆشیا بانگ کراوە یان ناخۆشی؟
ئەم فرمێسکە  کەی تێ ئەگا
لە حاڵی منی ئاشنا بە شەوانی پڕ فرمێسک و گریان
ئەی تۆ  باران
کەی ئەزانی حاڵی ئەوکاتەنەی دوو بە دوو
لە شەقامە تاریکوو ساردەکانی
ئێوارانی دڵتەنگی
خۆموو چاوە پڕ گریانوو
دفتەرە تەڕ بوە کەم
بە فرمێسکی دووری و بیتاقتی
چیمان ئەکێشا ؟
کە ی ئەزانی بۆ ئەوەی
فرمێسک کان دیار نین
پەنام بۆ دڵۆپەکانی تۆ ئەبرد!
نا نا
تەنیا عاشق لە عاشق حاڵی دەبێتوو
دڵ شکاو لە دڵ شکاو،
چاوەڕەوان لە چاوەڕوان

## تاسەی عەشق



بۆکان. میلاد مستەفەوی

من بە نووری خۆری چاوت گوند و شارم دیتەوە
چوومە ناو ئامێزی باخت من هەنارم دیتەوە
کێ دەڵێ من شێت و شوور و  لەنگ و لاڵم با بڵێ
من لە سایەی چاوی یارم عەشقی پارم دیتەوە
بۆ ئەوەی ساتێ ببینم ڕەنگی ڕوخساری ئەتۆ
من لە ناو چۆلگەی هەوارا ڕێی قەتارم دیتەوە
دەردی دووری تاقە یارم جەرگی خوێناو کردووم
من لە خێڵی دەرد و مەینەت بەندە بارم دیتەوە
وا دەمێکە وێڵی پرچی تێکەڵاوی خاوی تۆم
من لە جامی چاوی تۆ دا ئیش و کارم دیتەوە
هێند لە مێژە من بە هیوام بۆنی سووری گوڵ بکەم
چوومە نێو سەردانی باخت بۆنی یارم دیتەوە
چەندە خۆش بوو وەرزی دڵداری دەڵێم یادی بە خێر
گەرچی پاییز بوو ئەوێ ساڵ من بەهارم دیتەوە
کۆستی یارانم لەپاییزدا گەڵێ دیون بەڵام
پاییزم پێخۆشە چونکا چاو خومارم دیتەوە
کەی دەبینم تاقە یەکجار بێتوو گەر هاوار بکەی
عاشقێکی شێت و شەیدای تاسەبارم دیتەوە



بانە. چرۆ

ئەبم بە خۆر
بەیانیان هەڵدێم بە رووتا و
ئامێزت گەرم ئەکەمەوە
ئێوارانیش
بە ڕەنگێکی زەرد هەڵاتوو و
غەریبانە
ئاوا ئەبم و ناتبینمەوە
شەوانیش
ئەت دەمە دەست مانگ
تا زەوی نەت دزێ بۆخۆی
هەورەکان هەواڵت دێنن
ئارام بنوو،تینم هەر تۆی

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# کەمئەندامبوون بێ سنووره

مەریوان. مەرزییه خاکی

هیوا گەورەترین خەڵاته بۆمرۆڤەکان کەخوای گەوره بەعەشقەوه ئەیبەخشێت پێیان و زۆر هەستێکی ناخۆشه کەنەتوانیت بەئازادی قسەی دڵت بکەیت و مەجبووری ئەبێت که بینووسیت تابەئامانجەکانت بگەیت.

سارا کچێکی جوان بوو، بەڵام بەداخەوه بەهۆی ڕووداوی هاتووچووه هەر دوو قاچی لەدەست دا بوو، و دایک و باوکیش بەهۆی ئەوڕووداوه لەدەست دا بوو، و لەگەڵی ماڵی خاڵویدا ئەژیا، ژیانێکی سادەی هەبوو پڕ لەخۆشەویستی، و تەنیا کێشه و حەسرەتی ئەوەبووه کەهەموو کاتێک لەماڵەوه بوو، تەنانەت لەمالیشەوه دەرسی ئەخوێند و عاشقی دەرس خوێندن بوو و جار جاریش لەناو دەفتەری بیرەوەرییەکانی شیعر و پەخشانی بۆ دڵی خۆی ئەنووسین و زۆری پێ خۆش بوو کەڕۆژێک بچێت بۆزانکۆ و ببێت بەکەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار، و ئەو هەموو ڕۆژێک بەو ئاواتەوه ئەژیا، دەراوسێیەکان هەبوو خانمێکی بەساڵاچوو و میهرەبان بوو کاتێ خۆی لەناو قوتابخانەیەکدا ڕاوێژکار بوو بەڵام ئێسته خانەنشین بوو و بەتەنیا ئەژیا چۆنکەمناڵەکانی هەموویان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان بوون و هاوسەریشی لەدەست دا بوو، بەڵام زۆر سارای خۆش ئەویست و هەمووکاتێک یارمەتی سارای ئەدا لەدەرس خوێندندا، و ڕۆڵی هاوریەکی دەبینی بۆ سارا، و بەمیهرەبانییەوه بۆی ئەڕوانی، و لەگەڵ وەرزاتی پەروەردا قسەی کردبوو که من لەگەڵ مامۆستایەکی تر ئەمانەوێت سارا فێری خوێندن و نووسین بکەین تا ڕۆژێک بتوانێت بچێت بۆ زانکۆ و وەکووهەموو مرۆڤەکانی تر بێ بەش نەبێت لەزانکۆ چوون، و مودیری پەرەورده زۆر پێشوازی لەوبیرۆکەجوان کرد و مامۆستایەکی گەنجی نارد بۆماڵی ساراتا لەوانەکاندا یارمەتی سارا بدات و سارایش بتوانێت وەکوو هەموو مناڵەکان دەرس بخوێنیت ماڵی سارا لەناوگۆندێکی سەر سەوز و خۆش بوو و چواردەوریان پڕلەدار و دڕەخت بوو کەسارا دەمووئێواره بەیارمەتی کۆرسییەخاوەن پێداویستیەکەی ئه هاتەژێر درەختەکان و زۆربەی کاتیش لەژێر درەختەکاندا دەرسی ئەخوێندن هەر چەند مامۆستا تازەدامەزرا بوو بەڵام بەجوانی و بەئاسانی توانی لەگەڵ سارای چیرۆکەکی مندا پەیوەندی دروست بکات، مامۆستاکه ناوی کامەران بوو، و هەموو ڕۆژێک بۆ وانەوتنەوه بەسارا لەشاراوه ئەهات بۆ گوند و بەسەرما و بەگەرما بەلایەوه گرنگ نەبوو کەچەنده ماندوو دەبێت گرنگ ئەوەبوو کەسارا ئاسوودەیه و مێشکی مۆرتاحه، سارا زۆر زیرک و بەتوانا بوو و زۆر زوو شته کان فێر دەبوو و لەتاقیکردنەوەکاندا یەکجار سەرکەوتوو بوو، و مامۆستا کارمەران زۆر خۆشحاڵ بوو کەتوانیبووی ئاوا سارا فێری خوێندەواری بکات و کەسێکی سەرکەوتووی لێدەربێت، تا چاوی هەڵهێنا ڕۆژگار تێپەربوو و ژیانی سارا بەتەواوی گۆڕا و قۆناغی ئامادەی تەواو کرد، و ئەیویست خۆی ئامادەبکات بۆتاقیکردەنەوەی زانکۆ، تا بتوانێت دەرجەی تەواو بێهێنێت و بەئومێدی خوا بچێت بۆ زانکۆ ساڵێکی تەواو دانیشت و دەرسی خوێندهەرچەند مامۆستا کامەرانیش زۆر هاندەری بوو، و بەهەوڵ و تەقەڵای زۆر توانی بەشێک لەبەشەکانی زانکۆ بێهێێت، سارا هەر لەئەوەڵەوه ئاواتی ئەوەبوو که ببێت بەدەروونناس و گەیشتیش بەئاواتەکەی. سارا کاتێک چوو بۆ زانکۆ بۆی زۆر نامۆ بوو چۆنکه لەپەڕا بەکۆرسییەخاوەن پێداویستییەکەیەوه چووه ناو زانکۆ، و لەگەڵ جۆی زانکۆ بەئاسانی ئۆلەفەتی گرت و لەم نێوانەدا بوو کەلەگەڵ کۆرێکی خاوەن ئیمان و ڕێکوپێک بەناوی شیروان ئاشنا بوو، ئەو بەڕاستی سارای خۆش ئەویست و هەمیشەلەهەموو کارەکاندا یارمەتی ئەدا و خۆشەویستییەکەی تایبەت و بێگەردانەی هەبوو بۆی، و لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کەسارالەزانکۆ بوو هاوڕێ زۆری ناسی بەڵام کەسەیان بەوێنەی شیروان نەبوو، چۆن شیروان هەموو کاتێک ئاگای لەسارا بوو و لەخۆشی و ناخۆشیەکانیا هاو بەش بوو بەشێوەیه ئاوێتەی ژیانی سارا بوو بوو کەنیدەتوانێ دەستبەرداری بێت،لەدوای چوار ساڵ کەسارا زانکۆی تەواو کرد و جەژنی تەواو بوونی زانکۆیان بۆ گرت، لەلایەنی وەزارەتی پەرەوەردەوه لەناو دانەلەخوێندنگاکان وەکوو ڕاوێژکاری خوێندکاران دایان مەزاراند و زۆر خۆشحاڵ بوو،شیروانیش که بەشی زمانی ئینگلیسی تەواو کردەبوو لەڕووی ئەو خۆشەویستیه کەبۆ سارا هەی بوو لەناو قوتابخانەی خاوەن پێداویستیەتایبەتەکان وەکوو مامۆستای وانەبێژی زمانی ئینگلیسی دامەزرا، و هەرلەگەڵ ساراخاتووندا پەیوەندی هەبوو، و زۆریش خۆشحاڵ بوو که سارا گەیشتبوو بەئاوات و ئامانجەکەی شیروان بیست و حەوت ساڵ بوو و بەتەما بوو زەواج بکات و بەشوێن کەسێکی باشدا ئەگەڕا، ڕۆژێک بریاری دا ئەم باسه له گەڵ سارا باس بکات تا بزانێت سارا ئەڵێت چی، سارایش بەڵایەوەسەیر بوو یەکەم جارێ، ووتی من کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەتم تۆ لەخوا بەزیاد بێ سالمی وهیچ کێشەیەکەت نیه، و ئەگەری هەیه کەبنەماڵەکەت نارازی بن، شیروان ووتی تۆ لەهیچت کەم نیه من دەبم بەقاچ و دەست بۆ تۆ، تۆیش دڵی خۆت ببەخشه بەمن، و من تۆم زۆر خۆش ئەوێت نامەوێت تۆ لەدەست بدەم و تۆ عەشقی ڕاستەقینەی منی،ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شیروان هۆگری سارا دەبوو و شەو و ڕۆژ لەبیری ئەودا بوو، لەدوای ماوەیەک قسەکردن و هاتووچوو کردن سارا بۆی دەرکەوت کەشیروان بەڕاستی ئەوکەسەیه کەلەناو خەونەکانیدا بووه و ئەتوانێت قەرەبووی هەمووی تەنیایەکانی بۆبکاتەوه، بۆیەڕازی بوو لەگەڵ شیروان زەواج بکات وبه یەکەوه شاد و بەختەوەر بن، کاتێک لەگەڵ خاڵ و خاڵۆژنی سەبارەت بەم مەسئلەیەقسەی کرد خاڵۆ و خاڵۆژنی زۆریان پێ خۆش بوو و هیوای بەختەوەریان بۆخواستن شیروان سارای زۆر خۆش ئەویست و ئەوان لەڕۆژێکی جوانی پایزدا ژیانی هاوبەشی خۆیان لەناو ماڵێکی جوان و خنجیلانەدا دەستپێ کرد و ساڵەهای ساڵ بەیەکەو ژیانی خۆشیان بەسەر برد.

خۆزگه هەموو مرۆڤەکانی دنیا تێروانینیان بەرانبەربەمرۆڤه خاوەن پێداویستەتایبەتەکان وەک تێڕوانینی شیروان دەبوو، و لێیان تێدەگەیشتن کەئەوانیش خاوەن هەست و بیروباوەڕی تایبەتن و هیچ جیاوازییان لەگەڵ مرۆڤه ئاساییەکان نیه، وتێروانینی بەم شێوەیه ژیان خۆشتردەکات و ئەویشەبزانین کەمئەدامبوون گەورەترین خەڵاته که خوا ئەیبەخێشێت بەبرێکەلەمرۆڤەکان و کەمئەندامبوون کۆتایی ژیان نیه بەڵکوو پێڵتۆکێکه که ئەدەرێت لەژیانی مرۆڤەکان.



پاوە، مۆبین ئەحمەدی

فارس واتەنی:
(جوجه را آخر پاییز می شمارند)
بەڵام نیشتمان گوایا زاتەکا
جووجەڵەکانی بژمێرێ ئەمساڵ؟
نا، ناوێرێ
چوونکە ژیان
چەشنی سەندەڵی
مینوو بووسی دوورە دێ یەک بوو!
تا پێی گەیشتن پڕ ببوو!
بۆیە بە ناچاری
بە پێ ڕێکەوتن و ڕۆیشتن چوون
لەوێ ئیش و کارێک یان نەمابوو
تەنیا پیرە ژنی کاری لەوێ بوو کە
بە گورگە برسیەکانی دەوت مەیەن بۆ ئێرە
لێرە هیچ تان دەس ناکەوێ
ڕوو بە ئاسمان بڕۆن
چی لاوی نازدارە
لە دەریاوە هەڵفڕیوە و
خانووی لە کۆڵانی کوردەکانە!



بانە. ئارمردە. ڕامین فەرەجی

من کوێر لە دایک بووم
هەموو جارێک خۆشییەک
قەرزدار بووم بە سبەی
ئاخەکانم بێ هەڵم بوون
چار پەتێکی پێ بوو
لەگەڵ خۆی ئەی بردمە ناخی
خۆیەوە
منیش تەسلیم تر لەخاک بووم
بۆ باوەشی تۆ
گاڵتە مەکە من سەربازێکی بێ سەرم
مافی شەڕم بەخۆم نەداوە
یاخی بوونت لێ جوانە
بەڵام زۆر ئەترسم با
وەسیەتی کردبێتە لات
کە هیچ بە دڵمەوە نەهێڵێ
غیری ڕۆحێکی شکاو
کە ماچ بارانی یادگاریەکانتە...

## ماندوو



ئاڵۆت. مناف قادر پور

زەوی دیارێ غەریب و من ماندوو لەم دیارە
هەرارێ نامۆ بە گیان، من ماندووم لەم هەوارە
قومارێکە بێ ئاکام، قوماری تاڵی ژیان
چ براوە چ دۆڕاو، من ماندووم لەم قومارە
دونیا سوارێ چالاک، من بە پێیان لە دووی ئەو
بە تۆزی پێشی ناگەم، من ماندووم لەم سوارە
کاری سروشت دوانە؛بە داونا دەیرێسێ و
دەیکاتەوە خوری ورد، من ماندووم لەم دوو کارە
بۆتە عادەت دابی ژین، دووپاتە دەبێتەوە
بەهاریش هەر هی پارە، من ماندووم لەم دووبارە
بەهارێکم دەوێ من؛سەوز هەمووی بەهار بێ
"نزا" ڕەشی لە پشتە، من ماندووم لەم بەهارە



مەریوان. گوندی نێ.
لوقمان پووڕڕۆستەمی

دا ئەکا دووریت لە چاوانم بە کۆڵی تەنگەوە
نۆتی فرمێسکی ڕژاندە بەردەمی ئاوەنگەوە
ڕاخرا ئاوازی شێعر و کەوتە گۆ هێڵی نەفەس
بوو بە سەمفۆنیا و ڕژایە لوولی بەردەم چەنگەوە
تازە کۆ نابێتەوە لەم عەسرەدا ئامێز و لێو
لەو دەمەی تالاری بەژنت دا بەدس ئاهەنگەوە
هەرزەیی خۆم خستە بەر بارانەبەختی سێو کە چی
دیم کورێنیم کەوتە بەر هێڵی قەتاری جەنگەوە
تۆڕی وێنەی هەر گوڵێکم دایە تابلۆی پێکەنین
لاپەڕەی رووخساری خستە دایەرەی بێدەنگەوە
ئا کچێ بشکێنە ئێحساس بیکە شاشەی نازەوە
تا نەگیشتوون مردن و پیری بە ڕەوتی لەنگەوە
بێ و کچێنیت لابدە لە عومری مووسیقا و غەزەل
باوەشت مەخزێنە دوو توێی لاپەڕەی بێدەنگەوە



## تەنیا هیوایەتی ئەوە بوو سەر و سمێڵی هەبێ....

**نەغەدە. ئیلاهە دەشتی**

ڕۆژی یەکەم کەچوومە نەخۆشخانەکان و بۆ دڵخۆش کردنی منداڵەنەخۆشەکان، دیاریم بۆ بردن.
کە بە بەردەم ژوورەکەی دا تێپەڕیم و چاوم پێی کەوت، چاوە ڕەشەکانی، سەری کەچەڵ و بێ توکی و ئۆتۆمبێلە بچووکەکەی نێو دەستی، سیمایەکی تایبەتی پێ دابوو، لێی تێپەڕ بووم و چوومە لای پەرستاری ئەو بەشە، داوام لێ کرد بۆ دابەشکردنی دیارییەکان بەسەر منداڵەکان دا یارمەتیم بدات، ئەویش ڕازی بوو یارمەتیم بدا...
چوومە بەشی تایبەت بە منداڵانی شێرپەنجە، دیاری و بووکەڵەی جوان و ڕەنگاوڕەنگیان پێ بوو کەچی هەموویان خەمبار و بێدەنگ بوون!
لە بەشەکانی دیکە منداڵەکان دڵخۆش بوون و پێدەکەنین و یاریان دەکرد، بەڵام بۆچی ئەو بەشە ئەو ئاوا مات و بێدەنگ بوو و جگە لە دەنگی کزەبایەک کە لە درزی شووشە شکاوەکەی دلاقەوە پەنای بۆ ژوورەکە دێنا، هیچ دەنگێکی دیکە نەدەهات؟
ئەو پرسیارە مێشکم دا دەهات و دەچوو
ئیتر تاقەتم نەما لە ئەو کوڕەی کە لەبەر دەرگاوە دیتبووم نیزیک بوومەوە بەڵێ هەر ئەو کوڕەی کە لەبەردەرگاوە دیتم و سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشام، چوومە لای سەری داخستبوو و چاوی لە ئۆتۆمبێلەکەی دەستی بڕیبوو
بە دەنگێکی هێواش و نزم لێم پرسی:
+ سلاو ئازیزم باشی؟
سەری هەڵهێنا وتم:
+ناوت چیە؟
تۆزێک وەستا و پاشان وتی
ـ ئەمیر
تەمەنت چەندە؟
گۆیا تاقەتی وڵام دانەوەی نەبوو بەڵام بە بێ وازی وتی:
ـ١٢ساڵم تەمەن
لەسەر تەختەکەی دانیشتم وتم: ئەمیر گیان، ئێستا دەتوانم بزانم بۆوا مات و خەمباری؟
بە هێمنی ڕاکشا و هیچی نەوت!
چوومە لای پەرستارەکانی ئەو بەشە، لە یەکیانم پرسی کە ئەو بەشە بۆوا بێدەنگە،؟ بۆچی منداڵەکان وا گرژ و ماتن؟
یەکیان بە دەنگێکی بەرز وڵامی داوە: چ بڵێم وەڵلا، هەموو منداڵەکانی ئەو بەشە پێیان خۆشە قژیان هەبێ و توکیان بە سەر و ڕووخساری وەبێت
منیش زۆرم سەرنەسووڕما لەو قسەیە
دیسانەوە سپاسم کردن و گەڕامەوە ماڵ
ئیدی نازانم ئەو ڕۆژە بۆوا ماندوو بووم، هەر گەیشتمەوە لەسەر تەختەکەم ڕاکشام و یەکسەر خەوم لێکەوت....
بەیانی کە هەستام وەک ئەوەی وابوو کە پێیان ڕاگەیاندبم بچمەوە ئەو نەخۆشخانەیەی دوێنێ، ئەزانم بۆ بەڵام ئیدی هاتبۆ دە دڵم و دەبوایە چووبام
خۆم ئامادە کرد و بەرەو نەخۆشخانە وەڕێکەوتم
کە گەیشتمە نەخۆشخانە بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر توانیم بڕۆمە بەشی تایبەت بە منداڵانی شێرپەنجە
کە چوومە نێو بەشەکە، دڵم توند بوو دەت وت ڕێکی دەکوشن، نە دەنگێک دەهات و نە قاقا و پێکەنینێک هەبوو
چاوم بە ئەمیر کەوت، خەوتبوو
ئەی خوایە گیان، چەند بە هێمنی هەناسەی دەدا
دەستە بچووکەکانیم گرت بەڵام دڵم نەهات خەبەری کەمەوە
کە ئاوڕم داوە چاوم بە کچێک کەوت کە خۆی بە بوکەڵەکەیەوە سەرقاڵ کردبوو، چوومە لای دانیشتم وتم: دەکرێ وڵامی پرسیارەکانم بدەیەوە؟
کچەکە بە هێواشی وتی: بەڵێ
وتم:
+کچی جوان دا پێم بڵێ بزانم بۆوا خەمباری؟ بوکەڵەکەت بەقسەت ناکا؟؟
کچەکە بە چاوی پڕ لە فرمێسک و دەنگێکی لەرزۆک وتی:
ـ ئەو بەشە تایبەت بە ئەو منداڵانەیە کە بنەماڵەکانیان دەست تەنگن و پارەی شیمی دەرمانیان نیە
دەزانی پورێ، ئێمە لێرە بێزار بووینە
ئێستا دوو مانگە دەرەوەم نەدیتووە

کەسانی وەک تۆ دێن و دیاری جۆراوجۆرمان بۆ دێنن بەڵام هیچ کات نەهاتن بزانن ئایا ئێمە پێویستمان بەو دیارییانە هەیە؟
ئەگەر ئێوە تۆزێک مرۆڤایەتیتان هەبێ پارە بۆ منداڵەکانی ئەو بەشە کۆ دەکەنەوە تا نەشتەرگەری مان بۆ بکرێ، ئەوە بۆخۆی لە دونیایەک دیاری خۆشترە بۆ ئێمە، بەڵام کوا!!؟
من بە هیوام کاتێک باوکم لەو ژوورە دەچێتە دەر زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی بێ، نەک ئەوەیکە بە شەرمەزاری سەری داخا و بڵێ کچم کار نیە، هەر ئەو حەوتوویە خۆ ڕاگرە هەموو شتێکچارەسەر دەبێ! ئەوانە قسەی یەک ساڵی باوکمن
بەڵام نە من و نە هیچ کام لە منداڵەکانی ئەو بەشە لە خەونیش دا نەمان دیتووە هموو شتێک چاک بێت.

من کە تووشی سەرەگێژە ببووم و نەمدەزانی چ بڵێم، سەرم داخست
کچەکە فرمێسکەکانی هەڵوەرین و وتی: گەر هیچ تان بۆمیش پێناکرێ، لانیکەم یارمەتی ئەو هاوڕێیەم بدەن، ئەو حەز دەکا ڕۆژێک ببێتە دکتۆر

ئیتر تاقەتم تەواو ببوو، حەزم نەدەکرد لەو ژوورە بمێنمەوە هەستم دەکرد خەریکە دەخنکێم، کۆڵی گریانم دە گەروی دابوو، حەزم دەکرد زوو ئەو ژوورە بەجێ بهێڵم...

خۆم گەیاندە بەڕێوبەری ئەو بەشە و داوام لێکرد کە مۆڵەتم دا چاوم بە دکتۆری منداڵەکانی ژووری ٧ بکەوێ

هەر کە بیرم لە قسەکانی ئەو کچە دەکردەوە، ئاگر دە ناخم بەردەبوو، چاوم پڕ دەبوون لە نمەی گریان

دکتۆرەکەیان کە هات، زۆر بە تووڕەییەوە بەسەری دا هاوارم کرد وتم: جەنابت زۆر حەزدەکەی دەوڵەمەند بی و پارەی زۆرت هەبێ؟
دکتۆرەکە بە سەرسوورمانەوە ووتی: ببوورە تێنەگەیشتم، باسی چی دەەی بەڕێز؟
وتم: وایە، ناتوانی تێبگەی، چونکە بەردەوام بە شوێن پارەوە بوویە و هەست و ویژدانت خەویان لێکەوتووە

باشە مەگەر تۆدکتۆری منداڵەکانی ژووری٧نی؟ بۆ تا ئێستا نەچوویە بۆلایان و گوێت لە ئازارەکانیان نەگرتووە بۆ هەوڵت نەداوە لە خەمەکانیان تێبگەی و سارێژی برینەکانی ناخیان بکەی، بۆ بە باوەش پێداگرتنێک سەهۆڵی نائومێدی و خەمۆکیت لێ نەتواندوونەتەوە؟! باشە تۆ چ دکتۆرێکی؟!!
ئیتر توانای قسە کردنیشم نەمابوو هەر بۆیە بەپەلە نەخۆشخانەم بەجێ هێشت.
لە بەیانی ئەو ڕۆژە ڕا بڕیارم دا بە هاوکاری ناوەندی خێرخوازی پارە بۆ ئەو منداڵانە کۆ بکەمەوە بەڵام ئەو کارە نیزیکەی دوو حەوتووی خایاند
ئەو ڕۆژەی کە پارەکە بەتەواوی کۆبۆوە قوودۆکم شیرنی کڕی و بۆلای نەخۆشخانە وەڕێ کەوتم، کە چوومە ژوور ڕەنگی تەمی بێدەنگی بەسەر نەخۆشخانەکە دا و بەتایبەت بەسەر بەشی منداڵانی تووشبووی شێرپەنجە کشابوو
بەڕاستی بڕیار دان ئەستەم بوو...
لەناکاو گوێم لە دەنگی شین و گریان بوو چاوم گێڕا لە کۆتایی دا چاوم بە دایکێکی جەرگ سووتاو کەوت کە لەسەر تەرمی کچەکەی دانیشتبوو و فرمێسکەکان لە چاوانی دەتکان و گۆنای سارد و سڕی کچە کۆچ کردووە کەیان ماچ دەکرد
دایکە کە دەگریا و هاواری دەکرد و بانگی کچەکەی دەکرد و دەیوت: هەستە ڕۆڵە هەستە، هەستە پارەم بۆ کۆ کردوویەتەوە هەستە زوویە بۆئەو خەوتنە، هەستە نەشتەرگەریت بۆ دەکەین تۆ چاک دەبێوە، هەستە
لەهەمان کات دا پەرستارێک کە تەختەکەی کۆ دەکردەوە نامەیەکی دۆزیەوە!
کچەکە تێیدا نووسیبوو: سڵاو ئەمیرگیان، گوڵبراکەم، ئێستا کە ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم تۆ لەسەرتەختەکەت خەریکی بە ئۆتۆمبێلەسوورەکەت یاری دەکەی، ئەو نامەیە بۆ کاتێک دەنووسم کە ئیتر لە لات نەماوم، ئەگەر لەکن یەک ماین و چاک بووینەوە، ئەوە ئەو نامەیە بەیەکەوە دەسووتێنین، ڕاستی تۆ حەزدەکەی ببی بە دکتۆر، بڵێنیم پێ بدە ببیتە دکتۆری منداڵانی توشبووی شێرپەنجە و یارمەتی هەموو ئەو منداڵانەی کە وەک خۆمانن بدەی تا زوو چاک ببنەوە...
بەڵێ چیرۆکی ئێمە کۆتایی پێ هات و منداڵەکان چاک بوونەوە و ئەمیریش بوو بە دکتۆری منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە و هاوڕێ بچووکەکەی بوو بە پەپوولەی ئاسمانەکان....



سەردەشت. ئەوین ڕەحمانی

هەڵۆ ڕۆیی و وەخۆکەوتن ڕەوەی کوند و قەل و داڵان
وەدەر کەوتن لە شیو و دۆڵ، لە کونجی قوژبن و چاڵان

بەڵام بازی هومێدی من لە ئاسمانی گەش و ڕوونم
دەدا تەقڵەی ئەوینداری بە تاب و هێزی شاباڵان

❋❋

خەمێکی خەست لە ناخی دڵ خزیوە
کە ڕێـی مان و هەناسەشمی چنیوە
ئەگەر چی ئەو سپاسالارە بۆ خۆی
بەڵام بێ من خەمیش هەر وەک هەتیوە

❋❋

مەگەر چیم کرد لە لای تۆ سەختە ڕابوون
هەموو قەول و قـــەرارێکمان بەبا بوون
بە لوتفت جارێ بریـــارت بگـــۆڕە
سەر و ماڵم لە پای قەولت فەنا بوون

## کفن

بۆکان. داشبەند. سروە سۆفی



لێرە،
چرکەکان ڕەشە بایەکن
کە لە گەڵا گەڵای
گوڵی هیوای
بستێک خاکی ڕەش دەدەن
لە ناکاودا،
مەیتێک دەنێژن
بێ کفن

## بزە

چ ئاگرێکیی کردوە
خۆرەتاوی بزەی لێوت
لەسەر لێوی پووشپەڕی
ناموێدا
گڕت بەردا مۆمی مێژوو
لە ئەنگوستە چاوی چی شەوە
لە خوێناوی نەجیبیدا



بۆکان. سامان بابەکری«ساکۆ»

من عاشقی ئەو ڕێیەم و بێ تۆ کز و زەردم
تینوویە دوو لێوم کە نەکەی چارەیی دەردم
گەر لێو و دەمت مەززە بێ بۆ تاڵی شەڕابم
با بادە بپێژێ جگەرم نامەوێ چابم
دەی ڕوحمێک بکە بەودڵە پردەردە گوڵی من
دەی خۆ بخە داوی منەوە ئاسکی سڵی من
کۆتایی بهێنە بە فیراق و خەمی هیجران
تا شادی ببێ هاودەمی من ڕۆژێ لە ڕۆژان
گەر بێتوو بزانی کە چەنێ عاشقی تۆمە
چەن شەوە کە لەبەر تۆ دڵی خۆم کردووە لۆمە
گەر بێی و بزانی کە دڵم نابێ نەجاتی
ئاوا دڵی ساکۆت نەدەرەنجاند و دەهاتی
ئەی شاگوڵی باغی دڵی پڕ مەیلی بە شێعرم
گەر نازی نیگاهی تۆ نەبێ خاڵی لە شێعرم
من بولبول و تۆ سوێسنەکەی باغی خەیاڵم
گەر دێمەوە نێو باوەشی تۆ چرکەیە، ساڵم
ئەی ڕوونکەرەوەی زوڵمەتی شەوگاری ژیانم
ئەی خاوەنی هەستی دڵی من ، ڕۆحی ڕەوانم
تا مابێ لە جستە و لەشی من هێز و تەوانێک
گەر مردنە ماف و هەیە کۆتایی ژیانێک
من نامەوێ حۆری چ لە جەننەت چ لە گەردوون
هەر تۆم دەوێ، هەر تۆم دەوێ تا ڕۆژی فەنابوون

بانە دڵنیا



لەوکاتەوە
نەمەک گیری
غەزەلی چاوەکانت بووم
وا بولبولی باخی هەستم
نەغمەخانی بەیان دەکا
لەشاری پڕ نیهانی دڵ
تاسە وحەزی لەئامێزی خەیاڵمدا
دەشکێنێت و
کلووکلوو بەفری نیگات
بە سەرئەو شەقامەی کە وا
بۆنتی دەدا
دادەباری بێ ساباتی خۆشەویستی
لە شانی من وتەنیایی

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بانە. بەیان خدری

لە هەرێمی جوانیەوە
بە چرپەو خورپەی دڵەوە
بە شادی و سۆز و حەزەوە
بە هاتنەوەی هۆمای هیوا

هاتی بۆ مەڵبەندی ئاوات
ئارامت کرد دڵ بە ژوانێک
مۆمی ئەوینت داگیرسان
شکانت جیهانی نەریت

شنەی شادی حەسایەوە
هێور بۆ وە دەریای دڵم
ئاوێنەی یادگاریە کانم
بە تۆ وە ئەبریکێتەوە

خوڵقاندت یاسای بوێری
گەشانتەوە بزەی چاوم
خەم و ناسۆر لێم تەرە بوون
یەکیان گرت ئەوین و جوانی

دە تۆش ئەی کارسازی کاران
قە تیس بکە زەمەن بۆمان
داچێنەرەوە سەر لە نوێ
داری ئەوین و هیوامان

## تەنیا هەر ئەمشەو



بۆکان. عومەر محەممەدی "مەزهەر"

تەنیا هەر ئەمشەو بمدە ئیجازە
لەو چاوە جوانەت کە پڕ لە نازە
تێر تێر بڕوانم تا نیگای گەرمت
پێمی ببەخشی ژینێکی تازە
تەنیا هەر ئەمشەو یاری دیدە گەش
ڕێگەم پێ بدە بە منی چارەڕەش
لە سەر سینەکەت وچانێ بدەم
گەرم ببمەوە بە تینی باوەش
لێم گەڕێ ئەمشەو تاکوو بەیانی
چاوم تێر بکەم لە سەیری جوانی
لەشی تەزیو و هیلاک و ماندووم
بگرە ئامێزت تاکوو دەتوانی
مەستم کە ئەمشەو لە ماچی لێوان
لە ماچی سینە و مژینی سێوان
با تاقە یەک شەو لە بەینی ئێمە
وامەکە و لاچۆ نەبێتە نێوان
تەنیا هەر ئەمشەو ڕووی خۆش بنوێنە
ماچم پێ بدە و دڵم مەشکێنە
دەنا سبەینێ گەردنت ئازا بێ
پێت خۆش بوو ڕووحم لە لەش دەرێنە
لێم گەڕێ گوڵم بۆ تاقە شەوێ
لە باوەشت دا خەوم لێ کەوێ
سبەی زوو بڕۆ ئاوڕیش مەدەوە
لە گەڵ هەر کەسێ دڵت دەیهەوێ
سبەینێ من و تەنافی دارێک
ئەتۆ و باوەشی سەرمایەدارێک
ڕێگەم پێ بدە با کەمێ خۆشی
لە گەڵ خۆم بەرم وەک یادگارێک



پیرانشار. پەسوێ.
ئێحسان ڕەستگار (هەڵوەدا)

ئەگەر تەناف و گوریس و زنجیر
باوێنە گەردن کوردی بێ تەگبیر
گەر وێرانی کەن جێژوان و ئەوین
قەڵەم بشکێنن بە زۆر و بە قین
ئەوینی ڕاستی قەت لە ناو ناچێ
زمانی کوردی قەت ئەسیر نابێ
لێ نووس و پێ نووس ، ڕێزمان و ڕێنووس
زمانی کوردی بە واتای نامووس

## پەت



بانە. حسێن بەگ

لەناو وەڵاتی من دارێک
دووجار
پەتی پێدا ئەکرێ!
پەتی یەکەم بۆجۆڵانە
کۆرپەی ساوای ، پێ ژیرئەکرێ
پەتی دووهەم ، بۆسێدارە!
ئەو کۆرپانەی کەزۆر ژیرن
کە گەورە بوون
هەر ئەو دارە
بۆیان دەبێ بە سێدارە!

# شڵپیتاو



دیواندەرە.موحەممەد قەیسەریان

تیکلەبۆرهەفت جۆش ئەکوولیا.
هەفت دانە یەراڵماسی دەسیان داو وەدەس یەکەو...
ئەتوت هەفت سوارەکەی بان ؛کێف"شیرین سوارن".!

گردومردوبۆرو شیرین!!!
لەولا ترِیشەو...
دایکم ؛ ئەتوت دوکتوور گیادەرمانیە!
لە هەرگیایێک،نوقوورچکێکی ئەکردە ناو
تاواکەو  وەکەوچکە دارێک هەڵیانی ئەشێوانەیەکا.
پیازاخ؛ قورِوەسەر پیاز .
دولەگێان براکانی.! وە هەزار بارا، پێچی ئەدالەخۆی...
بەشکەم  چکێ کەمتر بۆرژێ.!
قرچە قرچ ڕۆن ،کفە کف هەزوەو پونگە؛
پرناو ماڵی کردو لە ، بۆن وبەرامەی هەزار گیاو دەوا.
تیکلەبۆر؛  لە ئەسپی چراعەلادین وەنازو نوزێ بەوفرم دایان ئەوەزان.
وە بنە ئیسکانێک...
تێ بەرئەبوون!هەرکوێنەی رەق و وەک هەویرئەیانشێلا نەرم و نیان.

ـ خاون مردی هەڵەخەیتەو!

وەسەرا ئاوقان پیازاخەکەیان ئەکرد.!
یەراڵماسی بۆر ئەونەیانە ئەشێلا ئیمانی ئەهاورد وە دێموکراسی ورەنگ زەردی وەک زەردە چوو زەدەۆیەو
زەردێ شیرین و خل ومل.!
دایکم ؛ ئەکردێە هەفت بەشەو.
بێژی لەبن تاواکە.!
بنتاۆاکە؛  ئەونە خوش بوو.
لەسری "تاقمان جفت "مان ئەکرد.!
رارایش؛"تەڕ یا وشک!"
جارجارێک؛ شەڕ ئەچۆیە قۆپی.
باۆکم؛ وەقەپەگۆچانێک مزرو باش، ئەمانی سوڵحان.!
سوڵحی بێ مرە وقرِە.!!!

## دێمەوە



کامێران .سۆما یووسفی

پێش هەڵاتنی خۆر لە سەر کەڵکەپاساری نیگات
تاکوو تاقی بڕۆت لە ئامێزی لێومدا بشارمەوە
دێمەوە
ئێوارەیەکی پاییز
لە ڕێگای هەڵوەراوی ڕەنگەکان
زەردی نیگات دەنێژم لە قووڵایی دڵمەوە
دێمەوە
من و نم نمەی باران
لە بەرەبەیانی دزراوی منداڵیم
ژێر چەتری خەمۆکی
تۆ و دەستت دەرفێنین
بۆ بەر دەرگای یەکەمین عەشق دا
دێمەوە
زستان لە جانتاکەم دیل دەکەم
تا تۆ
لە هێڵی سووری یەکەم سنوور
کزەی سەرما
جەستەی مەستت لەگەڵ خۆی نەبات
دێمەوە
تا یەکەم پیاڵەی شەراب
لە کانیاوی چاوتا بنۆشم
دێمەوە
تۆ لە بەهاری یەکەم گوڵەهێرۆ
لەگەڵ جلی خەونەکانت
تارای سووری ئەوین

## سەوداسەر



سەقز.فەرانەک کەریم ئابادی (فرمێسک)

کوان ئەوانەی عاشقن،سەوداسەرن،دەی ناوبەرە؟
چاو کە سایەی دار چنار ،خۆ بەرزە ئەمما بێبەرە

هەرکەسێ عاشق نەبێ دژوارە بۆی پشتە مەلە
هەڵفڕین پیشەی مەلە و،ئاما کەریش هەر باربەرە

زۆر وڵاتان هاتم و چووم نەمدی هیچ قەومێ لە کێو
لانەواز و بێ نەوا کوردە و لە شاخا کۆڵبەرە

کفرە ئاخۆ گەر بڵێن یەک ڕۆح لە دوو گیانن ئەمان؟
تا ببم ڕۆحم لە پێناو ،ڕێی ئەوینی دڵبەرە

وابە شێعرم دێم و سەردانت ئەکەم چۆن بەڵگەیە
من ڕەشایی و تۆ کە ئاغایت چاوەڕێتم زوو وەرە

تۆ نەبیت بۆم ،خۆشەویستیت شەرتە بۆ ژێر گڵ بەرم
چۆن دەزانم پاییزێکەو یەک دەقەی سەد خەنجەرە

پێک لەسەر پێک ، تێکە تێر نابم لە مەی ئەم ڕەزبەرە
شەتڵی ئاواتم دە زوو سەر بێنە دەر لەو پەنجەرە

ڕوونە لێم کەس چەشنی ئەو نابێ بە یارم بێ دەهۆ
من لە دار دەن ،سەر بە قوربان نازی ئەو گوڵ پەیکەرە

ڕوو لە کێوکەم پشت لەدێ لۆمەم مەکەن سەوداسەرم
من کە سووتام خۆڵەمێشی ئەو دڵەم بۆ کل بەرە

من دەڵێم ئەی ساقیا گەر لات گوناهیش بێ بەڵام
خۆڵی بەر ماڵی ،هەزار بەرماڵی سۆفی و مینبەرە

گەر نەزانن،چەند نەزانن ،هەر نەزانن، تۆ بڕۆ
باسی شێتی و پەندی فرمێسک بۆ کەسی عاقل بەرە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# تایبەت بە مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان



بانە. ئامینە عەزیزی "سروور"

لە ماڵێ وەڕەز  بووم
قەڵەو و ناحەز بووم

ماڵ بۆتە بەندیخانە
بەم پەیتایە سندانە

دەڵێن بخوێنە ڕۆڵە
جێ دەمێنی لەو چۆڵە

منیش وەک دۆستەکانم
دەخوێنم دەرسەکانم

تـەبلێتێکم سەندووە
بڕێک دەرسم خوێندووە

مامۆستاکەم بەڕێزە
لە بیردا زۆر بە هێزە

گەلێک دڵخۆشم دەکات
بەرەو  زانستم دەبات





## مانگی کوردان

مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی

مانگی یەکەم خاکەلێوە
بزەی ژینی بەسەر لێوە
مانگی دووهەم بانە مەڕە
وڵات سوور و سەوز وتەڕە
مانگی سێهەم جۆزەردانە
کەندوو پڕی دەغڵ ودانە
مانگی چوارەم کە پووشپەڕە
پڕ لە میوەی شیرن وتەڕە
مانگی پێنجەم گەلاوێژە
بەستەی سەربەستی ببێژە
مانگی شەشەم خەرمانانە
هۆدەم گەرم وپڕ میوانە
مانگی حەوتەم کە ڕەزبەرە
قۆرە و گەڵا  وترێی  بەرە
مانگی هەشتەم خەزەڵوەرە
لە سەر گەڵا تێر هەڵپەڕە
مانگی نۆهەم سەرماوەزە
تارای  زوقم کوڵمە گەزە
مانگی دەهەم بەفرانبارە
ڕنوو بەقەت باڵای دارە
یازدە مانگی ڕێبەندانە
جەژنی پیرۆزی کوردانە
مانگی دوازدە ڕەشەمەیە
پشی سەرقاڵی گەمەیە

| مانگه کان به زمانی کوردی | |
|---|---|
| فروردین | خاکه لێوه |
| اردیبهشت | بانه مه ڕ |
| خرداد | جۆزه ردان |
| تیر | پووشپه ڕ |
| مرداد | گه لاوێژ |
| شهریور | خه ر مانان |
| مهر | ڕەزبه ر |
| آبان | خه زه ڵوه ر |
| آذر | سه رماوز |
| دی | به فرانبار |
| بهمن | ڕێبه ندان |
| اسفند | ڕه شه مه |

## خلیسکێن



بۆکان .سەعدەدین خوسرەوی



هەر لە سەرماوەز تا خاکەلێوە
من هەر بە هیوام دایدا کرێوە

چەندکەیفم سازە، بەفر دەباریٚ
نرم وسپی و سۆڵ، ورد دێتە خواریٚ

شەقام یا کۆڵان سەربان یا حەوشە
جێگەی سەرەوخوار بۆخلیسکێن خۆشە

دەخۆم بابۆڵە، خۆم تێرتێر دەکەم
دوو چیلکەی لەبار، لە دار سازدەکەم

هەوای خلیسکێن داویە لە سەرم
دڵخۆش و ڕووخۆش بۆی دەردەپەڕم

بەرگی تایبەتی بۆ لە بەر دەکەم
قەیتانی کەوش و کڵاو، توند دەکەم

هەر هەدا نادەم، دەکەم هات و چۆ
تا لاق دەتەزیٚ، دەست دەچیٚ لەگۆ

کەوش و لیباسم تەڕ و خووساوە
ماندووم، تاقەتی کایەم نەماوە

وەی وەی" جا ئەمجار چۆن بڕۆمەوە
دایکم بڵیٚ: بۆ وای! چی جواب دەمەوە؟



## بەفرانبار

بۆکان .سەعدەدین خوسرەوی

دەرکەوت پووره زستان
سپی بوو سەر شاخەکان
بۆ لان و دانەوێڵە
دەگەڕێن ، باڵندەکان

کرێوە و کەڕەسیسە
دەنیشن لە دارەکان
ڕێگە و کۆڵان دەگیریٚ
بە بەفری سەربانەکان

شانۆی بووکە بفرینە
دەگێڕن منداڵەکان
بەتامە چێژ و چەپڵەی
شەوچەلە و میوانەکان

بادەویە و گەردەلوول
تەم دەکا سەر کێوەکان
خوایە بەفری بفرانبار
پڕبکا، شەقامەکان....



## مناڵەکان

بانە. بێهزادی زارەع زادە(باوکی نیشتمان)

ئەی مناڵەکان
چاوکەژاڵەکان

داهاتووی گەلن
دەرفەت و هەلن

چاک و بێگەردن
چارە بۆ دەردن

ئاودێری باخن
چاودێری شاخن

لەشەودا چران
بەخوشک و بران

خاک ئەپارێزن
وەک مەتەرێزن

لابەری بەڵان
وەک شوورەی قەڵان

هەربەگەشبینی
دژبەڕەشبینی

هەنگاو هەڵدەگرن
هەر وا ڕادەبرن

بە خزمەت بە خەڵک
بەکاری بە کەڵک!



## ماموستا



بانە. بێهزادی زارەع زادە(باوکی نیشتمان)

ماموستای ڕەزا شیرین
فێرمان دەکەی بەزانین

دڵسۆزی، ئەزانین بۆ!
ڕێز و پێزانین بۆ تۆ

وتت ڕاستی و دروستین
دوژمنی هەلپەرەستین

وتە و ئاکاری چاکە
پیشەی مرۆڤی پاکە

فەرمووت دەس لەناو دەست بین
ڕێبواری ڕێی مەبەست بین

ئەو ئیشەت زۆر بە کەڵکە
خزمەت کردن بەخەڵکە

دوور بین لەدارەدەستی
ئاکاری ڕژد و پەستی

با گشتمان بۆ هۆز بین
بۆ نیشتمان بەسۆز بین!



## باز بارانی دوباره

ئیلام .رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"



باز باران،
بی ترانه،
بی‌نشاط و شادمانی
می‌خورد بر بام خانه
من میان این همه برج
باز تنها
در تراس تنگ واحد
ایستاده
رو به بیرون
زیر پایم
در خیابان
سیل بسته، هر گذر را
بوق ماشین
دود ماشین
دود ماشین
بوق ماشین
فحش و دعوا و ترافیک
باز از این سو باز از آن سو
باز می‌بارد ز هر سو
می‌خورد بر درب ماشین
مشت و سیلی
در دراندشت پلشت شهر "من"
تهران غمگین
در دراندشت پلشت شهر "من"
تهران غمگین
آسمان امروز دیگر
نیست نیلی
نیست روشن
نیست آبی
در میان این همه دود
این همه دم
این همه بدنامی این دشنام و نفرین
یادم آید روز باران
یادم آید روز باران

بازیِ یک روز دیرین؛
خوب و شیرین
دورِ دور و دورتر از شهر تهران
دورتر از پیری از کوری تهران
از خوشی‌های بد تهران ناخوش
در لب مرز
ـ مرز مهران ـ
در خیابان‌های مهران
کودکی ۹ ساله بودم
شاد و خرم
نرم و نازک
چست و چابک
با پرنده،
با خزنده،
با چرنده،
گرم و زنده
زندگانی در دل ما
بود جاری
بود ساری
آسمان آبی، چو دریا
یک دو ابر، اینجا و آنجا
چون دل من،
روز روشن
بوی دشتش
تازه و تر
بوی کوهش
همچو می، مستی دهنده
بر درخت آواز می‌خواند
دسته‌ای زیبا پرنده
برکه‌ها آرام و آبی؛
برگ و گل هر جا نمایان،
بر اکالیپتوس و بر نخل
آفتابی می‌درخشید
سنگ‌ها از آب جسته،
از خزه پوشیده تن را؛
قورباغه،
چند تا با هم نشسته،

دم به دم در شور و غوغا
رودخانه،
با دو صد زیبا ترانه؛
در پناه سایه‌سار آن درختان
بید مجنون
چرخ میزد، چرخ میزد
همچو مستان
ما در این‌سو کودکان اهل "مهران"
اندر آن‌سو کودکانِ اهل "بدره"
هم عرب هم "کورد فەیلی"
در میان آب، لغزان مثل ماهی
بی‌گذرنامه، روادید
بی‌جدل، بی جنگ و دعوا
همچو جد اندر جد خود
می‌زدیم آنجا بر آن آب
با دو دست کودکانه
دست در دست هم آنجا
با دو پای کودکانه
می‌دویدیم
می‌جهیدیم
می‌رمیدیم
پا به پای بچه آهو
می‌پریدیم از لب جو،
دور می‌گشتیم از آغوش خانه
می‌شنیدیم از پرنده،
داستانهای نهانی،
از لب باد وزنده،
رازهای زندگانی
هر چه می‌دیدم در آنجا
هر چه یادم هست از آنجا
بود دلکش،
بود زیبا؛
وه چه زیبا بود "مهران"
بس فریبا بود "مهران"
وه چه زیبا بود "بدره"
بس فریبا بود "بدره"
شاد بودیم
می‌سرودیم

از ته دل می‌سرودیم
کورد و کوردانه ترانه:
"ئەی لفەیلە
هاملفەیلە
هامکورەیلە
هامدۆتەیلە
هاملفەیلەیَ خاس و راسم
خوەر هەڵات و مێهرەبانی
بەش دکەیَ بەش جوور جاران
جار جاران
جوور واران
مێهرەبانە وەرد گشتێ
ئی خوەر نازارە دەو بانە کیە لە
هەر عراقی، یا هەر ئێرانی، چە بیشم
فەرق نیەنیَ نامنی کەس
نە سنووریَ،
نە زوانیَ،
فەرقێگی نەیریَ ئەڕا خوەر
رووڵە ئەیَ رووڵەیَ وڵاتم
روڵەیَ ئاوارەیَ وڵاتم
بیَوڵاتم
هایتە هەر جی
هەر وڵاتی
جوور خوەر تو مێهرەبان بوو
وەرد ئاو و وەرد واران
وەرد خاک و وەرد ئایم
وەرد هەر گیانداریَ ک دیتە و نە دیتە
ئەر نەویَ مێهر ئەر نەویَ
راسی و خاسی
ئەر نەویَ خاسی و راسی،
دی چە مینیَ؟
دی چە مینێگەو ئەرامان؟
بیَژە جەنگ و بیَژە ژان و
بیَژە مردن؟
بیَ ژە ژاریَ؟
ئوو هەژاریَ؟"

شاد می‌خواندیم با هم
در جوار دوستی‌مان
می‌دویدیم
در خمیر ابر، ساده
می‌جهیدیم
بر حریر ابر، ساده
می‌نشستیم
بر سریر ابر، ساده
تا به یکباره به ناگاه
اندک اندک، رفته رفته، ابرها گشتند
چیره
آسمان گردید تیره،
بسته شد رخساره ی خورشید رخشان

جای باران
ریخت بمب و بمب‌باران
آسمان شهر "مهران"
آسمان شهر" بدره"
پر شد از بمب و طیاره
از صدای خمسه‌خمسه
توپ و تانک و کاتیوشا
سوت خمپاره دوباره
شهرهامان گشت ویران
روستاها گشت ویران
خانه‌های امن، یکسر
گشت باز آوار بر ما
هم عراقی‌ها و هم ما
هاج و واج و کودکانه

گریه می‌کردیم با هم
مویه می‌کردیم بی‌هم
شعر می‌خواندیم در هم
هم عرب، هم کودک کورد
جنگ ما را برد از خود
جنگ ما را برد بی‌خود
جنگ ما را برد با خود
دورتر از زادگاه خرم ما
دورتر از جای بازی، جای خنده
دورتر از رود و آن دشت
از نخیلستان زیبا
از ترنم‌های باران
خنده‌های کودکانه
خنده‌های بی‌دلیل کودکانه
خنده‌های بی‌بدیل کودکانه
گریه‌هایش
گریه‌های بی‌دلیل کودکانه
گریه‌های بی‌بدیل کودکانه

باز اما
از پس چل سال حالا
در درون من در اینجا
دورِ دور و دورتر از شهر مهران
شهرِ تهران
یا درآن‌سوتر میان شهر بغداد
دورِ دور و دورتر از شهر بدره

در دل او
"کودک جنگ" عراقی
در دل من "کودک جنگ" همراه
باز هم آواره‌گی ها
باز هم بی‌یاوری‌ها
از پی بازی و هم‌بازی می‌گردیم
باز می‌گردیم اما
کودک زار درون و
"کودکان جنگ"، تنها
باز می‌بارد
چو باران
باز می‌گرید
به تنها
باز می‌بارند
بر دل
صدهزاران "کودک جنگ"
کودکان رفته از یاد
کودکی‌های عزیز رفته بر باد
کودکی‌های شهید دفن گشته در دل ما
"کودکان جنگ"، تنها
باز می‌گریند چون من
باز می‌گریند در من
باز می‌گریند بر من
باز می‌گریند با باران دوباره
باز می‌گریند بی باران دوباره
باز می‌گریند
بی یاران همراه

*توضیح:

این شعر، شعری اجتماعی است که به سبک و سیاق شعر "باز باران" اثر جاودان استاد "گلچین گیلانی" و برای "کودکان جنگ" سروده شده و برخی سطرهای شعر ایشان، عینا نقل شده‌اند.

دو شهر مرزنشین کورد فه‌یلی‌نشین "مهران" به عنوان زادگاه من و "بدره" که در روبروی آن و در عراق قرار دارد و نیز شهر "تهران" محل سکونت کنونی من و همچنین "بغداد" که زادگاه و مقصد مهاجرتی بسیاری از جنگزدگان کورد فه‌یلی عراقی در نوار مرزی ایران و عراق بوده نیز به عنوان دو کلانشهر و به صورتی سمبل‌گونه به کار رفته‌اند.

*کوردهای فه‌یلی "فیلی" در دو سوی مرز استان ایلام تا بغداد، پراکنده‌اند و در عراق عربی بالغ بر سه میلیون نفر برآورد شده‌اند و بعضا از حداقل حقوق شهروندی از جمله داشتن شناسنامه‌ی عراقی، در موطن آبا و اجدادی خود محروم مانده‌اند و در پروژه‌های تعریب، انفال، مقابر الجمعی، بیش از یک میلیون و نیم نفر از آنان از موطن خود به سایر مناطق عراق عربی کوچانده شدند و نیز بیش از پانصد هزار تن از آنان از عراق اخراج شده و بالغ بر ٢٢ هزار نفر از نوجوانان و جوانان آنان نیز توسط استخبارات عراق ربوده شده و در آزمایش سلاحهای شیمیایی و میکروبی ارتش بعث عراقی زجرکش و در گورهایی دسته‌جمعی تحت عنوان "مقابر الجمعی" زنده به گور شده و تاکنون جنازه‌های آنان یافت نشده‌اند.



## چیرۆکی(کلک بۆر)

بانە. شەیدا ئەحمەدی



لە دارستانێکی سەر سەوز و جوان کە کێوەکانی شانی برایەتیان بەیەکەوەنابوو پانتایەکی هەست بزوێن داوێنی داپۆشیبوو، ڕووبارێکی عاشق تەواوجەستەی دارستانی دەپێوا کە لە سە ر چاوەیەکی مەزنی دڵی کێوەکان دەهاتە خوارێ ماسیکانی وەک نگینێکیسوور لە ناوفیروزدا دەدروشانەوە ئەوش سیمایێکی جوانی بەو ناوچێە بەخشیبوو ئاوازی بلبل و قەناری لە سەر دارەکان هەر چەند ساتێک موسیقایێکی پر چێژ و هەستی بە دڵی دارستان دەبخشی کە پێگە و بەهشتی ئاژڵان بوو.

ئەوان هێندە بختەور و دڵخۆش بوون کە هەر دەم سۆز و خۆشەویستیان بۆ یەک هە بوو ئەوی بە بیریان نەدەهات شەڕ و قرە و خەم و خەفەت بوو. لەودارستانەهوزێک سمۆرە دەژیان کە لە نێودارەکاندا هێلانەی گەرمو نەرمیان بۆخوویان و بێچوەکانیان سازکرد بوو، بەتەمەنەکانی دارستان چۆنیەتی خۆراک کۆکردنەوە و سۆز و خۆشەویستی و برایەتیان فێری بێچوە کانیان ئەکرد تا یەکبوونی خۆیان لە گەڵ زیندەوەرانی دارستان را بگێنن .ئەوان بۆ بژێوی ژیانیان ئەچۆنە سەر لەق و پۆی داربەڕووەکان، بەڕووەکان هێندەجوان بوون وەک گوارە بەگویگلاکانانەوە شۆڕ ببونەوە سمۆرەکان بە دارەکان هەڵ ئەگە ڕان و بەڕوویان لێ دەکردەوە و لە ناو دەمیان دە خست و لەم دار بوو ئەو دار دەپەڕینەوە و هەڵ ئەهاتنە کوون و قووژبنی دارستان تاوەکوو بەڕوو لێ کراوەکان حەشار بەن و پاشەکەوتێکیان بوو زستان ببێت

ئەوان بەدەستەخنجیلانە وناسکەکانیان زەویان هەڵدەکۆلی و بەڕووەکانیان ناو چاڵە قووڵ کەراوەکاندا دەشاردەوە و بە قاچە بچووکە کانیان گڵەکەیان سەر ئەنایەوە، ئەو ئیشیان چەندها جار دووپات دەکردەوە تا وەرزی زستان بۆ ئەوەی کە جێگای بەڕوەکانیان لە بیردا بمێنێت و بە نمەی زەوی شین نە بێتەوە و چەکەرەنەکات. هەر وا کە شەو و ڕوژ تێپەڕ ئەبوو و خۆر و مانگ جێگای خۆیان ئەیا بە یەک وەرزەکان یەک لە دووای یەک تێپەڕ دەبوون لە ڕۆژێکی پر لە سام دا ڕێویەک هاتە نێو دارستان بە هەموو کەل و قووژبنی دارستاندا دەسووڕایەوە لە مودای دارەکاندا بە دووای نچیرێک دا دەگەڕا ئەو کە لە تەقەلا و سکی برسی ماندوو بوو زۆر بە بێ هێزی پێکانی لە سەر زەوی دا دەنا تەنانەت ئەوندە بێ هێز بوو کە گەڵا هەڵ وەریوەکان لە ڕۆیشتنی نائەشەمزان، لە ژێر سێبەری دارێکدا چۆکی دایە سەر زەوی و سەری خستە سەر دەستکانی و چاوی نۆقاند، برسیەتی وای لە کردبوو لە خێاڵی خوانی خۆش دا دەسووڕایەوە دوا ساتێکی کوورت دەنگی پێکەنین لە دەروازەی گوێ دا چاوەکانی بە حاڵ هەڵێنا و هەستی کرد ئەو دەنگە، پێکنینی خولیای خۆیتی کە بە دووای نچیرکەی دا ڕادەکات جارێکی دی خیاڵ چاوکانی داخست بەڵام دەنگەکە دووبارە رایچڵەکاند خێرا چاوکانی هەڵێنا و قاچەکانی لە زەوی توووند کرد و بەرو دەنگەکە بەرێ کەوت کاتێک لە ناو گژ و گیاکاندا دەڕۆیشت چاوی بە سمۆرکان کەوت زۆر شادمان بوو زمانی دەرهێناو دەمی لستەوە. ئەمە ئەو خێاڵە بوو کە سەراپا هەستمی داپووشیبوو کاتی ئەوە هاتوە سکە برسیەکەم تێر بکەم بەڵام بەو جورە نابێت دەبێ یەک یەک ڕاویان بەکەم پێویستە لێرەدا خۆم حەشار دەم و چاوەڕوان بم. سمۆرەکان پێکەوە خەریکی هەڵکەندی زەوی بۆ شاردنەوەی بەڕووەکانیان بوون هەر کامێکیان بەرەو دارێک دەڕۆیشت تاوەکو بەڕوی زۆرتر لێ بکاتەوە سمۆرەیەکیان کە مابوو بەڕووەکەی خۆی بشارێتەوە ڕێویکە ڕۆێشتە بەردەمی: سلاو سمۆرەی بچووک ئەوە تۆ خەریکی چیت؟ کلک بۆر کە هەرگیز ڕێوی نەدیبوو بە سامەوە سەیری ڕێوی کرد و راما : سلاو لە تۆ خەریکی بەڕوو کوو کەردنە بوو زستان.

هەمووتان پێکەوە ئەو ئێشە دەکەن چەند زیرەکن.

بلێ ئەی تۆکێیت؟

من مام ڕێویم ناوە نام ناسی؟

کلک بۆر یەکم جار بوو کە ڕێوی ئەدی.

زۆر خۆشحالم بە ناسینت هاورێکەم، ئەمە ئیشی ئێمەیە هەرکەسبۆخووی پاش کەوت دەکات تاوەکوو تووشی کەم و کووڕی نبین.

هەرکام لە ئێمەئیشەکی بەجوانی بەرێوە دەبات تاکوو ژیانی خۆی لە سەرما و سوڵی زستان بپارێزێ .

پاشە کەوتی تۆ زۆرترە یا خۆ هی سمۆرکانی تر؟

من زۆر بچووکم و تازە فێری ئیش بووم بێ گومان ئەوان زۆرتر بەڕوویان کۆ کردۆتەوە، ڕێوی هاتە پێشەوە ئەتهەوێ بەڕووی زۆر کووکێتەوە ببی بە پاشای دارستان ؟من بەڕووی زۆرم لە لایە ئەگەر پێت خۆش بێت هەمووی ئەدەم بە تۆ من پێویستیم پێیان نیە،

کلک بۆر کە چاوکانی دبریسکایەوە و زۆر خۆشحاڵ بوو بە تاسەوە پرسیاری کرد لە کوێن؟

تۆ لە گەڵم ورە خەمت نەبێ لەم نزیکانە بە دوور لە هۆزەکەت، کلک بۆر بە هەڵ وەدا دووای مام ڕێوی کەوت.

هاورێکانی لە سەر دارەکان چاویان پێ کەوت: کلک بۆر زۆر شادمانی وادیارە بەڕوی زۆرت کوو کردوتەوە؟

کلک بۆر قاقایەکی کێشا: بەڵێ ئێتر پێویست ناکات بڕۆمە سەر دارەکان و لە پەل و پۆکان بپرمەوە لە گەڵ مام ڕێوی هاورێم دەچمە ئەو مەڵبەندەی وا بەڕووی زۆری لێیە سمۆرەکان کاتێکگوێ بیستی ئەوە بوون تەرسان و شڵەژان دیانزانی ڕێوی درۆ دەکات.

گوێ بۆ ڕێوی فێڵ باز مەگرە ئەو دووژمنی ئێمەیە تکایە بگرێوە ئەوکات کەسی لێ نیە تۆ لە چنگی ڕوزگار بکات ڕێوی کە ئەوی بیست بە گوێ کلک بۆر دا چرپاندی: ئەوان حەز بە بختەوری تۆ ناکەن بە گوێیان مەکە چوونکە نازانن تۆ دەبێ بە پاشای دارستان

ئەو کات ئەبێ بێن و لێت وپارێن تا تۆ بەرووبان بدەیتێ کلک بۆر بە قسەکانی ڕێوی لە خۆبایی بوو کلکی سەر شانی ناو و بە دوای ڕێوی بەرێ کەوت، تەقەلای هاورێکانی بێ هۆ بوو، ڕۆیشتن و ڕووداوەکەیان



بۆ بوونەوەرانی ناو دارستان گێرایەوە. کلک بۆر بە دەم ڕۆشتنەوە بە خێاڵی کۆکردنەوەی بەرِوو بوو، کاتێک لەگەڵ ڕێوی گەیشتە ناوچێکی نادیار تاسا، ئەو ناوچیە لە جەهەنم ئەچوو کە دایکی باسی بۆ کردبوو ئەو هەرگیز شوێنی وای لە ژیانیا نديبوو.

خۆ لێرە هیچ دارێکی لێ نیە تەنانەت زەویکی وشکەلانیە.

من پێم وتی لێرە پویست ناکات تۆ بە دارکاندا هەڵ گەرێی ژێر ئەم زویانەپرە لە بەرِوو بۆ خۆت دەتوانی خەریکی کۆ کردنەوە بیت ئەی پاشا، کلک بۆر لە خۆشیانا خەریک بوو باڵ بگرێت خێرا دەستی بە هەڵ کەندنی زەوی کرد لەم لا بۆ ئەو لا هەرچی خریک بوو هیچی نەدۆزیەوە، زۆر ماندوو بوو سەیرێکی دەوروو بەری کرد تەواوی زەویەکە هەڵکۆڵدرا بوو بەلام هیچ بەرِوویکی تیا نبوو بۆ جارێکی تر هەوڵ و تەقەلای خستە کار کە لە ناکاو مشکە کوێرێەک لە کونیکا هاتە دەروە کاتێک چاوی بە سمۆرە کەوت واقما!

ئەوە خرێکی چیت لێرە، جێگای تۆ دارستانە.

من لە گەڵ مام ڕێوی هاتووم تا لە ژێر ئەم زەویانەدا بەرِوو کۆ بکمەوە.

زەردە خەنەی هاتە سەر لێو ئەوە تۆ دەڵی چی بەرِوو لە ژێر ئم زەویە وشک و رقە دا چی دەکات تەنانەت ئەگەر بەرِووی لێ بووایە ئیرش دارستان دەبوو هەر ئێستا بگرێوە ئێرە زۆر مەترسی دارە ئەویش بۆ سمۆرەیەکی بچووکی وەک تۆ من تەواوی ژیانم لە ژێر ئەم زویانداية بەلام هیچ بەرِوویکم لێرە نەدیوە خۆت بە دەستەوە مدە ئەو دووژمنی ئێمە و سمۆرەکانە. مشکە کوێرە هەر بەردەوام بوو لە قسە کردن بەلام کلک بۆر گوێی بۆنەگرت و هەر بەردوام بوو لە هەڵکۆڵینی زەوی. مشکە کوێرەکە کە زانی کلک بۆر بە گوێی ناکات و فریوی قسەکانی ڕێوی خواردوە لە ژێر زەوی بە قومۆش لێدان بەرەو دارستان ڕۆیشت تا هەواڵبدا بە بنەماڵەکی.

کلک بۆر دوای چەند کاتژمێرێ ماندوویەتی دای گەرت.

ئێتر لەوە زیاتر من ناتووانم بگرێم لە ژێر ئەم زەویانەدا هیچ بەرِوێکی لێ نییە.

وادیارە بە جوانی هەوڵت نداوە.

کلک بۆر سەیری دەوروو بەری کرد ترسا : ئێتر کات درنگە پێویستە بگرێمەوە ئیستاکە بناڵەکەم نێگەرانن. ڕێوی زانی کلک بۆر لە درۆکانی تێگەیشتوە بەرەو رووی ڕۆیشت و دەوری لێ دایەوە.

ئەی تۆ نەبووی بەرِووی زۆرت دەویست؟

من ڕێگایەکی زۆرم لە گەڵ تۆیا بریوە بەلام هیچم دەست نەکەوت باشتر وایە بگەڕیمەوە.

کلک بۆر بەرو دارستان ڕێکەوت بە هەلات هەلات لە ڕێوی دوور کەوتەوە لە نزیک دارستان ڕێوی هاتە بەر دەمی : بۆ کوێ دەرِۆی تۆ نێچیر و خوانی ئەمرۆی منی، تا ئەم کاتە چاورێم و هیچم نخواردوە، کلک بۆر لەم لابوو ئەو لا بە هەلاتهەلات هاواری دەکرد بەلام ڕێوی وەک سێبەر بە دووای کەوتبوو کە لە ناکاودا قاچی گرت، کلک بۆر زانی ڕێوی دووژمنی سمۆرەکانە بەلام تازە کار لە کار ترازابوو.

تکایە وازم لێ بێنە با برۆم مەگەر تۆ هاورێ من نەبویت؟

من هاورێی هەموو ئاژەڵانم بەس چی بکەم برسیمە، کلک بۆری خستە سەر زەوی و چنگی خستە سەر سنگی تا دەست بکات بە خواردنی ویستی دەمی بۆ مڵی بەرێت، سمۆرەکان لە سەر دارکانەوە بەرِوو بارانیان کرد وەک نشتەر بر پشت و سەر و گوێچکی دەکەوت دیان وت: وازی لێ بێنە ئەی فێڵباز، ڕێوی بێ دەماخ کە هەر بەردەوام بوو لە کارە ناشیاوەکەی، لە ناکاودا بوونەوەرێکی بە تووانا وەک گێژلووکە بە تەواوی هێزیەوە خۆی پێدا کێشا، ڕێوی هەموو گیانی بوو بە خوێن بە شەلە شەل و هەلات هەلات خۆی دوور خستەوە، ڕێوی ئەوندە ترسابوو کە خواردن و سکی برسی لە بیر چۆوە تەنیا بیری لە قوتار بوون لە هێرشی ئەو زیندەورە دەکردەوە لەو ناوچە دوور کەوتەوە.

بەلام کلک بۆر هەر لە سەر زەوی کەوتبوو لە ترسانا تەواوی لەشی دەلەرزی، هاورێکانی لە سەر دارکان هاتنە خوارەوە و چوون بۆلای

کلک بۆر پێویست ناکا بترسی ڕێوی هەلات و ئێتر ناتوانی ئازار بە تۆ بگەیەنێ، تۆ پارێزراوی بەلام بۆ ئامۆژگاری ئەبێ بزانی کێ دۆستی تۆیە و کێ دووژمن، ئێمە هەموومان یەک بنماڵەین و دۆستی ڕاستەقینەی تۆین. کلک بۆر کە لە کردەوەی خۆی پەشیمان بوو. دوای لێ بوردن و سپاسی هەموانیکرد کە منتان لە دەستی ئەو فێڵ بازە ڕزگار کرد بەلام ئەو بونەورەی منی ڕزگار کرد کێ بوو؟ ئەوە دایکە ژیشکە ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان بێچوەکانی بوونە قووربانی بۆیە ئاوا لێی بە داخ بوو ئێمە سپاسی ئەو دەکەێن دەرسێکی وای بە ڕێوی دا جارێکی کە لەم ناوچە نزیک نەبێتەوە،کلک بۆریش بەلێنی دا لەو جورە ڕووداوە دووپات نەکاتەوە.

## دیسان باران (باز باران با ترانه )

چێژی ئەم شێعره له شێعری (بازباران)ی "گوڵچینی گیلانی" وەرگیراوه.



وەرگێڕ سەعدەددین خوسرەوی، بۆکان

دیسان باران بەگۆرانـی
بەگرمەگـرمی هەورانــی

بەخرمەخرمی سەربانی
هاڕەی پلووسکی کۆلانی
دەمبا بۆ سەیرانی جوانی



بۆمەڵبەنـدی کـوردەواری
ناو خێڵ و تاوڵ و هـەواری

بەرەو چۆم و دەشت و چیا
بۆ نـاو باغ و گـوڵ و گیا

ویـرەویـر، بانگەواز دەکەم
خێراخێرا خۆم ساز دەکەم

له تەمـەنی ده ساڵانه
به هەنگاوی مناڵانـه

دێم وەدەچم تاسکەتاسک
هەڵــدەبـەزم وەکوو ئاسک

گوێ ڕادەگرم بۆ دەنگەکان
ورد دەڕوانم له ڕەنـگەکان

دەچمە سەیری دیمەنەکان
جریوەو جیکەی باڵندەکان

شنەی باو سەمای دارەکان
هاژەی چۆم و ڕووبارەکان

شێوەی زەریا و شەپۆلـەکان
پێکەنینـی  بووارەکان
زردەپەڕی ئێـوارەکان
دەنک دەنک تـکەی باران
نازدەکەن ڕوومەتی زەوی

چـرۆ و گەڵا، گوڵوگیا
پێدەکەنن، خەویان ڕەوی

زەوی گوڵـی له سەرداوه
مانگ چارشێوی فڕێداوه
ئاسمان بۆ سەیـر وەستاوه



هاتـووچۆیه، کێبرکێیه
بەزمه، سەماو هەڵپەڕکێیه
هەستم شانۆی شێعری پێیه

گۆرانـی دەڵێـن ئەستێره
هەموو جوانـی ئەوا لێره

ئۆخەی چەنده جوانه باران
خۆرئاوا نیزیک ئێواران

دەڕازێنێ لادێ و شــاران
دەبنه حاجی چیــا و داران

به نۆره دێن هەور و هـەتـاو
ڕوونتر دەبێ ڕووناکی چاو
خۆشــی له دڵ دەکا کەلاو

ئاسمان دەم به پێکەنینه
زێڕەوشانی بووکی ژینه

سەرنـج بده، ورد بڕوانه
وێنەی خودایـی ببینه

مناڵەکان، کچان،کوران
ژن و پیاوی سبــەی ژیان

تەنگانه بـێ یا فەرعانه
هەنگاو هەڵێنن ژیـرانه
ژین پاراوکەن وەک بارانه

گەش بڕوانن، گەش بڕوانن!
سبەینێی ژین؛
هەمووی جوانه
هەمووی جوانه
هەمووی جوانه.....



## بەردە چە خماخە

بۆکان. عەزیز خەیرئەندیش



من بەردێکی سپی جوانتروبەنرخترم هەربۆیە زۆرتێکەڵاوی ئەوان نەدەبووم
ونەمدەدواندن ڕۆژێک شوانێک منی دیت وهەڵیگرتم وبەمناڵەکەی وت:
ئەوبەردە سپی وجوانت دیوە؟ئەوە بەردی ئاگردانە زەمانی زووشەمچەو چەخماخ نەبوو
مرۆڤەکان بەوبەردانە ئاوریان دەکردەوە ئاورلای ئەوان زۆربەنرخ بوو
بەبیستنی ئەو قسانە ئەوەندەی دیکە لەخۆبایی بووم وئەوجارهەرچاویشم لە جیرانەکانم
نەدەکرد وهەرچەند قسەیان دەکرد هەرجوابیشم نەدەدانەوە وەرزی بەهاردەستی پێدەکرد
وبەفرەکان لەتوانەوەبوون ڕۆژێک هەورێکی ڕەش بەری ئاسمانی گرت وبووبە هەورە بریسکەوشریخە شریخ بارانێکی بەخوڕ
دایداوئاولەلەسەرڕاهاتە خوار توانەوەی بەفرەکانیش تێکەڵ ئاوی باران بوو من وچەندبەردی دیکەی وردودرشتی لەکەڵ خۆی
بردهەمومان بەدەم جۆگەلە ئاوێکدادەڕۆیشتین وتلمان دەخوارد برێک ڕۆیشتین گەیشت



ینە جۆگەیەکی گەورەتر وادیاربووچەندجۆگەلە تێکەڵ ببوون وئاوەکە زۆروبەهێزبوو
وئەوجاربەرد ی زلتری دێنا وتلی دەداولەگەڵمان دەهات دیسان ڕۆیشتین گەیشتینە
ئاوێکی زۆرتر پێیاندەکوت چۆم من تائەلان ئەوناوەم نەبیستبوو گرفە ولرفەی
چۆمەکەیەکجارزۆربوو ئەوزۆربەهێزبوو هەرچی وەبەری دە هات ڕایدەماڵی بەردی گەورە
وزلی بەیەکدادەدا وسەروگۆی دەشکاندن جارجارێمەشیان بێبەش نەدەکردوتیان
دەسرەواندین ئەوچۆمە لیخناوبوو چون وجوان بووم وام هەست دەکردلەبەردەکانی
جیرانم کەهەمووەمان بەلاپالێکەوە بووین دەیانکوت ئاوی سێڵاوی تێکەڵ بووە مەودایەکی زۆرڕۆیشتین وسەروگۆیان پێکدادین
تائەوەیکە چۆمەکە هێوربۆوەوئێمەلەقەراغ یەکترکەوتینە سەرعەرز گێژووربووین ماوەیەک حەساینەوەوپشوومان هاتەوە
بەرخۆ چاوم بەبەردەکانی جیرانم کەوت لەڕووم هەڵنەدەهات قسەیان لەگەڵ بکەم



وشتێکیان لێ بپرسم چون جاران نەمدەدواندن بەڵام نەمدەتوانی کەس نەدوێنم وهیچ
نەپرسم هەربۆیە ڕووم تێکردن وپرسیم ئەرێ ئەوە چبوو ؟چیمان بەسەرهاتوە ؟
ئەوان بە نەرمی جوابیان دامەوە:باران باری و وسیلاوهەستاو ئێمەی هێنا بۆ ئێرە چاوێکم
لەولاوئەولای خۆم کرد بەردی سووروزەردە وسەوزوهەمووڕەنگێکی جوانی تێدابوو ئاوی
چۆمەکە ڕوونتربوو ماسێکان دە هاتن ودەچوون ومەلەیان دەکرد وشتیان دەخوارد
هەرجارناجارێک باڵندەیەکی سپی دندوک درێژ دەهات وماسێکی دەگرت ودەیبرد جارجاریش چەندڕاوچییەک دەهاتن وماسیان
دەگرت ڕۆژێک کابرایەک هات قەرتاڵەیەکی بەدەستەوەبوووپاتۆڵەکەی هەڵکردوهاتە نێوئاوەکە وبەرد سوور وزەرد وسپی
وڕەش وهتدی هەڵدەگرتەوەولە قەرتاڵە کەی دەخست منیشی لە قەرتاڵە کە خست کاری تەواوبووبەرەوماڵ ڕێکەوت دیسان
لەگەڵ بەردەکانی دیکە بووینە هاوسەفەرولە قەرتاڵەیەک دابوون قسەمان دەکردودەمانپرسی بڵێی بۆکوێمان بەرن هەرکەس
شتێکی دەکوت بەڵام نەدەترساین چونکە هەموویێکەوەبووین وبەرچاومان ڕوون بوو گەیشتینە ئاوەدانی و مرۆڤکەلێکی زۆر
کوتیان ئێرە شارە چەندرۆژێک ماینەوەوخاوێنیان کردینەوە ڕۆژی دواتربردیانین بۆ شوێنێکی کەورەوخۆش پێیان دەکوت
عەنتیکە خانە یا مووزە لەوێ لێکیان جیاکردینەوە وهەرکامەمانیان لە نیوقوتویەکی شوشەیی خست و نوسراوەیەکیشیان بە
شوشەکەدا هەڵواسی تائەلان هەرنەماندەزانی چ باسە وبەکوێ دەگەین ڕۆژی دواترونیان ئەمرۆ مامۆستاو قوتابی دین بۆدیتن
وناسینی بەردەکان بەڵێ ئەوڕۆژە کۆمەڵێک قوتابی ومامۆستاکەیان هاتن دەستیان کرد بەچاولێکردن وپرسیار مامۆستا
دەگەیشتە هەربەردێک ناسنامە وچۆنێتی کەڵک لێ وەرگرتن ونرخ وبایخی بۆباس دەکردن
بۆوێنە ئەوەبەردی فیرووزەیەڕەنگی شین وزەرد وزەردی کەمڕەنگە  جۆرێکی هەیە وەکوگرانترین فیروزە دەفرۆشرێ و
ئەنگوستیلەی جوان ورێک وپێکی شاهانەی لێ سازدەکرێ ئەوە عەقیقە ڕەنگی سپی وخۆلەمێشی وسوور وسەوز و ئابی روونە
وەکوشۆوشە بریقەی دێ لە ڕەدەی جەواهیرەکانە وزۆربەنرخە ئەوە ئالتوونە وبازنە وئەنگوستیلە وگوارە وپەرەتگ وسەدان
شتی بەقیمەت وپربایخی لێ بەرهەم دێ ئەوە بەردی ئەڵماسە لەهەموان بەنرخترەوقەت تێکناچێ وهەمووشت دەبڕێ کورتی
ببڕینەوە هەرچی باسیان دەکرد زۆربەنرخ بوون وئەگەرلەمن زۆرزیاتروبەبایخترنەبوایەن کەمترنەبوون
ئێستا بەوگەڕان وهاتوچوونە زۆرشتم بۆ ڕوون بۆتەوە لەخۆبایی بوونی من لەڕوویی نەزانی وساویلکەیی خۆمەوەبوو من
ئەوەنە چاوم نەگێڕابووپرسیارم نەکردبوو تاشت فێربم وزانستم بەرمە سەر ئێستاپێکەنینم بە خۆم دێ وعوزرمایی لە ئاواڵە
کانم دەکەم ولەگەڵیان ددوێم وهەڵدەستم ودادەنیشم وهەموویەکترمان خۆش دەوێ

## دووژمنی ڕاستەقینە



ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە



یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، جگە لە خودا لەو ناوە هیچ کەس نەبوو، ڕۆژێ ڕێوێکی پیری فێڵەزان،کە زگی قۆڕەی دەهات لە برسان،لە پەنا مێرگێکی ئاوایی، جووچکێکی دی کە دەگەڕا بە تەنیایی،چینەی دەکرد لە ناو خاک و خۆڵ، ڕێوی لێی چۆ پێشێ بە بۆڵە بۆڵ، تەماشای دەکرد لە قەڵەو و جوانی، دەمی ئاوی کردبوو، دەیلستەوە بە زمانی.

کوتی ـ دەبێ فێڵە بکەم بیخەمە داو وە گەر نا بێتوو هەڵێ بەپیری پێم ناکرێ ڕاو،

وە ئەگەر بزانن سەگەلی دێ، کارم لێ شپرزە دەبێ.

جووچک کە سەری هەڵهێنا و ڕوانێ دەور و بەری خۆی، دیتی شتێک نزیک دەبێتەوە لێی.

کوتی تۆ کێی و چکەسی کاکە، بۆچی بەدنت وا هیلاکە؟؟؟

ڕێوی کوتی ـ ماندوو بووم لە تاعەت و نوێژ سەرم گەرم داهاتووە و بووم گێژ، فاڵگرم و فاڵ دەگرمەوە لە ڕابردوو و داهاتوو هەرچی هەبێ دەدوێم و دەیلێمەوە...

جووچکە کوتی ــ کاکی فاڵ گر دایکم هەر دەڵێ، دووژمنتان زۆرە و ئەگەر وریا نەبن دەکەونە داویان،بەڵام من هیچیان ناناسم ئەگەر دەکرێ فاڵێکم بۆ بگرەوە و پێم بڵێ ناویان.

ڕێوی کە دیتی فێڵەکەی کەوتۆتە جێ، کوتی:خۆ هەر وا سووک و ئاسانیش نییە، من کە دایم دەس بە دەسنوێژم و خاوێن، تۆ بێ گومان نازانی دەسنوێژ و تاعەت چۆن دەکرێن،وەرە دەچینە قەراغ چۆمی و تۆش دەسنوێژە بگرە وەک من و پێکەوە دوو ڕەکات نوێژان دەکەین و پاشان ئاگادارت دەکەم لە دووژمن.

بەم چەشنە ڕێوی لە پێشێ و جووچکە لە دواوە بەرەو چۆمی ڕۆیشتن و ڕێوی جار جار بزەیەکی دەهاتێ و ئاوڕی لێ دەداوە،

لە قەراغی چۆمی ڕاوەستان و ڕێوی کوتی:وەرە دەسنوێژەکەت هەڵگرە،با بزانین خودا چیمان بە سەر دێنێ؟؟؟!!



هەرجووچکە دەندووکی لە ئاو نا ڕێوی لە پشتەوە پڕی دا سینگی وکوتی ـ دووژمنی گەورەتان ڕێوییە و ئیتر بەرەو دەشتێ هەڵات.

جووچکە کە پشووی لێ بڕابوو، بە ناڵە و نووزە کوتی:

وامزانی دڵسۆزیەکی و پاک،
مرۆڤی لە خوا ترسی و چاک،
نەمزانی کە دووژمنم تۆی
بە درۆ سوێندم بۆ دەخۆی
پەندی پێشوویە زۆر جوانە
بۆ وریا بوونی هەمووانە
کەسێ کە نەتناسی کێیە
بۆی مەچۆ بۆ هەموو جێیە
دووژمن بە هەزاران ڕەنگە
دەهۆکارە و بە نەیرەنگە
تۆ کە نەیناسی دووژنت
خەنجەری دەبڕێ گەردنت.